وتـوویـژێـک لـەگـەڵ

بەرێز عەبدوڵڵا حەسەن زادە

سکرتێری گشتیی

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

# بە مەبەستی روونکردنەوەی راستـی‌یەکان

تیشك خستنە سەر هێندێك

رووداوی سیاسی کە

گۆڤاری "چشم انداز ایران"

راستی‌یەکانی پێوەندیدار

بەوانی شێواندوە

ئامادە کردنی :

کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

# لــه بــارەی ئــەم نامیلکــەیــەوە

گۆڤاری "چشم‌انداز ایران" کە لە ژێر بەرپرسایەتی‌و بەڕێوەبەریی ئاغای "لطف‌الله میثمی"دا دەردەچێ، ژمارەی مانگی خاکەلێوەی ١٣٨٢ی خۆی بۆ هێنانە بەرباسی لایەنە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردو رووداو و ئاڵوگۆڕەکانی پێوەندیدار بە کێشەی کورد لە ئێراندا، تەرخان کردوە.

"چشم‌انداز ایران" لەگەڵ ژمارەیەك کەسایەتیی سیاسی‌و فەرهەنگیی کوردو ئێرانی کە زۆربەیان لە یەکەم ساڵەکانی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی‌دا بە جۆرێك لە جۆرەکان پێوەندییان بە رووداوەکانی کوردستانەوە هەبوو، وتووێژی پێك هێناوە. لەو وتووێژانەدا رەوتی رووداوەکانی کوردستان لە ساڵانی یەکەمی بەدەسەڵات گەیشتنی رێژیمی ئیسلامی‌داو، زەمینەو هۆیەکانی پێکهاتنی شەڕو تێکهەڵچوونەکان‌و هەڵوێست‌و سیاسەتی ئەوکاتی دەوڵەت‌و لایەنە پێوەندیدارەکان، کەوتوونە بەرباس. دیارە لەگەڵ ئەو بابەتانەدا، چۆنیەتیی سەرهەڵدان‌و گەشەکردنی ناسیونالیزمی کوردو، کۆمەڵێك رووداوو ئاڵوگۆڕ لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد بە تایبەتی لە کوردستانی ئێراندا قسەیان لەسەر کراوە.

ئەگەرچی بایەخدانی گۆڤارێکی سیاسیی نێوخۆی ئێران بە مەسەلەی نەتەوایەتی لە کوردستان‌و، تەرخان کردنی ژمارەیەکی خۆی بۆ باس‌و لێدوان لە بارەی رووداوەکانی قۆناغێکی گرنگ لەو کێشەیە، هەنگاوێکی رچەشکێنانەو کارێکی ئازایانەیە، بەڵام بەداخەوە دوو راستی، لە نرخ‌و گرنگیی ئەم هەنگاوەیان زۆر کەم کردۆتەوەو تەنانەت هێناویانەتە ژێر پرسیار کە بریتین لە: ١ـ هەوڵی بەئاشکرای رێکخەری ئەو وتووێژانە بۆ چووك نیشاندان‌و کەم ئەهمییەت نواندنی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردو حیزبی

دیموکراتو روانینی ڤین له دڵانەی له گەلی کورد ٢ـ خۆسانسۆر کردنی ئەوانەی وتووێژەکانیان لەگەڵ کراوە.

ئەمانە وایان کردوە کە بەداخەوە زۆر لە راستی‌یەکان بشێوێندرێنو بە پێچەوانە نیشان بدرێن. بە مەبەستی روونکردنەوەی ئەو راستی‌یانە، کۆتایی بەهاری رابردوو وتوویژێکمان لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزب هاورێ عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە، پێك هێنا. ئەو وتووێژە کە بە شێوەی CD بڵاوبۆوە، لەلایەن ئۆگرانی حیزبی دیموکراتو دڵسۆزانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی گەلەکەمانەوە پێشوازی‌یەکی زۆری لێ کرا. لەو پێوەندی‌یەدا کۆمەڵێك لە دۆستانو دڵسۆزان پێشنیاریان کرد کە دەقی ئەم وتووێژە دابەزێنرێتە سەر کاغەزو وەك نامیلکە چاپو بڵاو بکرێتەوە تا بەم جۆرە بە شێوەی نووسراوەش لە دەست ئۆگراندا هەبێو ئەوانەش کە کاری لێکۆڵینەوەو نووسین لەو بارەوە دەکەن، باشتر بتوانن کەلکی لێوەربگرن.

بەو هۆیەوە کە پێشنیارەکەمان پێ باش بوو، جێبەجێمان کرد کە بەرهەمەکەی ئەو نامیلکەیە کە ئێستا لەبەر دەستتان دایە.

کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سەرماوەزی ١٣٨٢

**پرسیار: بەڕێز مامۆستا! هەروەك ئاگادارن بلاڤۆکی سیاسی ـ ڕاهبوردیی "چشم انداز" یەکێك لە ژمارەکانی خۆی کە لە مانگی خاکەلێوەی ١٣٨٢دا بلاو بۆتەوە، بۆ باس لە سەر کێشەی کوردو بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا تەرخان کردوەو لەم پێوەندییەشدا وتووێژ لەگەڵ ئاغایان دوکتور ئەحمەدی سەدری حاج سەید جەوادی، ئیبراهیم یوونسی، عیزەتوڵڵا سەحابیو هاشم سەباغیان، فاررووق کەیخوسرەویو ئیحسان هوشمەندا کراوەو لەو وتووێژەدا ویستوویانە ڕاستییەکان بشێوێننو بە خەیاڵی خاوی خۆیان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە نوێنەری ڕاستەقینەی بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دایە، لە بەر چاوی خەڵکی کوردستانو گەلانی ئێران بخەن. هەروەها بە مانشێتێکی گەورەش نووسیویانە: "کردستان همیشه قابل کشف". یانی مەبەستیان ئەوەیە وا پێشان بدەن کە خەڵکی کوردستان کەڕو کوێرنو دەبێ ئەوان زەحمەت بکێشن کوردستان بە خەڵکی کورد بناسێنن. بە بۆچوونی بەڕێزتان بۆچی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو هەلومەرجەدا کە ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاستی گرتۆتەوەو بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا بە قۆناغێکی زۆر ناسکدا تێپەر دەبێ، کەوتۆتە بیری بلاو کردنەوەی ئەو جۆرە بابەتانە؟**

وەلام: لەگەڵ سپاس، بۆ خۆم ئەو مەجەللەیەم دیوە، بەشی زۆریشیم خوێندۆتەوە. پێش هەموو شتێك پێم خۆشە ئەوەی بڵێم کە بەش بە حاڵی خۆم "صرفنظر" لەوەی کە ئەوان نیازیان لە پێکهێنانی ئەو ریزە وتووێژە چیە، ئەمن ئەوە بە شتێکی باش دەزانم. هەر ئەوە کە جمهووریی ئیسلامی سەرباری ئەوەی هەمیشە حاشا لە بوونی کوردو مەسەلەی کورد لە ئێرانیدا دەکا، ئێستا ناچار بووە یان ناچار کراوە ڕێگا بدا یەك ژمارەی تایبەتی لە بلاوکراوەیەك تەرخان بکرێ بۆ باس لە سەر مەسەلەی کورد، ــ هەر نیازێکی هەیە ـ ئەمن بارێکی باشو موسبەتی تێدا دەبینم. چونکە نیشانەی ئەوەیە مەسەلەی کورد لە ئێرانیدا مەسەلەیەکی ئەوەندە گرنگە کە ئەوان ناتوانن پشتگوێی بخەن. ئەگەر بشیان هەوێ، بیروڕای گشتیی ئێرانو بەتایبەت بیروڕای گشتیی کورد ئەوەیان لێ قبوول ناکا. بۆیە مەجبوورن لە ژێر فشاری واقیعییەتدا مل بۆ ئەوە راکێشن کە باسی مەسەلەی کورد بە شێوەیەکی ئاوا بەربلاو لە بلاوکراوەیەکدا کە لە سەتحی سەرتاسەری ئێرانیدا بلاو دەبێتەوە، بێتە گۆڕێو قسەی لێ بکرێ.

لە سەر ئەو وتووێژانە پێم خۆش بوو دوو شت بڵێم: یەکەمیان ئەوە کە ئەو کەسەی وتووێژەکانی تەرتیب داون، چ ڕاسپێردرابێ، چ بە قەولی کوردەواری بە گاڵتە دەڵێن "فی سبیل اللّه" بێ، هەموو هەوڵی ئەوەیە بزووتنەوەی کوردو بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەوەندەی بۆی دەکرێ ـ کە بە نەزەری من هەوڵێکی نەزۆکە ـ لە پێش چاوی بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێرانێ، تەنانەت ئەگەر بۆی بکرێ لە پێش چاوی

بیروڕای گشتیی خەڵکی کوردستانی ئێرانیش چووك بکاتەوەو کەم ئەهەمییەتی بکا. یەعنی بە ئاسانی لێی دەخوێندرێتەوە کە بە چاوێکی ئەگەر نەڵێم دوژمنانە لانیکەم موغریزانەوە تەماشای مەسەلەکە دەکاو لێی دەدوێ. شتی دووهەم کە پێم خۆش بوو لەو بارەیەوە بیڵێم، ئەوەیە کە سێبەری سانسۆر یا خۆسانسۆرکردن بە سەر قسەی هەموانیاندا ـ ئەوانەی قسەیان لەگەڵ دەکرێ ـ زاڵە. یەعنی هەموویان هەوڵ دەدەن قسەکانیان جۆرێك بن کە لە جمهووریی ئیسلامی دا نەکێشرێنە پای حەق‌و حیساب‌و لێیان نەپرسرێتەوەو موشکلیان بۆ ساز نەبێ. دیارە لە یەکێکەوە بۆ یەکێك فەرقێ دەکا، ڕەنگە ئی واشیان تێدا بێ کە هەر بە دڵەوە بۆ خۆی لەو خەتەدا بێ‌و پێی خۆش بێ خەراپەی کورد بڵێ، خەراپەی بزووتنەوەی کورد بڵێ‌و لەوانیش تایبەتی‌تر خەراپەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بڵێ. بەو حاڵە دەگەڵ هەمووی ئەوانە وەك گوتم ئەمن ئەوە بە شتێکی موسبەت دەزانم.

**پ: بەڕێز مامۆستا! کەسێك بە ناوی ئێحسانی هووشمەند لەو وتووێژەدا بۆ ئەوەی بە خەیاڵی خۆی ڕیشەدار بوونی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد بخاتە ژێر پرسیارەوە، دەڵێ کە بزووتنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی نەبووە چونکە مانیفێست‌و بەرنامەیەکی سیاسیی بە شێوەی نووسراو، نەبووەو کێشەی کورد لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیدا لە سەر مالیات بووەو عوسمانی‌یەکانیش لەو پێوەندی‌یەدا دنەیان داون. هەروەها لە بەشێکی دیکەی ئەو وتووێژەدا ناوبراو دەڵێ کە بزووتنەوەی سمایل ئاغای سمکۆ جووڵانەوەیەکی ئێلی عەشیرەتی بووە. چونکە شاری مەهابادی تاڵان کردوە، لەگەڵ شێخ مەحموددا هاوکاریی نەکردوەو لە سەرکوتی بزووتنەوەی ئاراراتدا یارمەتیی تورکە لاوەکانی داوەو دەڵێ کە دوکتور قاسملوو، سمکۆی بە باوکی ناسیۆنالیزمی کورد لە کوردستانی ئێراندا لە قەڵەم داوە لە حاڵێکدا سمکۆ شایانی ئەو نازناوە نیە. هەروەها لە بەشێکی دیکەی هەمان وتووێژدا لە سەر ئەوە پێ دادەگرێ کە هاوکات لەگەڵ جووڵانەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری‌و ڕاپەرینی سمکۆدا وڵاتانی ئینگلیس‌و ئەمریکاو رووسیە دەستیان خستۆتە نێو کاروباری کوردستان‌و کێشەی کوردەوە. بۆچوونی بەڕێزتان سەبارەت بەو قسانەی کە ئاماژەیان پێ کرا چیەو تا چ ئەندازەیەك ئەو بە نێو بەڵگانەی کە ئەو کەسە خستوونیە ڕوو لەگەڵ راستی‌یە مێژوویی‌یەکانی ئەو کات‌و ئێستەی کوردستاندا یەك دەگرنەوە؟**

و: خوێندنەوەی وتووێژەکەی "ئەو دۆستە"! نیشان دەدا کە ئەو پیاوە خۆی ماندوو کردوە، موتالیعاتی هەیە لە بارەی مەسەلەی کوردو مەسەلە تاریخی‌یەکانەوە. بەڵام هەر لەو کاتەدا دوو شتی دیکەی لێ دەخوێندرێتەوە: یەکەم ئەوە کە خوێندنەوەکەی زیاتر یەك جیهەتەیە، یەعنی ئەو شتانەی خوێندوونەوە لە سەر مەسەلەی کورد کە لە ئێرانێ بڵاو بوونەوەو لە ئێرانێ ڕێگای چاپ کردنیان پێ دراوە. خوێندنەوەکەی وا دیارە زیاتر لەو خەتە دایە. دووهەمیش ئەوەیە بمانەوێ‌و نەمانەوێ هەوڵێکی هەیە کە بزووتنەوەی

میللەتەکەی خۆی ـ چونکی ئەوەندەی ئەمن بزانم کـوردە ـ لەکـەدار بکـا بـۆ ئـەوەی ئێحتیمالـەن نـەزەری موافیقی کاربەدەستانی ئێرانیٚ بۆ لای خۆی رابکێشیٚ. ئەو دوو شتەی تێدا دیارە.

لە بارەی پرسیارەکەوە ئەوەی مەربووتە بە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، لە نێو هـەموو ئەوانـەدا کـە بـۆ بزووتنەوەی کورد هەوڵ دەدەنو تیٚدەکۆشن یا کـوردیش نـینو لـە دەرەوەی کوردسـتانەوە مەسـەلەی کـورد دەبینن، شێخ عوبەیدوڵڵا لە رەئسی ئەوانە دایە کە لە داوای مەتالیبی میللەتی کورددا ڕادیکاڵترن. رەنگـە ئەوە راست بیٚ کە شێخ عوبەیدوڵڵا مانیفێستو بەرنامەیەکی بە شێوەی ئەمرۆی نـەبووە، ئـەویش شـتێکی سەیر نیە، [چونکە] لە قەرنی نوزدە دایە. ئێستیٚ ئێمە لە قەرنی بیسـتو یـەكدا دەژیـین، فـەرقێکی زۆری هەیە. بەڵام نەك هەر وەکوو دەڵیٚ بزووتنەوەیەکی عەشـایری نـەبووە، بـەڵکوو بزووتنەوەیـەکی زۆر ئەسـیلی کوردی بووە کە مەتڵەبو داخوازی زۆر ڕادیکاڵتر لە ئێستای حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی بـووە. دیـارە ئەمن پێم وایە ئەوەی ئێستیٚ حیزبی دێموکرات هەیەتی، واقیعبینانەترە، لێکدانەوەیەکی سیاسیو عەسریی دەگەڵە بۆیە ئاوایە. ئەو وەختی رەنگە ئەو تەحلیلو لێکدانەوەیە نەبووبیٚ، بەڵام بە هەر سووڕەت لەو بارەوە ئەو زۆر ڕادیکاڵترو قووڵتر دەڕوانێتە مەسەلەی کورد. ئەوە با هەر لە زمانی هێندێك کەسەوە بڵـێین کـە لـە دەورەی شێخی عوبەیـدوڵڵادا قسـەیان کـردوە. مەسـەلەن "لـۆرد کـوروزۆن" دەڵـیٚ: "شـێخ (یـانی شـێخ عوبەیدوڵڵا) وەك رێبەرێکی کورد ریٚزی لیٚ دەگیرا، لە ڕاپەراندنی کاروبارەکـاندا یـەکجار بـە توانـا بـوو". دەڵیٚ: "لە نێو کورداندا دەکرا بڵێی پادشایەکی چووکەڵەیە."

گومانیش لەوەدا نیە کە خەونی بە سەربەخۆیی کوردستانەوە دەدی. شێخ یەکەم رێبەری کورد بـووە لـە سەدەی نوزدەدا کە لە رێگای دیپلۆماسییەوە هەوڵی چارەسەر کردنی مەسەلەی کـوردی داوە. رەنگـە ئـەوە جوابی ئەو بەشەشی تێدا بیٚ کە ئەو دەڵیٚ ئینگلیسو رووسو هی دیکە لەو رێگایەوە هاتوون. بەڵیٚ هـەوڵی داوە لەو دنیایەدا دۆستو پشتیوان بۆ مەسەلەکەی پەیدا بکا. پێوەندیی بە رووسانەوە گرتـوە، پێوەنـدی بـە ئینگلیسانەوە گرتوە بۆ ئەوەی مەسەلەکەی حاڵی بکا لە دنیای دەرەوە. تەنانـەت لـە موقایسـە لـە بـەینی رووسو ئینگلیسدا شتێك دەڵیٚ نەوعێك هوجوومی بۆ سەر ئینگلستان تێدایە، رووسـەکانی پـیٚ ئـازاترنو پێی وایە دەبیٚ هەوڵ بدا حیمایەتو پشتیوانیی رووسەکان بۆ لای خۆی جەزب بکا. دەتـوانین بڵـێین لـە بـەر ئەوەشە کە ڕووسیە لە بن دەستییەوە بووە، بەڵام ئینگلیستان دوورە. رەنگە ئەوەشی تێدا ببیٚ. یا مەسەلەن نووسەرێکی دیکە دەڵیٚ: شێخ پێشەوایەکی کوردە کە لە سیاسەتی نێودەوڵەتان شارەزایە. یـەعنی حیسـاب بکە لە قەرنی نوزدەدا، رێبەرێکی کورد، رێبەری بزووتنەوەیەکی کوردی ئەو قەزاوەتەی لە سەر بکریٚ کە لـە سیاسەتی نێودەوڵەتان شارەزایە. مەعلومە شێخ خاوەن موڵك بووە، شێخ لە باری مەزهەبییەوە شێخ بووە،

موتەنەفیز بووە، مریدی هەبووە، هەمووی ئەوانەی تێدایـە راسـتە، بـەڵام لـە عـەینی حـاڵدا ئینسـانێكی تێگەیشتوو بووە كە پێی وابووە مەسەلەی كـورد وەكـوو شـتێكی تـەنهاو موجـەررەدو لـە چوارچـێوەیەكی تەسكدا ناتوانێ مەترەح بێ، بەڵكە لە سەتحێكی جیهانیدا دەبێ هەوڵی بـۆ بـدرێ. تەنانـەت بـۆ خـۆی لـە نامەیەكدا كە بۆ "كوچران"ی دەنووسێ كە رێبەرێكی ئایینیی ئەمریكاییەكان بووە لە ورمـێ، دەڵـێ بـێ راپەرین مومكین نیە كوردان ئازادی وەدەست بێنن. ئازادی یەعنی چی؟ یەعنی ئـازادی لـە قەیـدو بەنـدی حاكمییەتی دەسەڵاتدارانی غەیرە خودیو بێگانە. نووسەرێكی دیكە دەنووسێ ئەو بزووتنەوەیـەی كـە شـێخ دەیهەوێ رێبەرایەتیی بكا، نیازی لەتكردنی ئیمپراتۆریی عوسمانیی هەیەو ئەگـەر ئـەوە سـەری بـۆ بگـرێ، عەرەبەكانیش داوای مافی جیابوونەوە دەكەن. یـەعنی خەتـەرە لـە سـەر ئیمپراتـۆریی عوسـمانی، چـونكی ئیمپراتۆریی عوسمانی شامیلی بەشێكی زۆر لە وڵاتانی عەرەبییشە.

فەرماندەیەكی نیزامیی رووسیش لە نامەیەكدا بۆ رەئیسی ستادی لەشكری رووسی لە قەفقازێ، دەڵـێ: شێخ دەیەوێ لە توركیە جیا بێتەوەو سەربەخۆیی تەواو رابگەیەنێ. شێخ دەیەوێ لاواز بوونی دەوڵەت وەكوو دەرفەتێك بە كار بێنێ، بۆ وەدیهاتنی ویستەكەی خۆی. ئەوە راسـتە توركـەكان پێیـان ناخۆشـە، دەوڵـەتی عوسمانی پێی ناخۆشە، بەڵام نیشانەی زیرەكیی ئەو رێبەرە كوردەیە كە دەیـەوێ لـە فرسـەتێك كـە هاتۆتـە پێشێ ئیستیفادە بكا. لە پاشان ئەو [احسان هوشمند] دەڵێ، [ راپەرینی شێخ عوبەیـدوڵڵا] لـە سـەر بـاجو خەراج بووە! ئەگەر شتی خوێندبێتەوە، پەیرەوانی شێخ عوبەیدوڵڵا دەڵێن ئێمە حازر نیین خـەراج بـدەین بـە دەوڵەتی تورك، یا بە دەوڵەتی عوسمانی، هەر وەك هەمیشە خەراج دەدەین بە شێخ، یانی چی؟ بەشـێوەیەكی سەرەتایی ئەوە راست ئیستقلال خوازیيە. یانی ئەو دەڵێ من خەراجو بـاج نـادەم بـە دەوڵـەتێكی بێگانـە، دەیدەم بە دەوڵەتێكی خۆم. سەرپێچی لەوەی باج بدرێتە دەوڵەتێكی بێگانە، بۆ خۆی نـەوعێك سـەربەخۆیی خوازیيە. كەوابێ ئەو هەوڵە بە هیچ جۆر ناتوانێ لە قەدری شـێخ عوبەیـدوڵڵا وەكـوو رێبـەرێكی گـەورەی نەتەوایەتیی كورد كەم بكاتەوە.

لە پاشان لە بارەی مەرحوومی سمكۆیەوە، زۆر بە هاسانی دەكرێ ئێمە لە رێبەرانی كورد، لە هەر كـەس بمانەوێ، حەتتا لە رێبەرانی كورد لـە نیـوەی ئـاخر لـە چـوار یـەكی ئـاخری، لـە دەیـەی ئـاخری سـەدەی بیستەمیشدا رەخنە بگرین. ئینسانی بەری لە كەموكووڕی لە دنیایەدا نەبووەو لە ئایەندەشدا نابـێ، ئـەوە شتێكی دیكەیە. بەڵام هەر كەس لە چوارچێوەی دەورانـی خـۆیدا دەبـێ سـەیر بكـەین. رەنگـە هێنـدێك تەسەڕووفی سمكۆ بۆ ئێمەش جێگەی تەئەسوف بن. مەسەلەن هەر ئەوەی كـە ئـەو باسـی دەكـا، تـاڵان لـە مەهابادێ یان بێڕەحمییەك كە بوویەتی. هەر چەند ئەو بێڕەحمییانە ئێستا لە قەڕنی بیستو یەكـەمدا زۆر جار لە دەوڵەتانی دەبینین، لە حەرەكەتی بە ناو ئازادیخوازانەش كە بێڕەحمیی لەوە زیـاتر دەكـەن دەرحـەقی دوژمنەكانیان، هەر ئێستاش دەبینین. بەڵام لە عەینی حاڵدا ئەمەیان بـۆ مـن وەكـوو شەخسـێك، جێگـەی

داخە كە دەبوو نەبێ. بەڵام ئەوە نەفیی ئەسڵی قەزیە ناكا. پاشان ئەوەم پێ سەیرە كە ئەو دەڵێ حازر نەبووە لەگەڵ شێخ مەحموود ڕێك كەوێ، عەكسی ئەوە، ئەو سەردانی شێخ مەحموودی كردوە. ئەو وەكوو ڕێبەرێكی زۆر زیرەك لەگەڵ ئەوەی لە باری خوێندەوارییەوە نەگەیشتۆتە ڕادەی شێخ مەحموودی نەمر، بەڵام ئینتقادی لێ دەكا، دەڵێ دەوڵەتداری ئاوا نابێ. پێم خۆش نیە "انتقاد"ەكانی ئێستا لێرەدا باس بكەم، ڕێنوێنیی [شێخ مەحموود] دەكا كە چۆن ڕەفتار بكاو حازرە هاوكاریی لەگەڵ بكا، حەتتا بچێتە ژێر فەرمانی شێخ مەحموود مەلیكی كوردستانەوە.

لە سەر ئەوە كە دوكتور قاسملوو سمكۆی بە باوكی ناسیۆنالیزمی كورد زانیوە، ئەمن بەش بە حاڵی خۆم ئەگەر ئیعتیراف بە گوناهیش بێ، ئیعتراف دەكەم كە شتی وام نەدیوە. لە هیچ نووسینێكی دوكتور قاسملوویدا ئەمن نەمدیوە كە ئەو بڵێ سمكۆ باوكی ناسیۆنالیزمی كوردە. بەڵام بە بێ شك، سمكۆ لەگەڵ ئەوەی عەشیرەتی بووە، لەگەڵ ئەوەی ئاغا بووە، لەگەڵ ئەوەی ئیشتیبا لە كارەكانیدا هەبووە، ڕەنگە خشونەتو بێرەحمی لە ڕەفتاریدا بینرابێ، لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا، سمكۆ یەكێكە لەوانە كە [ بیری] ناسیۆنالیزمی كوردیان هەڵگرتوەو هەوڵیان داوە لە پەرەپێدانیدا. یەكێك لە "انتقاد"ەكانی [احسان هوشمند] ئەوەیە كە دەڵێ، نامەی بەحورمەتەوە نووسیوە بۆ ڕەزاخان. ئەوە ڕاستە. بەڵام نامەنووسین لەجێدا دەبێ وابێ. مەسەلەن ئەمن لە ڕێبەرێكی گەورەی كورد، مەلا مستەفا بارزانی نموونەت بۆ بێنمەوە كە هیچ كەس شك لەوەیدا ناكات كە مەلا مستەفا بارزانی ڕێبەرێكی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی كورد بووە. یەكێ خۆشی دەوێ، یەكێ ناخۆشی دەوێ كەیفی خۆیەتی ـ بەڵام ئەوە شكی تێدا نیە. كاغەزی نووسیوە زۆر لەوە بەحورمەتتر بۆ مەسەلەن عەبدولكەریم قاسم. حەتتا وەختێك پێی دەڵێن زەعیم، دەڵێ ئەمن زەعیم نیم، زەعیم عەبدولكەریم قاسمەو ئەمن سەربازی عەبدولكەریم قاسم. دەیەوێ "حسن نیت" لەگەڵ ڕەئیسی دەوڵەتی وڵاتەكەی بە خەرج بدا، حورمەتی بۆ قایل بێ یان مەسەلەن لە بارەی قازی محەممەدەوە، هەر ئێستا وەكوو شوعار دەینووسن، پارتییەكانیش دەینووسن كە دەڵێ: "ئەمن پێشمەرگەیەكم لە كۆماری كوردستاندا"، لە حاڵێكدا قازی محەممەد هیچ وەخت بە چاوی پێشمەرگەیەكی سادە تەماشای مەلا مستەفای نەكردوەو ئەوەندەی مەلا مستەفا حورمەتی بۆ وی داناوە ئەویش ئەوەندە حورمەتی بۆ مەلا مستەفا داناوە. یەعنی ئەوانە نابنە نوختە زەعف بەڵام دیسانەكە ئەو سوئالە دێ و ڕەنگە چەند جاری دیكەش ئەو سوئالە بۆ من بێتە پێش كە چۆن كەسێك كە كوردە، ئەوەندە هەوڵی هەیە بە كونو كەلێنی كۆنە كتێبی نووسراو ـ ئیحتیمالەن بە دەستی موخالیفانی كوردیش ـ دا بگەڕێ، تا نوختە زەعفێك لە سەر بزووتنەوەی كوردو لە سەر ڕێبەرانی بزووتنەوەی كورد وەبینێ! ئەوە جێی داخەو جێی پرسیاریشە.

**پ: مامۆستا! هەر ئەو ئیحسانی هووشمەندە لە بەشێکی وتووێژەکەیدا باسی ئەوە دەکا کە ناسیۆنالیستە کوردەکان بەو شێوە کە دەبێت باسی ڕاپەرینی مەلا خەلیلی مەهابادی ناکەن کە ئەویش ڕاپەرینێك بووە دژی رەزاخانو نایانەوێ زەقی بکەنەوە. بەڵام ڕاپەرینی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهریو سمایل ئاغای سمکۆ زەق دەکەنەوە. ئایا بە ڕای جەنابتان حەرەکەتی مەلا خەلیل لە مەهاباد دژی "کشف حجاب" دەتوانین بەراورد بکەین لەگەڵ ڕاپەرینی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری یان سمایل ئاغای سمکۆو هۆی چیە کە ئێحسانی هووشمەند ئەوەندە تەئکید لە سەر ڕاپەرینی مەلا خەلیل دەکا؟**

و: بەڵێ راپەڕینی مەلا خەلیل راپەڕینێکی رادیکاڵی نەتەوەیی نەبوو. هیچ شك لەوەدا نیە. بەڵام لە عەینی حاڵدا راپەڕینی مەلا خەلیل راپەرینێکی "صرفاً" ئیسلامیو ئاینییش نەبووە. چونکە ئیشارەت بەوە کرد کە ئەو راپەڕینە لە دژی "کەشفی حیجاب" بووە. ئەگەر لە دژی کەشفی حیجاب با، دەکرا پێی بڵێی کە "صرفاً" شتێکی ئایینییە. لە حاڵێکدا وا نیە. راپەڕینی مەلا خەلیل زیاتر لە سەر قەدەغەکردنی لیباسی کوردییە. لە پاشان هەر راپەڕینێکی لە دژی حاکمییەتێکی جەببار بێ، خەڵك تەئییدی دەکا، خەڵك بە شتێکی موسبەتی دەزانێ. لە تاریخی میللەتانیشدا هەموو میللەتانی زیندوو وان. هەموو موحاوەلەیەك بۆ رەفعی زوڵم لە سەر خۆی ئەگەر لە میعیارێکی زۆر چووکیش دابێ، لە پارچەیەکی زۆر چووك لە عەرزیشدا بێ، لە ژمارەیەکی زۆر چووك لە ئەفرادی میللەتەکەشیدا بێ، میللەتانی زیندووی دنیایە شانازیی پێوە دەکەنو حورمەتی لێدەگرن. مەلا خەلیلیش بە حوکمی ئەوەی ئەو دیفاعەی کردوە، خەڵکێکی زۆر لە دەوری هاڵاوە، تەنانەت موقاوەمەتی بڵێین حکوومەتی مەرکەزییشی کردوە، بەڵام دیارە لە چوار چێوەیەکی مەحدوودا. ئێمە مەلا خەلیل وەکوو یەکێك لە رێبەرانی گەورەی کورد، وەکوو قازی محەممەدو مەلا مستەفای بارزانیو شیخ عوبەیدیلای نەهریو شێخ سەعیدی پیرانو کێو کێ دانانێین، بەڵام لە عەینی حاڵدا ئەو حەرەکەتە، ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر موخالیفەت لەگەڵ حوکمێکی جابیرانە (داسەپاندنی جۆرێك جلوبەرگ) کە بە میعیارەکانی ئێستاش بڕیارێکی غەددارانەیە، بڕیارێکی غەیرە دیمۆکراتیکە، لەو حەددەدا ئێمەبە شتێکی پیرۆزی دەزانینو قەدری بۆ دادەنێین.

**پ: بەڕێز مامۆستا! لەو گۆڤارەدا هەوڵێکی زۆر دراوە بۆ کەمڕەنگ کردنەوەی بایەخی دامەزرانی کۆمەڵەی "ژ ـ ك"و هەروەها کەمڕەنگ کردنەوەی رۆڵی دامەزرێنەرانو تێکۆشەرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانو دەگوترێ کاتێك کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێك هات، لە نێو ئەندامانی کۆمەڵەی "ژ ـ ك"دا ژمارەیەکی کەم دیپلۆم هەبوونو زۆرترین ئەندامی ئەو کۆمەڵەیە یان حیزبی دێمۆکرات، دوکاندارو بازاڕی بوون؟**

و: ئەوەش بۆخۆی جالبە! دیسانەکە جگە لەوەی ئەو نییەتەی تێدا هەیە کە بزووتنەوەی کوردو رێبەرایەتیی کوردو ئەوە، زەربەی لێبکەوێ، بەڵام بێجگە لەوەش ئەوەی تێدایە کە هەڵسەنگاندنی شتی

تاریخی، شتی مەربووت بە ٥٠ ساڵو زیاتر لە ٥٠ ساڵ لەوەپێش بە میعیارەکانی ئەمڕۆ هەڵدەسەنگێنیٚ! یانی ئەمە چ لە ئەهمییەتی ئەوە کەم دەکاتەوە کە ئەو بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەیە، ئەو بزووتنەوە هوشیارانەیە لە نێو ڕێبەرانی کورد لەو سەردەمەدا هەیە؟! بەڵێ ڕاستە ئەو وەختەی کە بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێرانیٚ لەو مەرحەلەیەدا پەرەی گرتوە، بۆیە دەڵێم لەو مەرحەلەیەدا، چونکی بزووتنەوەی کوردایەتی لە کوردستانی ئێرانیٚ دا ناگەڕێتەوە بۆ دەورانی "ژ ـ ك"و بەس، بەڵکوو زۆر پتر دەچێتە پێشیٚ، یانی مەسەلەن بگەڕێوە بۆ حکوومەتی ئەردەلانەکان. ئەوە بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی‌یە لە میقیاسێکی بچووكدا، بە میعیارێکی مەربووت بە دەورانی خۆی. بەڵێ جا ئەو وەختەی ئەو بزووتنەوەیە بەرپا بوو، لەو مەنتیقەیەش کە فورسەتەکەی تێدا پێك هاتوە، کۆمەڵەی "ژ ـ ك"ی تێدا دامەزراوە، یا حیزبی دیموکراتی تێدا دامەزراوە یان دواتر کۆماری کوردستانی تێدا دامەزراوە، ئەو مەنتیقەیە خوێندەواری، بە تایبەتی خوێندەواری نوێی زۆر تێدا پەرە گرتوو نەبووە. مەسەلەن ڕەنگە ئەو وەختی لە هەموو ناوچەی مەهابادیٚ ئەوانەی کە دیپلۆمیان هەبووە بە قامکی دەست ژمێرابن. لە حاڵێکدا ئەگەر هەر ئەو وەختی ئەو فرسەتە لە سنە پێك هاتبایە، لە کرماشان پێك هاتبایە، زۆر کەسی وایان تێدا بوون کە لیسانسیشیان هەبوو، موهەندیسی زۆریشیان تیٚدا هەبوو، تەنانەت خاوەنی مەدرەکی دوکتوراشیان تێدا هەبووە. ئەوە بۆچی دەبیٚ لە ئەهمییەتی ئەو بزووتنەوەیە، یان ئەو بیرە نەتەوایەتی‌یە کەم بکاتەوە؟ مەسەلەن نموونەیەکت بۆ بێنم ڕێبەری بزووتنەوەی کۆمونیستی لە بولغارستان، تیۆدۆر ژیفکۆف کرێکارێکی سادە بووە بە خۆیو بە گەواهیی شەشەمی سەرەتایی‌یەوە، بەڵام ئێستاشی لەگەڵ بیٚ کە ڕێژیمی سوسیالیستی ڕووخاوە، تیۆدۆر ژیفکۆف وەکوو مرۆڤێکی نەتەوەیی لە بولغارستان قەدری لیٚدەگیریٚو پەیکەرەی بۆ دانراوە. ئەوە ڕەنگە هەر ڕۆڵەکانی کورد بن کە وا بە هاسانی ئامادە بن بۆ "بارك الله"یەکی موخالیفان، یان بۆ گرتنی ژێستێکی ڕووناکبیرانە لەتمە، زەربەو تەعنە لە ڕێبەرانی خۆیانو ڕێبەرانی بزووتنەوەی خۆیان بدەن.

**پ: بەڕێز مامۆستا! لەو وتووێژانەدا، هێندێکیان باس لەوە دەکەن کە هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی کۆمەڵەی "ژـ ك"و حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ئەگەر کوردەکان لە جیاتی هاوکاری کردن لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەتو هەروەها، توودەیی‌یەکان لەگەڵ بزووتنەوەی نیشتمانیی خەڵکی ئێران بە ڕێبەرایەتیی دوکتور مصدق هاوکارییان کردبا، وەزعی گەلی کورد بەو شێوەیەی ئێستا نەدەبوو. بەڕێزتان هەلومەرجی سیاسیی ئەو سەردەمە چۆن هەڵ دەسەنگێنن؟ ئایا بارودۆخ بۆ هاوکاریی بزووتنەوەی کورد و دوکتور "مصدق" لەبار بوو؟ ئایا ڕێبەرانی جیبهەی میللی باوەڕیان بە چارەسەری کێشەی کورد لە کوردستانی ئێرانیٚدا هەبوو؟**

و: ئەساسەن خودی ئەو قسەیە بۆخۆی تێکەڵاوکردنی دوو مەرحەلەی مێژوویییە لە تاریخی کوردستانو ئێراندا. لە دەورانێك دا کە جمهووریی کوردستان پێك هاتوەو پێشتریش کە حیزبی دێمۆکراتو کۆمەڵەی "ژ ـ ك"دامەزراون، بزووتنەوەیەك بە ناوی بزووتنەوەی میللیی دوکتور "مصدق" لە ئارادا نەبووە، تا ئەوان لەگەڵ بزووتنەوەی میللیی دوکتور "مصدق" هاوکاری بکەن. یانی دەورانێکە کە جارێ ئەو "بروز"ی نەکردوە. لە واقیعدا حەرەکەتی دوکتور "مصدق"و بزووتنەوەی نیشتمانیی دوکتور "مصدق" لە ١٣٢٩وە شکڵ دەگرێ نەك لە ١٣٢١ەوە. کۆمەڵەی "ژ ـ ك" لە ١٣٢١ دامەزراوە، حیزبی دێمۆکرات لە ١٣٢٤ دامەزراوە. ئەی کەوابێ ئوسوولەن قسەکە مەترەح نیە لەو وەختەیدا کە پێکەوە بن. بەڵام سەرنج ڕاکێش ئەوەیە بزووتنەوەی کورد لە ئێرانێ هیچ وەختێك لە موقابیل حەرەکەتی دوکتور "مصدق"و بزووتنەوەی دوکتور "مصدق" بۆ بەربەرەکانیی شیرکەتەکانی نەوتو میللی کردنی سەنعەتی نەوتدا ڕانەوەستاوە. هەمسوو بووە. وەختێك کە لە ساڵی ١٣٣٢دا شا مەجبوور دەبێ ئێران بەجێ بێڵێ لە ژێر فشاری ئەفکاری عومووميی ئێرانیدا، مەهاباد کە بە شێوەی سوننەتی بە پێتەختی کۆماری کوردستانو لە پاشانیش بە مەرکەزی بزووتنەوەی کورد ناسراوە، ڕەنگە ئەوە شەرایەتی تاریخی سەپاندبێتیو دروستی کردبێ، مەهاباد زیندووترین شار دوای تارانە، کە حەرەکەتو خۆپیشاندانی دژی شای تێدا وەڕێ دەکەوێ. حەتتا زۆر جالیبە، هەر لەو وەختەدا هێمنی شاعیر، شێعرێکی بۆ دێ کە شێعرێکی مەشهووریەتی کە: "برۆ ئەی شاهی خائین، بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ"، چونکی کە ڕۆیشت چووە بەغدایەو بە کردەوەش بەغدا نیوەی ڕێیەی بوو. لە بەغدا ڕایان نەگرت چووە ئیتالیایە، ئەگەر ئیشتبا نەکەم. یانی قەت ئەو دوو بزووتنەوەیە لە موقابیل یەکدا نەوێستان، "صرفنظر" لەوەی کە جیبهە میللییەکان باوەڕیان بە مەسەلەی کورد وەکوو مەسەلەی کورد چ بووەو چ نەبووە. دیارە ئێمە "ملاحظات"مان هەیە لە سەر سیاسەتی جیبهەی میللیی ئەو وەخت، دواتریش لە مەرحەلەیەکی زۆردا بەرامبەر بە بزووتنەوەی میللی. مەسەلەن لە جێیەك دا گوتراوە کە نازانم بۆخۆت دیقەقتت کردوە یان لە "ضمن"ی پرسیارەکەتدا دێ یان نا، کە دەڵێ دوکتور قاسملوو لە سوخەنرانییەکدا حیمایەتی لە بەختیار کردوە، وەختێکی حکوومەتی شاپووری بەختیار هاتۆتە سەرکار. بە هیچ جۆر شتی وا نیە، بە هیچ جۆر. چونکی بەختیار کە هاتە سەر کار یەکێك لە هوجوومەکانی لە ئەوەڵێن نوتقیدا هوجووم بۆ سەر میللەتی کورد بوو کە دەڵێ ئەمن سوێند دەخۆم لەگەڵ "تجزیەطلبان"و ئەوانەی باسی "خلقهای ایران" دەکەن، موبارزە بکەم. یانی ئێمە بە "تجزیە طلب"و بە کەسانێك ناودەبا کە باسی "خلقهای ایران" دەکەن. ئەمن لەبیرمە ئێمە لە حیزبی دێمۆکراتدا نەزەرمان وابوو کە لەگەڵ ئەو سیاسەتەشیدا، ئێمە موخالیفەتی جیددی لەگەڵ حکوومەتی بەختیاری نەکەین. "بەختیار! بەختیار [نوکر بی‌اختیار]. . ." نەبێتە شوعاری ئێمە، لەبەر چی؟ ڕاست لەبەر دەلیلە سیاسییەکەی. لە بەر ئەوەی خەبات دژی بەختیار ئاسانترە بوو لە خەبات دژی خومەینی. لە پاشان بەختیار داوای دەکرد دەیگوت با ئازادی هەبێ، ئەحزاب

تەشکیل بدەن. سندیکایان تەشکیل بدەن، ئێمە ئیحتیاجمان بە فرسەتێك هەبوو کە تەشکیلاتی حیزبی بەرینتر بکەینەوەو تەوسیعەی پێبدەین‌و لەوبارەیەوە ئیحتیاجمان بە فرسەتێك هەبوو، بۆیە بەربەرەکانێمان نەکرد. بەڵام هەر لەو کاتەدا لە رێگای دۆستێکەوە کە بۆخۆی لە جیبهەی میللیدا بوو، بەڵام کورد بوو ـ شکم لەوەدا هەیە ماوە یان مردوە بۆیە ناوی نابەم ـ ئیعترازمان پێکردو ناردمانە لای کە ئەو قسانە چ بوون؟ بۆ تاریخ بڵێم بەختیار گوتبووی ئەوە ئیشتبا بووە. جارێکی دیکە شتی وا تیکرار نابێتەوە. ئەو وەختەش کە ئەو خۆی بە جیبهەی میللی دەزانی وەکوو بەشێك لە جیبهەی میللی پێمان خۆش بوو لە چوارچێوەی مەنافیعی عومومی ئێرانیدا هاوکاریی بکەین‌و لە عەینی حاڵدا هەوڵ بدەین کە مەسەلەی کوردیش دەرك بکا. یانی تێکراری دەکەمەوە بە دوور لەوە ئایا سیاسەتی جیبهەی میللی بەرابەر بە مەسەلەی میللی لە ئێرانیدا، ـ مەسەلەی نەتەوایەتی، نە مەسەلەی "ملیت" بە مانای ناسیونالیزمی ئێرانی ـ چیە! "صرفنظر" لەوەی سیاسەتی جیبهەی میللی چۆنە، حیزبی دێموکرات‌و بزووتنەوەی کورد قەت لە موقابیل حەرەکەتی نیشتمانپەروەرانەی جیبهەی میللیدا رانەوەستاون.

**پ: مامۆستا! یەکێك لەو کەسانەی وتووێژی لەگەڵدا کراوە دەڵێ: هەڵەیە کە ئێمە کۆمەڵەی "ژ ـ ك" بە کۆمەڵەیەکی ئایینی بزانین. چونکە ئەو کۆمەڵەیە هەم سەربەخۆییخواز بووەو هەم بە توندی لە ژێر کاریگەریی ئیدئۆلۆژیی کومونیستی‌و یەکیەتیی سۆڤیەت دا بووە! بە رای بەڕێزتان بە چ مانایەك کۆمەڵەی "ژ ـ ك" کۆمەڵەیەکی ئایینی بووەو بە چ مانایەك ئایینی نەبووە؟ ئایا کۆمەڵەی "ژ ـ ك" کۆمەڵەیەکی ئیدئۆلۆژی بووە یان نا؟**

و: کۆمەڵەی "ژ ـ ك" ئەگەر واقعبینانە هەڵی سەنگێنین، کۆمەڵەیەك بووە کە لە کۆمەڵی کوردەواری هەڵقوڵیوە. رەنگە بە حیزبی دێمۆکرات ئەو "اتهام"ە بچەسپێ کە "تأثیر"ی لە یەکیەتیی شوورەویی ئەو سەردەم وەرگرتوە، "تأثیر"ی لە تەعلیماتی حیزبە کومونیستییەکان وەرگرتوە. تەنانەت لە فۆرمولەکردنی بەرنامەو ئەساسنامەشدا ئیلهامی لەوان وەرگرتوە. ئەوە مومکینە. بەڵام ئەوە بە هیچ جۆرێك بەکۆمەڵەی "ژ ـ ك"ەوە ناچەسپێ. کۆمەڵەی "ژ ـ ك"، کۆمەڵەیەکی "صرفاً نەتەوایەتی‌و ناسیونالیستی بووە. بەڵام کۆمەڵەیەکی سیاسی ـ ناسیونالیستیی کورد بووە کە لە جامیعەی کوردەواری، "متدین" بە دینی ئیسلام‌و "معتقد" بە بیروباوەڕی دینیدا هەڵقوڵیوە. بۆیە مەسەلەن یەکێك لە مەرجەکانی بە ئەندام بوونی ئەوە بوو کە دەبوو کابرا سوێندی بە قورئان‌و بە خوداو دین‌و مەزهەب‌و لەعەینی حاڵدا بە ئاڵای کوردستان‌و بەو شتانەش خواردبا. یانی ناکرێ بڵێین کۆمەڵەیەکی ئیدئۆلۆژیك بووە. بە هیچ جۆر ئیدئۆلۆژیکی نەبووە. بەڵام لە عەینی حاڵدا ئەفکاری دینی بەسەر زۆربەی بەڕێوەبەرانیدا، تەنانەت زۆر لە ئەندامانیشیدا حاکم بووە.

ئەوە هیچ لە قەدری ئەوان کەم ناکاتەوە. بە هیچ جۆر. سەیریشە لە جێیەك تانە لە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری دەدرێ کە بیروباوەڕی نەتەوەیی نەبووە!، لێرە تانە لە یەکێکی دیکە دەدرێ کە بیروباوەڕی مەزهەبیی نەبووە. چی بەسەر چییەوەیە! خەتی فیکرییەکە وادیارە زۆریش لەسەر یەك ڕەواڵ نارِوا. هەوڵەکە هەر ئەوەیە ڕێبەرانی کورد "طعنە"یان لێ بدرێ. هەوڵ بدرێ کە لە ئەهمییەتیان کەم بکرێتەوە. جا بە هەر جۆرێك کە بووە.

**پ: لەم وتووێژانەدا گوتراوە روون نیە قازی محەممەد بۆچی دەسبەسەر دەکرێو لە سێدارە دەدرێ. چونکە چووە بەرەوپیلی ئەرتەشی ئێرانەوەو ئێمە هیچ بەڵگەیەکی باوەڕپێکراومان لە دەست دا نیە کە قازی محەممەد لە دادگادا چی گوتوە. هەر چەند لایەنگرانی پێشەوا، لەبەر ئەوەی پێشەوایان خۆش ویستوە، هێندێك بەڵگەیان لەو پێوەندییەدا خستۆتە روو. هەروەها دەڵێ کە زۆربەی پێشەوایانی ئایینیی شاری مەهاباد دوای هەرەسهێنانی کۆمار لایەنگرییان لە لەسێدارەدانی پێشەوا کردوە. ناوبراو لەو پێوەندییەدا ناوی مەلا خەلیل، مەلا سەدیقی پێشنەماز، مەلا مەحموودی دەرەبەکی، شێخ عەبدولرەحیمی باقروەند دەهێنێ. تکایە بۆچوونو تێبینییەکانی خۆتان لەو پێوەندییەدا بخەنە ڕوو.**

و: دەڵێین ناکرێ لە تاریخدا باسی ئەگەرو ئەمماو بریا بکەی. چونکی تاریخ ئەوەیە کە بووە نەك ئەوەی ئارەزووی دەکەی. ئەگەر بە ئارەزووی ئێمە بوایە قازی محەممەد بە پیلی ئەرتەشی ئێرانەوە نەدەچوو، پێشوازیی لە ئەرتەشی ئێرانێ نەدەکرد. ئەگەر دەچوو بۆ موقابیلە، بۆ بەربەرەکانی بەرەو پیلی دەچوو. ئەوە بووە. [بەڵام] ئەوە هیچ شتێك لەو حەقیقەتەی کەم ناکاتەوە کە قازی محەممەد نەچووە بۆ پاڕانەوە، نەچووە بۆ نەجاتی گیانی خۆی، ڕاست بەرعەکسی ڕێبەرانی ئازەربایجان، [ڕێبەرانی] حکوومەتی ئازەربایجان [کە ڕایان کرد]. مەبەستم "طعنە" لەوان نیە، بەڵام وەك حەقیقەتێکی تاریخی، ڕاست بۆوە چووە کە خۆی بە قوربانی میللەتەکەی بکا. تەواوی مەسئوولییەت بەرامبەر بەهەرچی لە کوردستان ڕووی داوە، بۆ خۆی تەحەممول بکا. بە بێ ئەوەی تەوەهھوومی هەبێ لەسەر ئەوە کە دەوڵەتی ئێرانێ ئەو دەبەخشێ. بۆ خۆی بە سەراحەت گوتویەتی: مومکین نیە دەوڵەتی ئێرانێ لە یەکێکی وەك من خۆش ببێ. بەڵام ئەمن خۆم بە فیدای خەڵکەکەم دەکەمو مەسئوولییەت لەوڕۆژەدا بە عۆدە دەگرم. یانی ئێمە پێمان خۆش نیە کە ئەوەی کردوە، بەڵام ئەوە حەقیقەتەکەیەتی. لە پاشان ئەوەی گوتراوە ڕاستە. دۆستانی قازی محەممەدو ڕێبوارانی ڕێگای قازی محەممەد ئەوەیان "برجستە" کردۆتەوە، بەڵام هیچی هەڵبەستراو نیە. ئەوەیکە نەقڵ کراوە لە دیفاعییاتی قازی محەممەد، لەو ئەفسەرانە نەقڵ کراوە کە شاهیدی جەریانی موحاکماتی قازی محەممەد بوون، لە قازییەکان نەقڵ کراوە، لە خەبەرنیگارانێکی کەم، نەقڵ کراوە کە لەوەختی خۆیدا توانیویانە ئیتلاعاتێکی هەرچەند کەمیش بووە، وەدەستی بێنن. کابرا (ئێستا ناوەکەی لەم لەحزەیەدا لەبیرم نیە)، دەڵێ بە کردەوە قازی محەممەد دادگای موحاکەمە دەکرد، نەك دادگا، قازی محەممەدی موحاکەمە بکا. ئەوەندە جەسوورانە ئەوەندە

بە "قاطعیت"ەوە دیفاعی لە بیروباوەڕەکەی، لەو کارەی کردوویەتیو لە "حقانیت"ی قەزیـەی میللەتەکـەی کردوە، ئەو مەعدوود نووسراوانەش کە لە قازی محەممەدی وەدەست کەوتوون، لە هەمووانیش ئەوە دەردەکەوێ کە قازی محەممەد تا ئاخرین دەقیقە وەفادار ماوەتەوە. حەتتا مەشهوورە کە لە وەختی ئیعدامیدا ویستوویانە چاوی ببەستن، دەڵێ چاوم مەبەستن، ئەمن شـەرمەندەی میللـەتی خـۆم نـیم کـە ڕووم نـەبێ چـاو هـەڵێنمو تەماشای بکەم. ئەمن دەمەوێ لە ئاخر لەحزەی ژیانمدا تارمایی شارەکەم ببینم. لە ئاخر لەحزەی ژیاندا، لە بن داری ئیعدامدا ئەوە قسەی قازی محەممەدییە. لە پاشان ئەوەی کە گوتراوە لە بـارەی ئـەودا، ئەوانـەی کـە ناوت بردوون، هیچیان یەکێکیان نەبێ لە نزیکەوە نەمدیون. بەڵام شەخسی جۆراوجۆر بوون. هەر ئەوەنـدەش نەبوون. ئەوەڵەن تا حەددێك شك هەیە کە ئایا ئەو ئیمزایانە بەڕاستی وابوون؟ ئەوانە فتوایان داوە بۆ قـەتڵی قازی محەممەد یان نا؟ لە پاشان کە بووشن، هەموویان یەك نین. ئەوە کە بە ناوی شـێخ رەحیمـی "باقروەنـد" ناوی دەبەن، "باقروەند" ئەسڵەن لە ئێرانیدا نیە، شێخ رەحیمی باجەوەندییە، پیاوێکی خۆشناو نیە. ئێستا دەڵێن لە پاش مردووان رەحمەت چاکە، خوا عەفووی کا، مردوە. بـەڵام پیـاوێکی خۆشـناو نیـە، پیـاوێکی ناسراو بوو، زۆر ناسراو بوو، حەتتا لێرەدا خۆشە ئەو قسەیە بگوترێ: شێخ رەحـیم بـرای مـەرحوومی شـێخ محەممەدی بورهان بوو کە خەبەری پێدەدەن دەڵێن شێخ رەحیم ئەمری خوای بەجی هێنـاوە، دەڵـێ: "سـبحان الله! ئەوە یەکەمجارە ئەمری خوای بەجێ بێنێ." کەسێکی لەو بابەتەیە شێخ رەحـیم. لـە پاشـان هـەر لـەو ناوانەی باست کردن پیاوی زۆر چاکیان تێدا. مەجبووریان کـردوون، یـان بـە ناویانـەوە هـەڵبەسـتوون، یـان مەجبووریان کردوون، هەموو کەس ئیدی ناتوانێ قارەمان بێو مەجبووریش نیە قارەمان بێو لە موقـابیلی حکوومەتێکدا کە پاش ئەوەی تێك شکاوە، زاڵ بۆتەوەو وەك ورچی بریندار وایـە، ڕاوەسـتێ بڵـێ ئـەمنیش ئیعدام کەن بەڵام حوکمی ئیعدامی ئەو ئیمزا ناکەم. رەنگبێ بڵێ قەڵەمی بەسەر کاغەزێکدا دێـنم، خـۆ لـە "باطنی" خۆمدا حوکمی ئیعدامی قازی محەممەدی، حوکمی "مهدورالدم" بوونی قازی محەممەدی ئیمزا ناکـەم، لە "باطنی" خۆمدا. قەیدی ناکا. یانی نازانم مەبەسـتی "ئـەو دۆسـتە" چـیە؟ دەیـەوێ دیسـانەکە قـازی محەممەدی مەحکووم بکاو بڵێ موستەحەقی ئیعدام بووە، دیەوێ ئیمان بێنێ بەو کەسانەی کە ئیحتمالەن لـە دڵەوە شتی وایان کردوە، بەهەر سوورەت نییەتی وی هەرچی بێ، لە شەخسییەتی قازی محەممەد هـیچ شـتێك کەم ناکاتەوە. هەوڵێکی لە واقیعدا نەزۆکە.

**پ: مامۆستا! هەر لەو وتووێژەدا باسی ئەوە کراوە کە دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردسـتان گوایـە بارزانی، پێشەوای نەمر قازی محەممەد بە خەیانەت کردن بە ئامانجەکانی کورد تاوانبار دەکاو لەسـەر ئـەوە پێدادەگرێ کە ئامانجی بارزانی یارمەتیدان بە پێشەوا نەبووە. چونکی بارزانی خۆی بە ڕێبەری بێئـەم لاو**

**ئەولای کوردەکان، لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا زانیوەو بارزانی بەو "روحیە"ی بوویەتی نەیتوانیوە کە سەرۆك کۆمارێك لە چەند هەنگاویی خۆیدا تەحەممول بکا، کە بەڵگەش بۆ ئەو مەسەلەیە دێنێتەوە، دەڵێ ئەگەر ئەو لە تەحتی فەرمانی سەرۆك کۆماریی قازی محەممەددا بوایە، دەبوو بەرگریی بکردبایە، لە حاڵێکدا دەبینین کە بارزانییەکان بەرگری لە کۆماری کوردستان ناکەن. ئەو مەسەلەیە بە ڕاتان چەندە لەگەڵ واقعییەتە مێژووییەکاندا دەگونجێ؟**

و: جارێ ئەو هەر لەو نووسینەیدا کە باسی دەکا بە هیچ جۆر ئیشارە بەوە ناکا کە بارزانی لە کوێ ئەوەی گوتوە. چونکی هیچ سەنەدێکی تاریخی شتێکی ئاوا لە مەرحوومی بارزانییەوە نەقڵ ناکا. لە پاشان دەورانی بارزانیو قازی محەممەد دەورانێکی زۆر کۆن نیە. هەر ئێستا بە دەیان کەس بە خۆشییەوە لە حاڵی حەیات دان کە ئەو ڕووداوانەیان بە چاوی خۆیان دیوەو لە نیزیکیشەوە دیویانە. ئیحترامێکی موتەقابیلی زۆر گەورە لە بەینی قازی محەممەدو مەلا مستەفای بارزانیدا هەبووە. هەر تەماشا بکەی یەکێك لەو چەند کەسەی بە پێی مێعیارەکانی ئەو ڕۆژەی، دەرەجەی ژێنراڵیان دراوەتێ، مەلا مستەفایە. مەلا مستەفا لە تەرەف قازی محەممەدەوە دەکرێتە فەرماندەری "کل" (فەرماندەری گشتیی هێزەکان). بەو حاڵە مەلا مستەفا دەڵێ ئەمن پێشمەرگەیەکم. هیچ سەنەدێکی تاریخی، هیچ شاهید عەیانێك، شاهیدێکی زیندوو، شتێکی لە ریقابەتێکی بەو جۆرە لە بەینی مەلا مستەفاو قازیمحەممەددا نەقڵ نەکردوە. لە عەینی حاڵدا قازی محەمەد بە چاوی ڕێبەرێك، بە چاوی کەسێك کە دەتوانێ لە ئایندەدا نەخشی کارسازی هەبێ، تەماشای مەلا مستەفای کردوە. هەربۆیەش مەلا مستەفا میوان نەبوو. بۆخۆی خۆی بە میوان دەزانی. باشترین موناسبەت بوو. ئەو خۆی بە میوان دەزانی، بەڵام قازی محەممەد بە میوانی نەدەزانی. بە خانەخوێی دەزانی، بۆیە باشترین پۆستەکانی پێبەخشیبوون. لە پاشان نامەوێ بکەومە تەفسیلاتی ئەوەی کە وەختێکی بارزانییەکان هاتوون، قازی چۆن بەرخوردی کردوە، چی کردوە بۆ ئەوەی بارزانیو بازرانییەکان تەنانەت ژنو منداڵەکانیشیان ئیحساسی ئەوەی نەکەن کە لێقەوماون، کە فەقیرن، کە خێریان پێدەشێ. چی کردوە قازیی محەممەد! با باسی ئەو شتانە نەکەین. بەڵام سەداقەتو خلووس لە بەینی ئەو دووانەدا لەوە زیاتر کە بارزانی بۆ خۆیو بە هەرچی کە هەیبوو هەموو ئیمکاناتی خۆی لەباری نیزامییەوە، لە باری فەننییەوە، لەباری بڵێین ئامووزشییەوە، ئەو خەڵکەی بڵێین لەگەل مەلا مستەفا بوون، بە حوکمی ئەوەی ڕابردووی نووسینو خوێندنو کاری ئیداری لە کوردستانی عێراقو لە دەوڵەتی عێراقدا پتر بوو، تەجروبەیەکی زۆیان بوو، هەمووی لە تەبەقی ئیخلاس ناوە بۆ خزمەتی کۆماری کوردستانو کوردی ئێرانو خودی قازی محەمەد. کەوابوو ئەوە نیە. ئەمما بۆچی مەلا مستەفا دیفاعی لە کۆمار نەکرد؟ لە خاریجی ئیرادەی مەلا مەستەفادا کۆمار ڕووخاوە. ڕەنگە ئەوە خۆش نەبێ، بەڵام هەقیقەت ئەوەیە کە کۆماری کوردستان موقاوەمەتی نەکردوەو تەسلیم بووە. مەلا مستەفایەك کە غەریبە لەو خاکەی، با کوردستانیش بێ، بەڵام ئەو خەڵکی

کوردستانی عێراقە. مەلا مستەفایەك کە هەمووی ٥٠٠,٦٠٠,٧٠٠ کەسی هەیە، ئەفرادی موسەللەح، دوو بەرابەری ئەوەش ژنو منداڵی بێ دەرەتانو بێ ڕێوشوێنی بەملەوەیە، هەر ئەوەی پێ دەکرێ کە موقاوەمەت بکا، بۆ ئەوەی ئاوا سەربەرزانە ئێرانێ بەجێ بێڵێو لە بەینی سێ ئاگری ئێرانو عێراقو تورکیەدا خۆی بگەیەنێتە ئاراسو لە ئاراسەوە وەپەڕێ خۆی بگەیەنێتە "اتحاد جماهیر شوروی". باسی ئەوەش ناکەین کە لەوێش "ئەو دۆستە" چی بەسەر هێنان. باسی ئەو شتە مەقوولەیەکی دیکەیە. یانی ئەوە نە دەلیلی دوژمنایەتیی قازی محەممەدو مەلا مستەفایە، نە دەلیلی "بی اعتنایی" مەلا مستەفایە بە قازی محەممەد، نە "انتقاد"ێکە لە مەلا مستەفای، کە بۆچی دیفاعی لە جمهووری نەکردوە، جمهووری ڕووخاوە. تەنانەت خۆ ئەوە شاراوە نیە کە بێجگە لە هێزەکانی ئەرتەشی ئێرانێ، بێجگە لە تەنانەت پشتیوانیی ئەمریکاش بۆ سەرکوتی ئەو تۆزە موقاوەمەتەی کە مابوو، تەنانەت بەشێك لە عەشیرەتە کوردەکانی ئێرانێش وەدوای بارزانییەکان دەکەوتنو دەیانەویست بارزانییەکان بکوژنو بیان گرنو تەسلیمی دوژمنیان بکەنەوە. لەو حاڵەتەدا ناکرێ مەلا مستەفاو هاوڕێکانی لەوبارەوە سەرزەنشت بکەین کە کەمیان بۆ جمهووریی کوردستان کردوە. تا جمهووری هەبووە، ئەوەی بوویانە، دەریغییان نەکردوە، بەڵام هەتاسەر، خۆ ناتوانن جمهووری ڕابگرن.

**پ: بەڕێز مامۆستا! هەر لەو گۆڤارەدا باس لەوە دەکرێ کە لە ڕۆژەکانی سەرەتای شۆڕشی ٥٧دا هیچ دەنگێك لە حیزبی دێمۆکرات نەبووە. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە خەڵکی کورد هەنگاوگەلێکی بە بڕشتیان نابوو بۆ هەرەس پێهێنانی ڕێژیمی پەهلەوی. مەبەستیشیان لە جەریانی مەکتەبی قورئانو ئاغای موفتیزادەیە کە ئەوان کاریان کردبوو بۆ هەرەس پێهێنانی ڕێژیمی پەهلەوی. تکایە ڕۆڵی حیزبی دێمۆکرات لەو ڕۆژانەدا ڕوون بکەنەوەو بە ڕای جەنابتان ئامانجی "احسان هوشمند" یان ئەو کەسانەی ئەو "تفکر"ەیان هەیە لە زەق کردنەوەی جەریانی مەکتەبی قورئانو ئاغای ئەحمەدی موفتیزادە، چیە؟**

و: ناتوانم لەسەر ئامانجەکانی ئەوان شتێکی دەقیق بڵێم، چونکی ڕەنگە هەر ئەوە بێ کە بڵێین نەگبەتیی کوردە یان بڵێین نەگبەتیی کەسانێك لە کوردە کە لە جیاتی ئەوەی خزمەت بە بزووتنەوەی میللەتی خۆیان بکەن، هەوڵ بدەن بۆ ڕازی کردنی زۆردارانی میللەتی کورد. کارم بەوە نیە، بەڵام ئەسڵی قەزیەکە چۆنە؟ زۆر هاسانە وا بڵێ. بەڵام لە سەرەتای بزووتنەوەی خەڵکی ئێرانێ لە دژی ڕێژیمی حەمە رەزاشای ـ چونکی ئەو بزووتنەوەیە، بزووتنەوەی خەڵکی ئێرانێ بووە، خۆ بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان نەبووە. خەڵکی سەرتاسەری ئێرانە کە بزووتنەوەی بەرپا کردوە ـ لە سەرەتای ئەو بزووتنەوەیەدا حیزبی دێمۆکرات لە نیزیکەوە لەگەڵ ئەو بزووتنەوەیە ژیاوە. لەگەڵی لە تەماس دابووە، بەمجۆرە کە توانیویەتی. چونکی

حیزبێکی غەیرە قانوونییە، لەو وەختەی کە جاریّ ڕێژیم دەسەڵاتی هەیە، گەر کەسێك ناسراوە بە حیزبی [ئەگەر تێکۆشانی] بە ناوی حیزبەوە بیّ، دەسبەجیّ دەیگرنو بەتایبەتی کە ڕێبەریی ئەوحیزبەش ئەو وەختە لە دەریّ بوو، لە عێراقیّ بوو، زۆر ئاسان دەکرا "متهم" بکریّ بەوەی کە ئەوانە نۆکەری بێگانەنو لە تەڕەف عێراقەوە تەحریك دەکرێنو شتی لەو بابەتە. بۆیە ئەوانە خۆیان دەرنەخستوە. بەڵام ئەوە هەر دەتوانیّ دڵی خۆی خۆش بکا، یا دڵی ئەو کەسانە کە بە قسەی وا دڵخۆش دەبن، خۆش بکا. ئەگینا لە سەرتاسەری تاریخی [ئەو ماوەیەدا]، لە ساڵی ١٣٢٥ەوە یا ١٣٢٤و ١٣٢٥ەوە کە حیزبی دێمۆکراتو جمهووریی کوردستان دامەزراون، تاکوو ئینقلابی ئێرانیّ لە ١٣٥٦و دا١٣٥٧ دا، ئەگەر یەکێك لە کوردستانی ئێران چۆتە زیندان، ئەگەر یەکێك تەبعید کراوە، ئەگەر یەکێك کوژراوە، ئەگەر یەکێك چۆتە پای ئیعدام، هەموویان هی حیزبی دێمۆکراتن. ڕەنگە خۆش نەبیّ کە تەك حیزبی بووە، یانی هیچ حیزبێکی دیکە لە سەحنەی موبارەزاتی خەڵکی کوردستانی ئێرانیّدا نەبووە، بە باش نازانمو پێم خۆش نیە وا بیّ، بەڵام کەسێکی دیکە لەو سەحنەیەدا نەبووە. پرسیار ئەوەیە ئەگەر حیزبی دێمۆکرات ئەوەندە بێگانە بووە لەوەی، چۆنە بە قەولی کوردی لە "پڕێك بوو بە کوڕێك"؟! چۆنە لە ماوەیەکی کەمدا کە ئیعلانی تێکۆشانی ئاشکرای کرد، لە ماوەیەکی کەمدا بوو بە حیزبی سەدان هەزار کەسی. ئەوە هەروا لە خۆڕابوو؟! ئەو میللەتە کە دەبینن حیزبی دێمۆکرات لە خەبات بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتیدا هیچ "تأثیری" نیە، هیچ حوزووری نیە، ئەوانی دیکەش حوزووریان هەیە، بۆچی ئەو خەڵکە راست وەدوای وی دەکەونو ئەو هەموو عەزەمەتەی دروست دەکا؟ ئێستا ئەمن نامەویّ لە نەخشی کاك ئەحمەدی موفتیزادە یان هیچ کەسێکی دیکە کەم بکەمەوە. نەخشی من ئەوە نیە. هەرکەس بەردێکی لەسەر دیواری بزووتنەوەی کورد داناوە، لەگەڵ ئەوەی ئەفکاریشی لەگەڵ ئەفکاری منو حیزبی دێموکرات جودابیّ، تەنانەت موخالیفیش بیّ، ئەمن قەدرو ڕێزی بۆ دادەنێم. بەڵام کەمکردنەوە لە قەدری حیزبی دێموکرات بەڕاستی هەوڵێکی یەکجار بێهوودەیە، دەتوانم بڵێم یەکجار ساویلکانەشە، چونکە کەس ئەوە قەبووڵ ناکا. ئەو حیزبە بۆ وای لیّ هات؟ حیزبێك کە هیچ خەبەری نەبوو، بۆ بەچەند رۆژان بوو بە حیزبێکی سەدان هەزار کەسی کە لە هەموو جیّیەکیدا بۆ هەموو شتێك ئەوە قسەی ئاخر دەکاو خەڵك چاویان لە دەستی ئەوە. ئەمن هەر ئەو وەختە دەمگوت ئەو کەسانەی موخالیفی حیزبی دێموکراتی کوردستانن، ئەوانیش حیزبی دێموکرات لە هەموو شت بە مەسئوول دەزانن، بۆیە "انتقاد" لەوی دەکەن. کەس گلەیی ناکا کە مەسەلەن فلان کار بۆ کرا، بۆ فلان سازمانی دیکە نەیکرد، دەڵێن بۆ حیزبی دێموکرات نایکا! یانی حیزبی دێموکرات بە نوێنەری زۆرایەتیی کۆمەڵی کوردەواری دەزانن، جا لەبەر ئەوەیە کە هەموو چاوەڕوانییەکان لە حیزبی دێموکراتن.

**پ: بەڕێز مامۆستا! لەو گۆڤارەدا هەوڵێکی هەمەلایەنە دراوە کە نیشان بدەن حیزبە کوردییەکان بوونە هۆی شکستی وتووێژەکانی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا. بۆیە دەمانەویّ**

**بپرسین کە دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد بۆ وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتی کاتیی ئاغای بازرگاندا، چۆن پێك هات؟ و سەرنەکەوتنی وتووێژەکانی دەستەی نوێنەرایەتیی کورد لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بۆ چ هۆکارگەلێك دەگەڕێتەوە؟**

و: لەڕاستیدا پێکهاتنی دەستەی نوێنەرایەتیی کورد بەو جۆرە بوو کە پاش ئەوەی هێرش کرا بۆ کوردستانو شارەکان بەجێمانو ئێمەو هەموو گرووپەکان رووممان کردە شاخو چیاکان، بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی دەوڵەت کە ئەگەر شارەکانی گرتەوە، ئیدی کار تەواوە، موقاوەمەتێکی جانانە کرا. یانی لەو شەڕەدا کە پێی دەڵێن "شەڕی ٣ مانگە"، دەوڵەتی جمهووریی ئیسلامی یەکجار زەربەی زۆری وێ کەوت. یانی وای لێهات خومەینی لە واقیعدا هەوەڵێن جامی زەهری لەوێدا خواردەوە. کە پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەری دەرکرد، پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەر لە رووی تەڕەحومەوە نەبوو. ئێستا ئیشارە دەکەم کە بۆچی لە رووی تەڕەحومەوە نەبوو، بەڵکوو لە رووی زەعفەوە بوو. چونکە هێزەکانی رێژیم بەهەر لایەکدا دەچوون، لەگەڵ شکستێکی عەجایبو چاوەڕوان نەکراو ـ یانی بۆ ئەوان چاوەڕوان نەکراو ـ بەرەوروو دەبوونەوە. بۆیە پێشنیاریان کرد کە نەوعێك وتووێژ دەست پێ بکرێ. چەند دیدارێکی سەرەتایی بوون کە زیاتر کەسانێك لە تەرەفی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە تێیدا بەشدار دەبوون. لە پاشان هەوڵێك دەست پێ کرا بۆ ئەوەی ئەوانەی لە بزووتنەوەی کورددا بەشدارن، هەموویان بە یەکدەنگ قسە بکەنو پێکەوە بن، بە یەکدەنگ بچنە سەر مێزی وتووێژێك کە قەرارە بکرێ. بۆیە هەر لەو جێیەی کە حیزبەکانی لێ کۆ ببوونەوەو پێیان دەگوتن "دۆڵی حیزبەکان" (درە احزاب)، لەوێ هەوڵێکی وا دراو، بە هەوڵی بەشێك لە حیزبەکان، بەشێکیش لە "معتمدین"ی نێو شار، کە لە نێو شارەوە هاتبوون، هەوڵێکی موخلسانەیان دەدا بۆ ئەوەی لە یەك نزیك ببنەوە، بۆ ئەوەی شتێك دروست بێ بەناوی "هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد". ئەو هەیئەتەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد بەو تەرتیبە پێك هاتبوو کە چوار ئەندامی ئەسلیی هەبوون، یەکێکیان حیزبی دێموکرات بوو، یەکیان مامۆستا شێخ عێزەددین بوو وەك شەخسییەتێکی میللی ـ مەزهەبی، یەکیان کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان (وەختێك ئەوە ناوی بوو)، یەکێکیان رێکخراوی چریکە فیداییەکانی گەلی ئێران لە کوردستان بوو. لەوەدا تەرکیبەکە وەکی دەزانین وابوو بە حوکمی ئەوە کە حکوومەتەکەمان حکوومەتێکی دینی بوو، مامۆستاش پیاوێکی میللی ـ مەزهەبی بوو، ئەو وەکوو سەرۆك دانرابوو، بە حوکمی وەزنێك کە حیزبی دێموکرات هەیبوو لە مەیدانی موبارێزەداو بە حوکمی تەجروبەیەکی کە دیسان حیزبی دێموکرات لەو مەیدانەدا هەیبوو، حیزبی دێموکرات وتەبێژ بوو، بە قەولی فارسی "سخنگو" بوو. یانی لە واقیعدا شتە تەشریفاتییەکان سەرۆك دەیکردن، ئەگەر جەلەسەیەکی

موزاکیرە هەبوایە، قسە ئەساسییەکان دەبوو حیزبی دێموکرات بیانکاو "اتفاق"ەکە لەسەر ئەوە بوو کە ئەندامەکانی دیکەی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد ئەگەر شتیان هەبوو، شتەکەیان بە نووسراوە دەدەن بە سەرۆکی هەیئەتی حیزبی دێموکرات کە ئەو وتەبێژە، جا ئەو وەختی یان پێی دەڵێ باشە بۆ خۆت مەترەحی کە، یان بۆ خۆی لە جیاتی وی دەڵێ ئەو رەفیقە، ئەو دۆستە، نەزەرێکی وای هەیە. مەسەلەکە ئاوا پێك هات. بەڵام بۆچی سەری نەگرت؟ بۆچی سەرنەکەوت؟ لە واقیعدا دەلیلی ئەساسی ئەوە بوو کە جمهووریی ئیسلامی باوەڕی بەوە نەبوو کە مەسەلەی کورد حەل بکا. پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەری ئاغای خومەینییش هەوڵێك بوو بۆ ئەوەی کە ئاگربەسێکی کاتی پێك بێ، ئەوان بتوانن هێزەکانیان تەنزیم بکەنەوە. لەو بێسەرەو بەرەبییەدا کە تێی کەوتبوون، لە نەکاو نەیاندەتوانی خۆیان رێك بخەنەوەو لەو وەزعە بێنە دەرێ، هیچی دیکەی تێدا بەستە نەبوو. لەو بارەوە ئەمن ئیشارە بە شتێك دەکەم کە هەر لەو وتووێژانەی "چشم انداز"دا هەیەو ئەمن خوێندومەتەوە. هەر خودی ئاغای سەحابی باس دەکا دەڵێ: کە هاتبوون بۆ مەنتەقەی سەردەشت، لە خاریجی کۆبوونەوەکان بۆ موزاکیرە لە یەکێك لە ئەندامانی هەیئەتی دەوڵەتیان پرسی کە باشە بۆ لەگەڵ ئەوانە وتووێژ دەکەن؟ دەڵێ، ئێمە بۆیە وتووێژ دەکەین کە ئەوانە لە خەڵکی جوێ بکەینەوە، خۆ ئێمە حەتمەن لەگەڵ ئەوانە شەڕ دەکەین، بەڵام ئەوانە خەڵکیان فریو داوە، دەبێ وابکەین کە خەڵکەکەیان لێ جودا بێتەوە. دەڵێ ئەو سیاسەتەی ئێمە ـ ئاغای سەحابی بەو سەراحەتە دەڵێ ـ کە لە نێو ئەندامانی تایبەتی هەیئەتی دەوڵەت بۆ حەللی مەسەلەی کوردستاندا ـ ئێمە پێمان وابوو ئاغای سەحابی لە هەمووان پتر نییەتێکی سالمی هەیە، حەتتا لە مەرحوومی فرووهەریش ـ بەڵام ئەو بۆ خۆی دەڵێ ئەو سیاسەتەی ئێمە ـ ناڵێ ئەو سیاسەتەی ئەو کەسەی گوتی ـ لە تەرەف ئاغای خومەینییشەوە پەسند کرابوو. یانی دەڵێ دەبێ هەوڵ بدەین جودایان بکەینەوە لە خەڵکی. جا لە دوایە لێیان دەین. لە پاشان ئاغای خومەینی بەڕاشکاوی گوتی" " من گفتم اول محاصره، بعد مذاکره." ئەو بۆ خۆی دەڵێ، راستە ئەمن وام گوتوە. دەزانن کە وەختی خۆی خومەینی زۆر خراپ حاڵی کرابوو، مەسەلەن پەیامی دەدا کە بیان گرنو خڕیان کەنەوە. پێی وابوو حیزبی دێموکرات هەمووی ١٠، ١٥، ٢٠ کەسە، وایان حاڵی کردبوو! بۆیە دەیگوت: بیانگرنو بیانهێننو تەحویلیان بدەنو با لە کونەکانیان بێنە دەرێ! هەر پێی وابوو کە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات چەند کەسێکنو دەچن لە کونە شاخەکاندا خۆ دەشارنەوە لە ترسی خەڵکی، نەوەکوو خەڵکی بیانگرێ. دەیگوت وەرنە دەرێو خەڵك دەتانبەخشێو [وەرنەوە] باوەشی ئیسلامو ئیسلام میهرەبانەو لەو شتانە. یانی ئەسڵەن شتێکیان نەبوو بەناوی بەرنامە بۆ حەللی مەسەلەی کورد لە ئێرانێدا، یان بۆ تەئمینی مافەکانی گەلی کورد. لەبەر ئەوەیە کە ئەو وتووێژانە سەریان نەگرت. لە واقیعدا نەك ئەو موزاکیراتە سەرنەکەوت، هەر نەشکرا. قەت نەهاتینە سەر ئەوەی باسی مەسەلە جیددییەکان بکرێ. مەسەلەن ئەگەر قەرار بووبێ جەلەسەیەك پێك بێ، یەك جەلەسە بوو لە فەرمانداریی مەهاباد کە قەرار

وابوو وتوویژی جیددی بکرێ. لەسەر خواستەکانی میللەتی کورد، لەوێ ئەو جار بەهانەیەکیان گرتبوو. هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەت دەیگوت ئێمە لەگەڵ چریكو کۆمەڵە وتوویژ ناکەین. بۆیە ئێمە رێك کەوتین لەنێو هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورددا کە باشە، باسی هەیئەتەکان ناکەین کە کێنو کێ نین. ناڵێین ئەوە نوێنەری کۆمەڵەیەو ئەوە نوێنەری دێموکراتەو ئەوە نوێنەری فیدائیییانەو ئەوە چیە. دەڵێین ئەوە فلان کەسە، ئەوە فلانە کەسە، ئەوە فلانە کەسەو "جزو"ی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کوردەو خەلاس. بەڵام مامۆستا شێخ عێزەددین کە سەرۆکی هەیئەت بوو کاتێك دەستی کرد بە ناساندن، باسی ئەوەی کرد کە ئەوە دوکتور قاسملوو و فلانو فلان هی حیزبی دێموکراتن، ئەوەو ئەوە هی کۆمەڵەنو ئەوەو ئەوە. . .هتد. یەکسەر ئاغای سەباغیان گوتی: ئێمە لەگەڵ کۆمەڵەو چریكدا وتوویژ ناکەینو موزاکیرە تەواو بوو! جارێکی دیکە بەناوی وتوویژ لەسەر داخوازییەکانی میللەتی کورد، هەیئەتی دەوڵەتو هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد دانەنیشتن. قەت ئەو دوو هەیئەتە پێکەوە دانەنیشتنەوە.

**پ: بەڕێز مامۆستا! لەو وتوویژانەدا کەلکێکی زۆر لە هەنبانەکەی کاك غەنی بلووریان وەرگیراوەو واپیشان دراوە کە کاك دوکتور قاسملو لە ژێر کاریگەریی مامۆستا شێخ عێزەددینی حوسەینیدا بووە. چونکە دەڵێ: بلووریان نووسیویەتی کە لە رێکەوتی ١٣٥٨/١/١٨دا منو دوکتور قاسملوو چاومان بە خومەینی کەوتو بڕیارماندا کە لە رێفراندۆمدا بەشداری بکەین، بەڵام کاتێك گەڕاینەوە، دوکتور قاسملوو بینی کە شێخ عێزەددین لە بەیاننامەیەکدا رێفراندۆمی تەحریم کردوە، دوکتور قاسملوو بە بێ راوێژ لەگەڵ رێبەرایەتیی حیزبدا لە بڕیارەکە پاشگەز دەبێتەوەو رێفراندۆم تەحریم دەکا، بەڵام تەحریمەکەش کارساز نابێو خەڵکی کوردستان بە شێوەیەکی بەرین لەو هەڵبژاردنەدا بەشداری دەکەنو ئامارو ئەرقامێکی زۆر سەیریشی لەو پێوەندییەدا هێناوە.**

و: نازانم ئەو رێکەوتە (١/١٨) ئی تۆیە یا ئی مەجەللەکەیە یا ئی کاك غەنی بلووریانە؟!

**پ: ئی کاك غەنی بلووریانە**

و: ئاخر ١/١٨ هەر نایخوێنێتەوە! چونکە رێفراندۆم لە ١٠و ١١ی فەروەردیندا بووە. چۆن دەکرێ لە ١/١٨دا لە سەر ئەوەی قسە بکەین. ئەوە هەر بۆخۆی لە بنیڕا "موضوعیت"ی نیە، بەڵام لە رێفراندۆمدا کە ئێمە بەشدار نەبووین، یانی وەختێکی دوو سازمان، دووکەس نەزەریان وەك یەکە، زۆر دوور لە واقیعبینییە کە بڵێی یەکێکیان "تبعیت"ی لەویدی کردوە. نە ئێمە لەوەیدا "تبعیت"مان لە مامۆستا شێخ عێزەددینی حوسەینی کردوەو نە مامۆستا شێخ عێزەددینیش "تبعیت"ی لە ئێمە کردوە. هەیئەتی نوێنەرایەتیمان لە تاران نەگەڕابۆوە کە رێفراندۆم دەستی پێکرد، بەڵام هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزبی

دێموکرات نەزەری وابوو کە بەشدار نەبین. مامۆستا شێخ عێزەددینو ئەوانەی لەگەڵی هاوکار بوون، رازی نەبوون لە رێفراندۆمدا بەشدار بن. ئەو دوو هەڵوێستە وەك یەك بوون، لە پاشانیش خۆ ئەوە ئەگەر بە سەریەکەوە بایە، یانی هەموو ئەوانەی دواتر هەیئەتی نوێنەرایەتیی کوردیان دامەزراند، پێکەوە دانیشتینایەو ئەو رێفراندۆمەمان تەحریم کردبایە، ئەمن بەشتێکی زۆر بە جێم دەزانی، نەك بە "تبعیت" لە شێخ عێزەددین. ئەو وەختی عیدەیەك پێیان خراپ بوو. ئێستاش ئەو کەسانەی کە دیسان لە دەورانی ٢٤ ساڵ پێش ئێستادا دەژین، پێیان خراپە. دەنا ئێستا هەرچی ئازادیخوازی ئێرانە تەحسینی دەکەنو دەڵێن هەر کوردان کڵاویان نەچووە سەرێ. مەبەستیشیان لە کورد ئەوانەن کە لە سەحنەی سیاسیی کوردستاندا حزووریان هەبوو وەکوو سازمانی سیاسی یا وەکوو شەخسییەتی سیاسی کە داوایان لە خەڵکی کرد لەو رێفراندۆمەدا بەشدار نەبن. دەڵێن هەر ئەوان کڵاویان نەچووە سەر، ئێمە هەمموو کڵاومان چووە سەر، چونکە پێمان وابوو جمهووریی ئیسلامی شتێکە. مەسەلەن ئەمن لە بیرمە رۆژی ٩ی خاکەلێوە لە سەردەشتێ لە سەر ئەو مەسەلەیە قسەم کرد، گوتم: جمهووریی ئیسلامی بە قەولی مەشهوور "سمۆرەمان لە توورەکەیدا پێدەفرۆشێ"، مەعلووم نیە رەنگی چۆنە، حەجمی چەندە، وەزنی چەندە. جمهووریی ئیسلامی نە کەس دیویەتیو نە کەس دەیناسێ، نە تەعریفی دەکاو نە ئازادین بە چ سیستمێك رەئیی دەدەین. هاتوون جمهووریی ئیسلامییان لە موقابیل رێژیمێكدا داناوە کە دوێنێ بە قیمەتی هەزاران خوێن رووخاندوومانە، دەڵێ یا ئەوە یا ئەوە. کەوابێ نابێ لەو رێفراندۆمەدا بەشدار بین، دیفاعم هەر لە خەتی حیزب کرد. بیست رۆژ دەبوو مامۆستا شێخ عێزەددینیشم نەدیبوو.

**پ: بەرێز مامۆستا! لەو وتووێژەدا وا هەوڵدراوە کە پیشان بدەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە باشووری کوردستانی ئێراندا بە تایبەتی لە شاری سنەدا پێگەیەکی جەماوەریی وای نەبووەو دووبارە رۆڵی ئاغای موفتیزادەیان لە باشووری کوردستاندا زەقو گەورە کردۆتەوەو دەڵێن لە هەڵبژاردنی شوورای شاری سنەدا زۆربەی خەڵك دەنگیان بە هێزە ئیسلامییەکاندا. ئەوە دەری دەخا کە حیزبی دێموکرات لە نێو خەڵکی سنەدا هیچ پێگەیەکی نەبووە، بەڵام هەر لەو گۆڤارەدا مامۆستا ئیبراهیمی یوونسی دەڵێ نەخێر وانەبووە، بەڵکوو دەنگەکان (رەئییەکان) نیوە بە نیوە بووە.**

و: فەزای سیاسیی ئەو وەختی کوردستان، فەزایەکی تایبەتی بوو. فەزای سنە بۆخۆی حەتتا لە نێو کوردستانیشدا تایبەتی بوو. ئەمن زۆر ئازایانە ئیعتراف دەکەم کە ئەو وەختی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سنە "فعال" نەبوو. لە سەرەتای راپەریندا لە رۆژەکانی دوای راپەریندا حیزبی دێموکرات لەوێ حزوورێکی بەرچاوی نەبووو چونکە ماوەیەکی زۆر بوو ئێمە لەوێ نەبووین. دەتوانین بڵێین بە شێوەیەکی سوننەتی لە بەر ئەوەی حیزبی دێموکرات لە مەرکەزی کوردستان دامەزراوەو "مشخصاً" لە مەهاباد دامەزراوەو کۆمەڵەی ژ ـ كو جمهووریی کوردستانیش هەر لەوێ دامەزراون، ئەوێ مەرکەزی حیزبی

دێموكراتی كوردستان بووە، لە پاشان هەر وەختێك زەربەیەك وەحیزب كەوتوەو پاشەكشەیەكی كردوە، كە دەستی بە بزووتنەوەو جوولانەوە كردۆتەوە، دیسانەكە زەمینە موساعیدەكەی لەوێدا دیوە، بۆیە ئەو وەختی لەگەڵ ئەوەی ئێمە تەشكیلاتمان هەبوو، ئێمە ئەندامی دەفتەری سیاسییمان لە سنە بوو، بەڵام كارێكی باشمان بۆ نەكرابوو، ئەوە بە جێی خۆی. بەڵام لە سەر ئەوە كە شوورا چۆن بووە، ئەوەڵەن قەت لە سنە شوورا ـ بەو سوورەتەی كە پێی دەڵێن ئینتخاباتی شوورا ـ هەڵنەبژێردرا. لە واقیعدا لە هیچ شارێك هەڵنەبژێردرا. هێندێك شوورا هەڵبژێردرابوون، هێندێك لە "معتمدین"ی شارەكان كۆدەبوونەوە، شوورایەكیان وەكوو شوورای كۆمەڵایەتیی شار بۆ كاروباری شارەكە ـ حەتتا پێش رووخانی شاش لە زۆربەی شارەكاندا ـ [دیاری دەكرد ] دەنا ئەوەی كە ئینتخاباتێكی گشتی بكرێ، بڵێین دانیشتوانی شاری سنە رەئیی بدەن بەو شوورایە، قەت شتی ئاوا نەبووە. ئەوەی كە گوترا ئەوە بوو. لە نێو شاری سنە دوو "گروە" لە موقابیل یەكدا راوەستابوون. یەكێكیان كە چەپەكان بوون ـ هەموو لایەكیان ـ دەكرێ پێشیان بڵێین "افراطی"، یەكێكیشیان ئیسلامییەكان بە سەرۆكایەتیی موفتیزادە كە بەویش هەر دەكرێ بڵێین "افراطی". یانی ئەو دووانە ئەوەندەی لە موقابیلی هێزەكانی جمهووریی ئیسلامیدا ـ كە ئێستا ناوی جمهووریی ئیسلامییش نەبوو ـ پاشماوەی هێزەكانی رێژیمی شادا رادەوەستان، دوو بەرابەری ئەوەندە ـ نە بە شێوەی فیزیكی ـ بە شێوەی سیاسی لە موقابیلی یەكدیدا رادەوەستانو حیزبی دێموكراتی كوردستان لەو نێوەدا "فعال" نەبوو، من ئەو شەخسانەی كەوا دەڵێن، دڵنیا دەكەم كە ئێستا ئیدی "پایگاه اساسی"ی حیزبی دێموكراتی كوردستان لە سنەیە نەك لە مەهاباد، لەو وەختەیدا وابوو. مەسەلەن لە بیرمە وەختێكی شەڕی سنەی پەیدا بوو، ئێمە چووین بۆ سنە كە هەر لەو موساحیبانەشدا بە شێوەیەكی شێواو ئیشارەی پێدەكرێ، لە تەرەف حیزبی دێموكراتەوە خەڵكێكی زۆر بووین، بەڵام دوو كەس بووین، یەكێكیان ئەمن بووم كە وەك نوێنەری حیزبی دێموكرات دەناسرام، یەكێكیان غەنی بلووریان بوو كە غەنی بلووریان جارێ وەك "مستقل" خۆی نیشاندەدا، نە وەك نوێنەری حیزب، ئەویان هێشت منیان نەهێشت. لە یەك جەلەسەی عموومیدا كە یەكەم جەلەسەی عموومی بوو گیرا، ئەمن بەشدار بووم كە تۆزێك "تشنج"یشی تێدا پەیدا بوو. برایم خانی یوونسی ئیشارەی پێدەكا كە تەیارە هاتنو دیواری سەوتییان شكاند. لەوەیاندا بەشدار بوومو لەوی دیكەدا ئیجازەیان بە من نەدا بەشدار بم! بەڵێ ئەو وەختی وابووە. هەروەكوو فەرمووت برایم خان دەڵێ موفتیزادە بە تەنیا "اكثریت"ی نەبوو، بەڵكوو رەئییەكان "متساوی" بوون.

**پ: بەڕێز مامۆستا! یەكێك لەو كەسانەی كە وتووێژی لەگەڵ كراوە، باسی ئەوە دەكا كە دوكتور قاسملوو لە بڵاوكراوەی "پرۆفیل"ی ئوتریشیدا لە وەڵامی رۆژنامە نووسێكدا كە سەبارەت بە خودموختاری**

**پرسیاری لـێدەكا، دەڵــێ ئێمـه لـه پێنـاوی خودموختـاریدا خـەبات دەكـەین، بـەڵام بـۆ دامـەزرانی كوردستانێكی سەربەخۆ دەبێ نەوەكانی داهاتوو تێبكۆشنو دەیەوێ لەم وتانەی كاك دوكتور قـاسملوو ئـەو دەرەنجامە وەرگرێ كە ئەم جۆرە قسانە بوونە هۆی ئەوە كە حكوومەت متمانە بە حیزبی دێموكراتو حیزبە كوردییەكان نەكاو وتووێژەكە شكست بخوا. واتە ئەیانەوێ بڵێین كە حیزبـی دێمـوكرات ئیسـتراتیژییەكەی سەربەخۆیی كوردستانە، لە كاتێكدا باسی خودموختاری دەكا. بۆچوونی بەڕێزتان سەبارەت بەم قسانە چیە؟**

و: لە واقیعدا ئەوەش یەكێك لەو شتانەیە كە تەحریف كراون. دوكتور قاسملوو لـەو موسـاحیبەیەدا وای نەگوتوە. جارێ با بڵێم دوكتور قاسملوو لە كتێبی خۆیدا (كوردستانو كـورد) دەڵــێ كـورد ئەگـەر رۆژێـك سەركەوێ، كوردستانی یەكپارچە پێك بێنێ، ئەوە "تجزیەطلبی" نیـە، بـەڵكوو یەكگرتنەوەیـە، میللەتێكـە بەش كراوەو یەك دەكەوێتەوە، نەك یەك میللەتەو "تجزیە" دەبێ. شتێكی ئاوا نیە، كەوابێ دوكتور قـاسملوو "صریح"ترە، ئـازاترە لـەوەی كـە نـەتوانێ نـەزەری خـۆی بڵـێ، وانیـە. هـەر ئـەو بەینانـە ئـەمنیش لـە موساحیبەیەكدا گوتوومـە ئەگـەر كـورد رۆژێـك بـیر لـەوە بكاتـەوە، گونـاحی كـەبیرەی نـەكردوە. كـورد میللەتێكی چل میلیۆنییە، سەربەخۆیی بە زۆر میللەتان رەوا بینـراوە كـە چـەند دە"هـەزار" كەسـن، بـۆ چەندە "میلیۆن" كەس حەقی نەبێ؟ بەڵام كورد بە "آگاهی"یەوە، بە تێگەیشـتنەوە رێگـا حـەللی دیكـە دەبینێتەوە بۆ چارەسەری مەسەلەی كوردو بە ئیمانیشەوە دەڵێم. دوكتور قـاسملوو دەڵــێ ئێمـە دەمانـەوێ مەسەلەی كورد لە چوارچێوەی ئێرانیدا حەل بێ. خەبەرنیگار لێی دەپرسێ، دەڵێ باشـە ئەگـەر نەسـڵەكانی دوایە ویستیان شتێكی دیكە بڵێن، دوكتور لە وەڵامدا دەڵـێ ئەمن مەسئوولی نەسلەكانی دوایە نیم. ئەمن مەسئوولی ئەو نەسلەم. لە [بارەی ] ئەو نەسلەیدا قسە دەكەم. نەسلی دوایە چ دەكا، ئەمن چ بڵێم. ئـەمن ئێستا لە تۆ دەپرسم دامان نا لە چوارچێوەی جمهووریی ئیسلامیی ئێراندا كە "انشـاءالله" لـە چوارچـێوەی ویدا نابێ، لە چوارچێوەی حكوومەتێكی دیكەی ئێراندا دەبێ، ئەمرۆكە ئێمە لـە سـەر خودموختـاری بـە "توافق" گەیشتینو مەسەلەی كوردمان حەل كرد، سبەینێ ئەگەر حكوومەتێكی دیكـە هـاتو گـوتی ئـەو خودموختارییەتان لـێدەستێنمەوە، ئەمن ناتوانم ئەو نەسلەی ئێستا تاوانبار بكەم. ئـەوە نەسـلێكی دیكـە هاتوە، ئـەو ئیمتیازاتـەی وەرگرتۆتـەوە. هـەروەكوو لـە ئیسـرائیل حكوومـەتی حیزبـی كرێكـار هێنـدێك ئیمتیازاتی دا بە فەلەستینییەكان، لیكوود هات زۆر لەو ئیمتیازاتانەی وەرگرتـەوە، زۆر لـەو قەراردادانـەی هەڵوەشاندەوە كە لەگەڵ یاسر عەرەفاتی ئیمـزا كرابـوون. ئەگـەر شـتێكی ئاوابـێ نـاتوانم نـەوەی ئێسـتا، نەسلەكەی ئێستا بە تاوانبار بزانم. ئەگەر نەسلی ئایندەی كوردیش شتێكی دیكە بڵێ، نەسلی ئێستا تاوانبار نیە. لە پاشانیش هەر ئەوەی كە ئەكبەری گەنجی نووسیویەتی دەڵـێ خومەینی بۆخۆی دەڵـێ باوكانی ئێمـە چ حەقێكیان هەبووە كە تەسمیم بۆ ئێمە بگرن. دەڵـێ دەی باشە ئەدی ئـەتۆ چ حـەقێكت هەیـە بـۆ نەسـلی ئێستا بڕیار دەدەی. دەی باشە دوكتور قـاسملووش راسـت ئـەوەی دەڵـێ. دەڵــێ ئـەمن نـاتوانم بڕیـار بـۆ

نەسڵەکانی داهاتوو بدەم. نەسلەکانی داهاتوو بۆ خۆیان بڕیار دەدەن. ئەمن "مربوط" و "متعلق" بە نەسلی ئێستام، نەسلی ئێستا ئەوە داوا دەکا. نازانم نەسلی ئایندە چ داوا دەکاو لەوە زیاتری نەگوتوە.

**پ: بەڕێز مامۆستا! لەو وتووێژانەدا هەوڵێکی زۆر دراوە کە تاقمی حەوت کەسی زەق بکەنەوەو بۆ سەلماندنی قسەکانی خۆشیان پەیتا پەیتا دەست ئەکەنەوە بە ئاڵەکۆکەکەی مام غەنیدا. پرسیارەکەمان ئەوەیە هۆی جیابوونەوەی تاقمی حەوت کەسی لە حیزب چ بوو و هۆی چیە کە هەرکات کۆماری ئیسلامی کە بزووتنەوەی میللی ـ دێموکراتێکی گەلی کورد بە رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زیاتر تەنگی پێهەڵدەچنێ، ئەو تاقمە سەر لە نوێ زەق دەکاتەوە. تەنیا کەسی وەك مامۆستا هێمنیش زەق ناکاتەوەو زۆر لە مامۆستا هێمنیش خوارتر؟**

و: رەنگە ئەوە نەبێ کە ئەوان زۆر بەرجەستەیان کەنەوە. بەڵام لە سەر ئەسڵی مەسەلەکە لە واقیعدا ئەوانە لە بنێڕا لە جێیەکی دیکەوە "تغـذیە" دەکران. ئەوان ئەو وەختیشو تەنانەت دواتریش "بقایا"یان، هەوڵیان داوە وانیشان بدەن کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، دێموکراسی نەبووە، ئازادیی رەئیی نەبووەو . . .، نا مەسەلەکە ئەوە نیە. حیزبی دێموکرات هەموو ئازادییەکی بیروڕای داوە بە هەموو ئەندامانی حیزبی دێموکرات. بەڵام حیزبی دێموکرات هەمیشە گوتوویەتیو ئێستاش دەڵێ لە حیزبی دێموکراتدا تەنیا رەئیی حیزبی دێموکراتو ئەندامانی حیزبی دێمۆکرات دەتوانن جێگایان بێتەوە. ئەوان دەچوون سەفەری تارانیان دەکرد، لەگەڵ رێبەرانی حیزبی توودە دادەنیشتن، دەهاتنەوە دەیانەویست "دیکتە"ی کەن بە حیزبی دێموکرات. حیزبی توودە دووچاری زۆر هەڵەی گەورەی تاریخی بوو. لەو نێوەدا کە دەوڵەتی تازە هاتبووە سەرکار، دەوڵەتی پێشوو کە وابەستە بە ئەمریکا بوو، رووخابوو. ئیتیحادی شوورەوی سەعیی ئەوە بوو کە دەوڵەتی تازە بە لای خۆیدا رابکێشێ. وەسیلەکە بۆ ئەو کارە کێیە، حیزبی توودەیە لە ئێراندا. حیزبی توودە نەزەریان وابوو کە ئەوە هێندێك مەلای ساویلکەی فەقیرن، دەتوانن وردە وردە خۆیانی لەگەڵ رێك بخەنو بەرە بەرە بەرەکەیان لە بن پێی دەرێنن، ئەوان حکوومەتی ئێرانێ بگرنە دەستو بیکەنە دۆستی ـ با نەڵێین بیدەنە دەستی ـ ئیتیحادی جەماهیری شوورەوەی، هەوڵەکە ئەوە بوو. ئەو برادەرانە لە نێو حیزبی دێموکراتدا، سیاسەتی حیزبی توودەیان پیادە دەکرد. ئەمن لە بیرمە جارێکی یەکێکیان کە کوڕێکی گەنجی تێگەیشتووی خوێندەواریش بوو لە زاری دەرپەڕیو گوتی برادەرانی حیزبی توودە بە ئێمەیان گوتوە بچنە نێو حیزبی دێموکراتەوە، دوایی پەشیمان بۆوە، قسەیە کراوەو ناگەڕێتەوە، یانی ئەوان ئیلهامیان لە حیزبی توودە وەردەگرت. بۆیە لە بنێڕا دەیانەویست حیزبی دێموکرات بە خەتێکی دیکەدا بەرن. تاقمی حەوت کەسی ناوی خۆیان نابوو پەیڕەوانی کۆنگرەی چوار کە گۆیا حیزبی دێموکرات لە

کۆنگرەی چوار لای داوە. خطوط"ی کۆنگرەی چوار لە ئەلفی هەتا یای ئی ئەو کەسانەیە کە ئەوان "متهم"یان دەکردن لە ڕێگای کۆنگرەی چوار لایان داوە. بەرنامەو ئەساسنامەکەی، "خطوط"ی کۆنگرەی لە دوو شتاندا خۆی دەنوێنێ، یەکیان بەرنامەو ئەساسنامەیە، ئەوی دیکەیان ڕاپۆرتی کۆنگرەیە کە لە کۆنگرەدا "تصویب" دەکرێ. بەبێ "مبالغە" پێت دەڵێم تەنانەت حەرفی ئەلفێك لە تەرەف هیچ یەك لەو کەسانەوە نەنووسراوە کە بە خۆیان دەگوت پێڕەوانی کۆنگرەی چوار. هەمووی بە دەستی ئەو کەسانە "تدوین" کراوە کە گۆیا لە "خطوط"ی کۆنگرەی چوار لایان داوە، لە سەرووی هەمووشیاندا بە حوکمی وەزیفەو بە حوکمی شارەزایی‌و زانایی دوکتور قاسملوو بوو. بەڵام ئەوان لەوبارەیەوە تەنیا بەشێکی "قضیە"کە دەڵێن. بەڵێ ئەوە کە دەگوترێ حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەی چواردا پەیامی بۆ ڕێبەر هەبووەو لە ئینقلابی ئێران "حمایت"ی کردوە، ڕاستە. ئینقلابی ئێرانیمان بە ئینقلابێکی "مردمی" زانیوە، واش بووەو ئێستاش هەر دەڵێم وابووە. ئینقلابی ئێران لەگەڵ سیاسەتی جمهووریی ئیسلامیی ئێران دوو شتی جیاوازن. ئەو وەختی ئەو فاسڵەیە نەکەوتبووە نێوان شۆڕشی ئێران‌و ڕێبەرایەتی‌یەك کە بە سەر شۆڕشی ئێراندا سەپا. ئەوکات ئەو فاسڵەیە دروست نەببوو، بۆیە ئێمە ئەوەمان گوتوە.بەڵام هەر لە عەینی ئەو بڕیارانەدا گوتراوە ئەگەر دەسکەوتی میللەتی کورد، حوقووق‌و ئازادی‌یەکانی میللەتی کورد بکەونە بەر پەلامار، میللەتی کورد بە هەموو توانایەوە دیفاع لە خۆی دەکا. وەختێکی لە غەرب‌و شەرق‌و شیمال‌و جنووبەوە لەشکر دەنگ دەدرێ بۆ سەر کوردستان کە وەکوو "جۆك" سازیان کردبوو کە گۆیا خومەینی گوتوویەتی هێزی دەریایی بۆچی هوجووم ناکا، بۆ ناچێتە سەر کوردستان، ئەو "مبالغە"یەشیان تێدا دەکرد. ئەو وەختی میللەتی کوردو لە "رأس"ی شی‌دا خەباتگێڕەکانی حیزب، ڕێگایەکیان بۆ نامێنێتەوە ئیللا دیفاع لە ماف‌و ئازادی‌یەکان‌و لە کەرامەتی میللەتەکەی خۆیان. شتێکی ئاوا بووە، یانی شتێکی وانەبووە کە گۆیا ئەوان فکرێکی دیکەیان هەبووە، بەڵام ئەوان دەیانەویست ئێمە تەسلیمی بێ‌قەیدو شەرت بین. مەسەلەن وەختێکی کە ئەو جودایی‌یەیان ئیعلام کرد، میتینگێکمان لە مەهابادێ پێك هێنا کە مەرحوومی دوکتور قاسملووی قسەی بۆ خەڵکەکە کرد. پاش ئەوەی [دوکتور قاسملوو] هێندێك قسەی لە سەر کرد، گوتی بابە فەلسەفەبافیی پێ‌ناوێ، ئیختلافی ئێمەو ئەوانە یەك شتە (ئەوە وەختی بوو کە جودایی‌یان ئیعلام کردبوو) گوتی مەسەلەکە ئەوەیە ئێمە چەك دانێین یا دای‌نەنێین، لێکرا حدودودی هەشتا هەزار کەس هاواریان کرد دای‌نانێین، تەسلیم نابین. یانی تەسلیمی بێ‌قەیدو شەرت لە موقابیل دوژمنێك‌دا کە دەیەوێ ماف‌و ئازادی‌یەکانت لە ژێر پێ‌نێ، کاری ئینسانی ئازا نیە، کاری ئینسانی شەریف نیە، کاری ئینسانی بەغیرەت نیە. ڕەنگە پێی نەوێرین، بەڵام تەسلیمی نابین.

**پ: بەڕێز مامۆستا! لەو وتووێژانەدا باسی ئەوە دەکرێ کە لە جەریانی کۆنگرەی چواری حیزبدا، حیزب بە تەواوی دەچێتە باوەشی حکوومەتی عێراقەوەو هەر ئەوەش دەبێتە هۆی سەرنەکەوتنی وتووێژەکان لەگەڵ**

**کۆماری ئیسلامیداو لەو پێوەندییەدا دووبارە دەست دەکەنەوە بە هەنبانەکەی کاك غەنی بلووریاندا باسی بەڕێزیشتان دەکەن کە بڕیار بووە جەنابتان تەشریف ببەن بۆ حاجی عۆمەران، بەڵام تا کەرکووك چوونو بوون بە "واسطە" لە بەینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو ڕێژیمی بەعسی حاکم بە سەر ئەوکاتی عێراقدا. پرسیارەکەمان ئەوەیە ئایا حیزب لەو کاتەدا لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا هیچ پێوەندییەکی هەبووەو بە شێوەیەکی گشتی پێوەندییەکانی دواتری حیزب لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا لە سەر چ پایەو ئەساسێك بووە؟**

و: من ئەو شتەم هەم لەو وتووێژەداو هەم لە کتێبەکەی کاك غەنی بلووریاندا بە "تفصیل" خوێندۆتەوە ـ بە حوکمی وەزیفەش دەبێ بیخوێنمەوە ـ ئەوە جالیبە. جارێ با لە پێشدا باسی ئەوە بکەین کە بۆچی "مذاکرات" سەرنەکەوتوە؟ "مذاکرات" کە سەرنەکەتوە، دەلیلەکەی لە پێشدا باسم کرد کە جمهووریی ئیسلامی باوەڕی بە حەللی مەسەلەی کورد نەبووەو تا ئێرەش باوەڕی پێنیەو تا دەشمرێ ـ دەزانم کە دەمرێ، کورد نامرێ، بەڵام جمهووریی ئیسلامی دەمرێ ـ باوەڕی پێی نابێ. بۆیە ئەو "مذاکرات"ە سەرنەکەوت. دەنا دەوڵەتی عێراق زۆری پێخۆش بوو ئێمە شەڕ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکەین، نەمان کرد. دەوڵەتی عێراق زۆری پێناخۆش بوو کە ئێمە حیمایەت لە ئینقلاب بکەین، ئێمە حیمایەتمان لە ئینقلاب کرد. وەختێکی پەیامی خومەینی دەرچوو، دەوڵەتی عێراق زۆری پێناخۆش بوو، تەنانەت ناردیان گوتیان چی ئیحتیاجتان پێی هەیە لە سیلاح دەتان دەینێ، "مذاکرە" مەکەن، گوتمان دەیکەین چونکە ئێمە ئێرانیینو دەمانەوێ مەسەلەکە بە ئاشتی حەل بێ. ئەگەر ئەوان حازر بن ئێمە موزاکەرە دەکەین. وەختێکی پێشنیاریان کرد ـ ئەوە هەموو شتی تازەیە دەیڵێم ـ کە ئەگەر ئیعلانی خودموختاری بکەن، دەوڵەتی عێراق بە رەسمی دەیناسێو ئیعلام دەکا کە خودموختاری بە رەسمی دەناسێ. گوتمان ئێمە وەختێکی مەسەلەکە لە ئێراندا حەل دەکەین، ئەووەڵێن دەوڵەت کە دەبێ ئیعترافی پێبکا، دەبێ ئێران بێ. ئەوە دەوڵەتێکی "مستقل" نیە کە دەوڵەتانی خاریجی ئیعترافی پێبکەن. وەختێك ئیعلانی خودموختاری دەکەین کە ئێران ئیعترافی پێبکا. وەختێك شەڕی ئێرانو عێراق هەڵگیرسا، ئێمە ئیعلامان کرد کە ئەگەر جمهووریی ئیسلامی تەنیا بەڵێن بدا کە مەسەلەی کورد حەل دەکاو حوقووقی میللەتی کورد بە شێوەی خودموختاری بە رەسمی دەناسێ، ئێمە تەواوی هێزەکانمان کە ئەو وەختی هێزێکی زۆر "مقتدر"یش بووین، (جمهووریی ئیسلامی چاك دەیزانی کە ئێمە چ هێزێکمان هەیە) ئێمە لە ئیختیاری جمهووریی ئیسلامیی دەنێینو دەچینە سەنگەرەکانی شەڕ لەگەڵ دەوڵەتی عێراق. پاشان ئەوەی کە بۆ کاك "غەنی"یان نووسیوە، دەکرێ بڵێم بۆیان نووسیوە، چونکە بەڕاستی فەقیرە ئەهلی نووسین نەبوو، هەروەکوو ئەو جوزوەیەی کە لە وەختی

جیابوونەوەکەیدا بلاویان کردەوە، بە زاهیر بە ناوی خۆی بوو، پاشان بۆخۆی لە "ئالەکۆك"دا دەنووسێ کە عەلی گەلاوێژ نووسیویەتی. زۆر خراپیان بۆ نووسیبوو. ئێمە لە سالی ١٩٧٠ (١٣٤٩) وە لەگەل دەولەتی عێراقێ "رابطە"مان هەبووە، کەوابوو پێویست نەبوو "رابطە"یەك دامەزرێنین.لە پاشان ئەو تۆمەتەی یەکجار ناشیانە ساز کردوە. زۆر سەیرە دەلێ قەرار وابوو بچێتە حاجی عۆمەران، چۆتە کەرکووکێ. حاجی عۆمەرانو کەرکووك فەرقیان چیە؟ دەلێ بە هێلیکۆپتێر چوو، باشە بە هێلیکۆپتێر یا بە ماشێن بچێ یا بە تەراکتۆر بچێ یا بە پیادەیی بچێ یا بە سواری حەیوانێك بچێ فەرقی چیە؟ تۆمەتەکە ناشیانەیە، هەموو شتێکی ناشیانەیە. لە پاشان لە هەمووی ناشیگەریتر ئەوەیە کە لە دەفتەر فلانکەس چوو قەراردادێکی حەوت مادەیی ئیمزا کردو بۆ حیزبی دێموکراتی هێنایەوەو لە پاشانیش دەفتەری سیاسی قبوولی کردو ئەمنیش کشامەوە. ئەو وەختی کە ئەو شتە بلاو بۆوە، ئێمە دوو دەستە بووین. حیزبی دێموکرات یەکی نەگرتبۆوە، کاك جەلیل گادانی دوایە بۆی گێرامەوە، گوتی پێم گوتوە ئاخر مامە غەنی ئەمنو ئەتۆ پێکەوە لە دەفتەری سیاسی نەبووین، بۆ ئەمن شتی وام نەدیوەو تۆ دیوتە؟ باشە گوتبای من شتێکی وام بۆ کەشف بووە، وای نووسیبا دیسانەکە قسەیەك بوو، بەلام چۆنە کەس [ ئەو شتانە ]ی لە بیر نیە. موهیمتر ئەوەیە ئەو قەرارادە بۆ جێبەجێ نەکرا؟ باشە دوکتور قاسملوو جێبەجێی نەکرد، دوکتور سەعید جێبەجێی نەکرد؟ ئەمن هەشت، نۆ سالە سکرتێرم، ئەدی بۆ لەو ماوەیەدا جێبەجێم نەکردوە؟ ئاخر دەولەتی عێراقێ نابێ پێم بلێ باشە تۆ ئیمزات هەیە، بۆ جێبەجێی ناکەی؟ یانی هەولێکی یەکجار ناشیانەیە، ساویلکانەیە، نەزۆك، لەرزۆك، نازانم ناوی چی لێبنێم؟ ئێمە "رابطە"مان لەگەل دەولەتی عێراقدا هەبووە، نەشاردراوەتەوە، بەلام بە ئیعترافی هەمووانو لە پێش هەمووانیشدا کوردی عێراقێ، شەریفترین، سەربەرزانەترین "رابطە"ی بەینی هێزێکی کوردیو دەولەتێکی حاکم بە سەر کوردستاندا ، ئەو پێوەندیەیە کە ئێمە لەگەل دەولەتی عێراقێ بوومانە. هەتا ئێستا نە کوردێك، نە عەرەبێك، نە تورکمانێكو نە هیچ عێراقیەك پێی شك نایە، گلەمەتێك بە دیواری هیچ کەسدا درابێ بە قازانجی دەولەتی عێراقێ، پێی شك نایە کەلیمەیەك بە دیفاع لە دەولەتی عێراقێو بە دژایەتی لەگەل ئەوان بە زمانو قەلەمی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا هاتبێ. "رابطە"یەکی ئاوا زۆر سەربەرزانەیەو ئەوانەی دەیانهەوێ هەولی ئەوە بدەن، دەیانهەوێ میللەتی کورد لە قەفەس کەن. باشە ئەدی دەولەتی جمهووریی ئیسلامی هەر لەو شەرەی دواییدا چ حیمایەتێکی لە سەدام حوسەینی دەکرد؟ لەگەل بوونی شەری هەشت سالەو لەگەل ئەوەی بە قەولی خۆیان داوای میلیاردها خەسارەتیان دەکرد، باشە چ دلالیەکی بۆ رێژیمی سەدام حوسەینی نەکرد؟ باشە بۆچی بۆ منی بێدەرەتان کە بریندارەکەم ئەگەر نەچێتە ئەودیوی سنوور دەمرێ، مەشرووع نیە کە پێوەندیم لەگەل دەولەتێکی هەبێ؟ ئەویش ئاوا سەربەرزانە! ئێمە نەمان شاردۆتەوەو قەتیشمان شەرم لێنەکردوە [بلێین] کە لە سەر چ ئەساسێك بووە. ئەمن لە "نیو سەدە تێکۆشان"دا هێناومە کە چۆن بووە، لە سەر چ ئەساسێك پێك

هاتووین. نامەویٚ لێرەدا تیکراری کەمەوە. کەسێك دەیەویٚ بیزانیٚ دەتوانیٚ موراجیعە بە "نیو سەدە تێکۆشان" بکاو ببینیٚ کە بناغەی پێوەندیی ئێمە لە سەر چ ئەساسێك دامەزراوەو هەتا ئاخریش لە سەر ئەوەی رۆیشتوە. ئێستاش دەوڵەتی عێراق رووخاوە، ئەگەر غەیری ئەوە بایە، رەنگە ئێمە هەر نەمانتوانیایە لێرە دابنیشین. چونکە ئێمە حدوودی بیست ساڵە لە عێراق دەژیین، بەڵام لە عێراقی بەردەستی حکوومەتی عێراقدا ناژیین. دوازدە ساڵە بە تایبەتی ئەم مەنتەقەیەی ئێمەی لیٚدەژیین لە بەردەستی کوردەکان دایە کە موخالیفی حکوومەتی عێراقێن. چۆنە ئەوانە کەسێکی کە ئاوایە رادەگرنو لە گوڵ کالٚتری پیٚنالٚێنو حورمەتیشی دەگرنو لە واقیعدا وەکوو هێزێکی بە پرەنسیپ لە هەموو جێیەك دەیبیننو باسی لیٚدەکەنو ناوی دەبەن؟ هەولێکی فەقیرانەیە، بەراستی پیاو بەزەیی بە کاك غەنی بلووریاندا دیٚ کە شتی ئاوا دەنووسیٚ.

**پ: بەڕێز مامۆستا! لەو گۆڤارەدا حیزب بەوە تاوانبار کراوە کە حکوومەتی عێراقی لە سەر بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە تاوانبار نەکردوەو لەو پێوەندییەدا دەڵێن کە کاك دوکتور قاسملوو لە وتوویژێك لەگەڵ رۆژنامەیەك بە ناوی "کل العرب"دا کە پرسیاری لیٚدەکەن ئایا ئێوە لە رادیۆی بی بی سیدا ئەوەتان گوتوە کە رێژیمی بەعس بووە کە شاری هەڵەبجەی بۆمباران کردوە، ئەو دەڵیٚ کە من شتی وام نەگوتوە یانی لە وتەکەی کە رێژیمی بەعس شاری هەڵەبجەی بۆمباران کردوە، پاشگەز دەبێتەوە. بۆچوونی بەڕێزتان سەبارەت بەو پرسیارە چییەو هەڵوێستی کاك دوکتور قاسملوو لە جەریانی بۆمبارانی هەڵەبجەدا بە دەستی رێژیمی بەعس چی بوو؟**

و: شتەکە هەمووی هەر خۆشە. لەبارەی مەسەلەی هەڵەبجەوە ئەوان بەوە قەڵس نین کە دوکتور قاسملوو گوتوویەتی عێراق چەکی شیمیایی بە کار نەهێناوە، چونکە دوکتور قاسملوو شتی وای نەگوتوە، بەڵام بەوەی قەڵسن کە دوکتور قاسملوو گوتوویەتی هەر عێراق نەبووە بە کاری هێناوە. بەڵیٚ لە شەڕی ئێرانو عێراقداو "مشخصاً" لە هەڵەبجەی ئەووەڵ کەس کە چەکی شیمیایی بە کارهێنا، ئێرانییەکان بوون لە دژی عێراقییەکان بە کاریان هێنا. بەڵام دوایە عێراقییەکان زۆر بە خەستی لێیاندا، هەم لە ئێرانییەکانیاندا و هەم لە خەڵکی خۆشیاندا، ئەوە شاراوە نیە. دوکتور قاسملوو گوناحەکەی ئەوە بووە کە دەڵیٚ هەر عێراق بە کاری نەهێناوە، هەردووکیان بە کاریان هێناوەو جگە لەوە، ئێران دووجاریش بە زیددی ئێمە بە کاری هێناوە. بەڵیٚ ئێمە شازدە بریندارمان بە چەکی شیمیایی هەبوو، ئەویش شانسمان هەبوو، بۆیە هەر شازدە کەسمان بریندار بوون، لە وەختێکدا تۆپ باران کراین (بە مووشەكو تۆپ لێمان درا)، راست ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٦ بوو، لە شوێنێکی بووین سەرتاسەر جەنگەڵو پووش بوو. دنیا بوو بە ئاورو ئەو گازانە

سووتان، بۆیە بە شازدە کەس نەجاتمان بوو، دەنا دەی‌توانی دەیان کەسمان هەر لێ شەهید کاو بە سەدان کەسیشمان لێ بریندار بێ. دوکتور قاسملوو ئەوەی گوتوە، توورەیی‌یەکەی ئەوان لەوەیە. وەختی خۆی کە ئەو "کل العرب"ە دەرچووبوو ـ کل العرب بە جۆرێك لە جۆران سەر بە دەوڵەتی عێراق بوو ـ نووسیبوویان "قاسملوو دەڵێ عێراق ئەسلەحەی شیمیایی بەکار نەهێناوە" تیترەکەی ئەوە بوو، بەڵام لە خوارەوە کە دەنووسێ، راست قسەکەی دوکتور قاسملوو دەنووسێ، دەڵێ هەردووکیان بە کاریان هێناوە. کەسێك لە رانیە بە منی گوت، ئەوە چۆنەو چۆن دوکتور قاسملوو شتی وا دەڵێ. گوتم دوکتور قاسملوو شتی وای نەگوتوە، گوتی نا بۆت دێنم، هێنای گوتم بابەگیان ئەمن هیچ قسەی دیکە ناکەم، دوکتور قاسملوو هەر ئا لێرەدا پێت دەڵێ هەر دووکیان بە کاریان هێناوە. کابرای کە نووسیویەتی تیتری داوەتێ، بۆ لە سەر دوکتور قاسملووی حیسابە؟

**پ: مامۆستای بەڕێز! یەکێك لەو نوێنەرانەی کۆماری ئیسلامی کە هاتۆونە کوردستان، عێزەتوڵڵا سەحابی‌یە. عێزەتوڵڵا سەحابی دەڵێ کاتێك ئێمە چووینە کوردستان، دەمانبینی نەقشەی کوردستانی گەورە بە شوێنە گشتی‌یەکانی کوردستانەوە ( کە وابزانم ئەو کاتە وتووێژەکان لە شاری سنە بوون) هەڵواسراوەو لەو نەقشەیەدا کە لە سووریەوە دەست پێ‌دەکاو دێتە عێراقو دەچێتە ئێرانو تەنانەت تا ئوستانی لوڕستانو خووزستانو بووشەهر دەگرێتەوە. عێزەتوڵڵا سەحابی دەڵێ شەڕی ئێمە لەگەڵ ئەو نەقشەیەدا بوو، ئەو نەقشەیە نەی هێشت وتووێژەکان سەرکەوێ. ئایا بەڕیزتان هیچ "منطق"ێك لە قسەکانی ئاغای سەحابی‌دا دەبینن؟**

و: وتووێژەکان لە سنەی نەبوون. چونکە ئەو "مذاکرات"ە کە ئاغای سەحابی تێی‌دا بەشدار بووە "عمدتاً" لە مەهابادێو جارێکیش لە مەنتەقەی سەردەشتێ بووە. لەگەڵ هەموو حورمەتم بۆ ئاغای سەحابی، چونکە لەمە زیاتر کەوتۆتە بەر تیغی جمهووریی ئیسلامی کە بە داخەوە ئێستا دیفاعی لێ‌دەکا، لەگەڵ هەموو حورمەتم نازانم یا ئەمن لە کوردستان نەبووم، یا ئاغای سەحابی لە کوردستان نەبووە. ئەمن بە مەسئوولییەتەوە دەڵێم تا ئێستا لە هیچ شوێنێکی کوردستان لەو وەختی‌دا، لە هیچ شوێنێکی عموومی‌دا نەقشەی کوردستانم نەدیوە، نە نەقشەی کوردستانی گەورەو نە نەقشەی کوردستانی ئێران. شتی وامان نەبووە. بەڵام باشە نەقشەی کوردستان بۆ کوفرە. کوردستان هەیەو بەڵێ راستیشە، راست لە سووریەی‌را دەست پێ‌دەکاو بەشێك لە تورکیەو عێراقیش دەگرێتەوە. یەکێك پێی خۆشە، یەکێك پێی ناخۆشە هیچ لەو حەقیقەتەی ناگۆڕێ. خۆ هەر ئێمە نالێین کوردستان هەر ئەو بەشەیە لە ئێرانێ، ناسیۆنالیزمی ئێرانی یا شۆوێنیزمی "عظمت طلبی" ئێرانی کە باس دەکا، دەڵێ کوردەکان لە هەر جێیەکی بن، ئێرانین، لە تورکیەشو لە عێراقیشو لە سووریەش. ئەوانیش بۆخۆیان قبووڵیانە کە کوردستان تەنیا لە ئێرانێ نیە، ئەوە چ گوناحێکی تێدایەو بۆ گوناحی کەبیرەیە؟ مەسەلەکە ئەوە نیە. ئەو بۆخۆی

دەڵـێ سیاسەتەکەمان ئەوە بووە کە لە خەڵکیان جودا بکەینەوەو پاشان لێیان دەیـن، خومـەینییش ئـەوەی تەئیید کردبوو. قسەکانی خۆی دەڵـێ. لە پاشان ئەمن "متأسف"م کە "خطاب" بە ئاغـای سـەحابی ئـاوا بڵێم، چونکە وەك گوتم یەکێکە لە تێکۆشەرانی پێشووی جەبهەی میللیو "نهضت آزادی" یش هەر بەشـێك بووە لە جەبهەی میللی کە لـەوێشدا نـەماوە هـەر یەکێکـە لـە "ملـی ـ مـذهبی"یـەکـانو یەکێکـە لـەو تێکۆشەرانە کە کەتوونە بەر تیغی جمهـووریی ئیسـلامی. رێـزم بـۆی هەیـە، باشـە خـۆ ئـەو لـە نەقشـەی کوردستانی گەورەی بڵاو کردبۆوەو نە داوای خودموختاریی کردبوو، نە سوننی مەزهەب بوو کە بـە قـەولی خۆیان ئەوەش دەکەنە گوناحێك، نە پێوەندیی لەگەڵ عێراقێ هەبوو. ئەدی ئـەو حوکمـە "شـداد و غـلاظ"ە چیە کە بە سەر ویو هاوڕێیەکانیدا دەدرێ. لە تاریخی ئێرانێدا حوکمی یەك قەرنی نەبووە، لـە مەوریـدی ئـەواندا نـەبێ. ئـەوان چـیان کـردوە. ئـەمن لـە پێشـەوە گـوتم کـە سـێبەری سانسـۆر بـە سـەر هـەموو موساحیبەکاندا زاڵە. پێم وابێ یەکێکیان ئەوە، چونکە ئەو پیاوە، پیاوێکی بە "حسـن نیـت" بـوو، بـەڵام ئێستا دەیەوێ گوناحێکی دیکەش ئیزافە نەبێ بە گوناحەکانی. هەرچەندە زۆر "مؤدبانە"و زۆر "محترمانـە" لە بارەی کوردەوە دەدوێ، تەنانەت لە باەری حیزبی دێموکراتیشەوە هەر بە شێوەیەکی "ملایـم"تـر دەدوێ. بەڵام شەڕ [لەسەر] ئەوە نەبوو، ئێمە کە مەسئوول بووین، مەسـئوولی ئەساسـی لـە بزووتنـەوەی کـورد لـە ئێرانـێ، حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان بـووە، شـوعارەکەمان روون بـووە، هاوپەیمانـەکان لـە دەسـتەی نوێنەرایەتیی گەلی کوردیشدا بە سەر یەکەوە گەلاڵەی هەیئەتی نوێنەرایـەتیی بـۆ خودموختاریمـان پەسـند کرد. هیچ شوعارێك غەیری ئەوە نەبووە، ناشکرێ بڵێین نەخێر کەس هەڵناکەوێ، زاری خەڵکی خۆ توورەکـە نیە ئەمن بیبەستم. لە کوردستانی عێراقدا ئەوا دوو حیزبی دەسەڵاتدارو حاکم هەن داوای فیدراڵیزم دەکەن، بەڵام کوردێك دەنووسێ "تا کەنگێ شەرمی عێراقچیەتیمان بە نێو چاوانەوە بێ". یـەکێك وا دەنووسـێ، [ ئایا دەبێ ] بیگرن، سەری بڕن، زمانی بڕن؟ خۆ شتی وا نابێ. موهیم ئەوەیە، ئەوەی کە مەسئوولە، ئەوەی کە لەگەڵ تۆتەرەفە، دەڵـێ چی؟

**پ: بەڕێز مامۆستا! عێزەتوڵڵا سەحابی لە وتووێژێکدا لە وەڵامی ئـەوەی کـە بـە ڕای تـۆ فۆرمـۆلی چارەسەری کێشەکانی ئێران چیە، دەڵـێ من بۆ وڵاتی ئێران باوەڕم بە سیستمی "فێدراتیو" هەیە، بەڵام لەم هەلومەرجەدا کە دەوڵەتی ناوەندی لاوازە، قسە کردن لە سەر "قومیت"ەکانو مافـەکانیان دەبێتـە هـۆی دروستبوونی بیرو باوەڕی جوداییخوازانە، بۆیە دەبێ سـەرەتا حکوومـەتێکی "مقتـدر" لـە ئێـراندا بێتـە سەرکار، پاشان "ئابووری"ی وڵات گەشە بکا، ئەوکاتە کەم کەم باسی "اقوام"ی ئێرانی بکرێ. ئێستا کاتی ئەو باسانە نیە، ئێستا بە راستی یەکپارچەیی خاکی ئێران لە مەترسـی دایـە. ئەگـەر لـەم هەلومەرجـەدا**

**مەسەلەی "قومیت"ەکان گەورە بکەینەوە، واتە پێشوازی لە پارچە پارچە بوونی ئێرانو دەنگدان بە ئیمپریالیزمی جیهانی. بۆچوونو لێکدانەوەی بەڕێزتان لە سەر ئەو قسانەی سەحابی چیە؟**

و: ئەمن نامەوێ دیسانەکە لەگەڵ ئاغای سەحابی تەرەف بم، بڵێم ئەوی "متهم" دەکەم. بەڵام ئەوە فکرێکی "استیلا طلبانە"و شۆوێنیستی‌یە کە دەیەوێ وا نیشان بدا. دەڵێن ئەو قسانە نابێ بکرێن، چونکە دەوڵەتی مەرکەزی زەعیفە، کەوابێ نابێ باسی مەسەلەی میللی بکەین، یانی تا زەعیفە، نابێ باسی بکرێ، چونکە ولات "تجزیە" دەبێ، با بە "قوت" بێ تا هەرکەس باسی مەسەلەی "قومی" کردو گوتی ئەمن حوقووقی نەتەوایەتیم دەوێ بە ئاسانی سەرکوتی بکاو لە دەمی بدا! ئەگەر دەوڵەت زەعیفە لە دیدگای منەوە لە بەر ئەوەی زەعیفە، چونکە ئێرانی‌یەکان هەموو ئێرانی نین. چونکە جیاوازی لە بەینی دانیشتووانی ئێرانی‌دا هەیە. هەموو ئێرانی‌یەکان وەك یەك خۆیان بە ساحیبی ئێرانو بە ساحیبی خێروبێری ئێرانو شەریك لە حوقووقو "وظایف"ی ئێرانی‌دا نازانن. ئەمن لە ئاغای سەحابی‌و لەوانەش کە رەنگە ئاغای سەحابی لە ترسی ئەوان ئەوەی بڵێ، لەوان دەپرسم "وحدت ارضی"ی ئێران ئێستا پتر "تضمین" کراوە یا "وحدت ارضی" ولاتێکی چکۆلەی وەك بێلژیکێ کە سی هەزار کیلۆمیتری چوار گۆشەیە. سێ میللەتی تێدایە، سێ دەوڵەتی تێدایە. ولاتێکی چکۆلەی وەکوو سوئیس کە چل هەزار کیلۆمیتری چوار گۆشەیە، یانی بە هەردووکیان نیوەی کوردستانی ئێرانن، بە هەردووکیان "مساحت"ی نیوەی کوردستانی ئێرانیان هەیە، بەڵام پێنج کانتۆنی هەیە. "وحدت ارضی"ی ئەوان لە خەتەر دایە؟ یەکێك لە باشترین عامیلەکانی "وحدت ارضی" لە ولاتێکی فرە نەتەوەدا ئەوەیە کە خەڵکی ئەو ولاتەی هەموویان وەك یەك خاوەنی حوقووقو ئیمتیازاتو "وظایف" بن، تا هەموویان وەك یەك دیفاعی لێبکەن. ئەو وەختی یەکێك رێگای ئەوەی پێی دەڵێن "گریز از مرکز" دەگرێتە بەر کە ساحیبی حوقووقی مساوی نەبێ، هەست بە زوڵمو زۆر بکا. دەنا مەسەلەن کورد دەبێ زۆر لە سیاسەت بە دوور بێ، لە ولاتێکی گەورەو پڕ خێرو بێرو ئاوەدانی وەك ئێران ببڕێ، ببێتە حکوومەتو شتێکی چکۆلەو "منزوی" لە دنیایە، نە "اقتصاد شکوفا"ی هەبێ، نە "روابط بین‌المللی" هەبێ، نە بازرگانیی هەبێ، ماوەیەکی دوورو درێژ مەجبوور بێ ئیمتیازاتێکی زیاد لە "حد معقول" بەملاو ئەولا بدا تا لە سەر پێی خۆی راوەستێ. ئەگەر قەرار بێ کورد جودا بێتەوە لە بەر ئەوەیە حەقی نەدراوەتێ. هیچ کوردێکی مەسئوول داوای جیاکردنەوەی کوردستانی نەکردوەو ناشی کا ، بەڵام ئەگەر جودا بێتەوە، لە بەر ئەوەیە. حەتتا ئەگەر دووبرا یەکێکیان زوڵمی لەوەی دیکەیان کرد، ئەوی دیکەیان دەیەوێ جیا بێتەوە، چونکە زوڵمی لێدەکرێ. ئەگەر زوڵمی لێنەکرێ، بۆ جیا دەبێتەوە. ئەگەر "وحدت ارضی" ی ئێران زەعیف بێ، ئەوانە "تضعیف"ی دەکەن کە ناهێڵن خەڵکی ئێران بە هەموو نەتەوەکانیەوە لە حوقووقی مساوی بەرخوردار بن. دەنا بە تەئمینی حوقووقی ئەوانە یەکیەتی‌و یەکپارچەیی ئێران هەر بە "قوت" دەبێ.

**پ: مامۆستا! یەکێك لەو کەسانەی کە لەو وتووێژەدا "استناد"ی پێکراوەو واپیشان دراوە کە خۆی لە ناو بزووتنەوەی کوردەوە هاتوەو لە خودی بزووتنەوەی کوردەوە قسە دەکا، ئاغای فارووقی کەیخوسرەوی‌یە کە هەموو دەزانن لە تاقمی حەوت کەسی بووە، رەخنەیەکی بە ناو کارناسانەو حوقووقی لە حیزبی دێموکرات دەگرێو دەڵێ حیزبی دێموکرات لە جەریانی "خلع سلاح"ی پادگانی مەهابادو شارەوانیی مەهابادا، دوو ئیقدامی ناشیرینیان ئەنجام دا، چونکە ئەوکات "دولت موقت" لە سەر کاربوو، دەبوایە حیزبی دێموکرات بە "هماهنگی" لەگەڵ "دولت موقت"دا ئەو کارەی بکردیایە.**

و: ئەویش دیارە فەقیرە شتە تاریخی‌یەکانی لێ تێکچوون. شارەوانیی مەهابادو پادگانی مەهابادێ دوو مەسەلەی بە تەواوی لێك جیان. راست لە رۆژی ۲۲ی ڕێبەنداندا کە حکوومەتی شا رووخا، نە شتێك لە ژاندارمێری ماو نە شتێك لە شارەبانی ماو هەرچی شوێنە چەکداری دەوڵەتی لە مەهابادێ هەبوون، تەقریبەن لە زۆربەی شارەکانی کوردستانو سەراسەری ئێرانیش‌دا، سیلاحەکانیان لێ‌ئەستێندران. راستە دەوڵەتی مەرحوومی بازرگان پێش ئەوەی کە دەوڵەتی بەختیار بڕووخێ، دامەزرابوو کە بەختیاری‌یەکان پێیان دەگوت حکوومەتی سایە، بەڵام جارێ ئەو حکوومەت نەبوو، دەسەڵاتی بە دەستەوە نەگرتبوو، لە ئەووەڵین رۆژدا شارەوانیی مەهابادێ "خلع سلاح" کرابوو. هەروەکوو ژاندارمێریو هەموو بنکە چەکدارەکانی دیکە، کەوابێ جارێ ئەوە نیە. ئەوەی مەربووتە بە پادگانی مەهابادێ، داستانەکانی سەیرن. پادگانی مەهابادێ کە چەك کراوە، جارێ هەر ئەو رۆژەی چەك کرا لە سەعاتی دووی پاش نیوەڕۆدا رادیۆی تاران لە ئەخباردا دەڵێ پادگانی مەهابادێ ئەوڕۆکە بە دەستی رەزمەندەگانی کورد فەتح کراوەو وەفادارییان بە جمهووریی ئیسلامی راگەیاند. ئەمن جارێکی لە موساحیبەیەك‌دا گوتوومە، نازانم خوێندووتانەتەوە یان نا، ئەو وەختی لە تارانێ بووین، مەسەلەی پادگانی مەهابادێیان باس کرد. گوتم بابە بە پێی ئەو "ارقام"ەی بڵاوبۆتەوە، کە "ارقام"ێکی تەخمینی‌یە، تەنیا لە دەوروبەری پادگانەکانی تارانێ‌دا میلیۆنێكو سەد هەزار قەبزە ئەسڵەحە دەرچووە، ئەوە بۆ هیچی دیار نیە، دووهەزارو پێنسەد قەبزە ئەسڵەحە لە پادگانی مەهابادێ بوو بە "پیراهن عثمان"؟! چ باسە؟ ئێمە پادگانی مەهابادێمان "خلع سلاح" کردوە، لە بەر ئەوەی کە پادگانی مەهابادێ وەك مۆتەیەك بە سەر سەری خەڵکەوە بوو. ئەوە سیاسەتی جمهووریی ئیسلامی نەبوو، سیاسەتی شای بوو. پادگانی مەهابادێ جیرانی ژنو منداڵی خەڵکی بوو. پێمان وابوو ئەو پادگانە نابێ لەوێ بێ. پادگانی مەهابادیش دەستی کردبوو بە ئارایشێك لە دژی خەڵکی مەهابادێ کە خۆی ئامادە دەکرد بۆ سەرکوتی هەر حەرەکەتێکی ئازادیخوازانە. لەوێ دابوو کە فیکری گیرانی پادگانی مەهابادێ کەوتە سەری حیزبی دێموکرات. دەنا شەوی ۲۳ی ڕێبەندان ئەمن ئەو دەم بە مەخفی دەژیام، لە ماڵی مام غەنی

بووم، میوانی هاتن، ئەمنیش چوومە ژووریّ، دوو ژووری هەبوون. چوومە ژووری مالّیّ لەگەلّ براژنم دانیشتین. براژنمو کچێکی لە مالّیّ بوون، ئەو چووە کن میوانەکانو هاتەوە، گوتی ئەوە دەلّێن پادگانیّ دەگرین. گوتم پێیان بلّیّ، مەیگرن. ئەووەلّەن مەسلّەحەت نیە، لە پاشان پادگانیشیان پیّناگیریّ. پادگان ژاندارمێری نیە، چوار مندالّی لیّوەخۆ بکەونو بیگرن. پادگان هەموو سیلاحێکی لیّیەو رەنگە دوو سیّ هەزار سەربازیشی لیّبیّ. چوو قسەی بۆ کردن، زاهیرەن رازی ببوون، گوتبوویان باشە، بەلاّم بەیانی بۆ ئەوەی ئەو ئیفتیخارە بە نسیب ئەوان بیّو حیزبی دێموکرات بەشی تێدا نەبیّ، حەملەیان کرد کە بە داخەوە ٥٦ کوشتەو برینداریان دا، ٢٩ شەهیدیاندا، بەلاّم پادگانیان پیّنەگیرا. حەتتا وەختی خۆی کە ئێمە باسمان کرد کە دەمانەویّ پادگانیّ بگرین، مەرحوومی دوکتور قاسملووی گوتی پێم باشە لەگەلّ مامۆستا شێخ عێزەددینیش قسە بکری، ئەمن چووم زۆر بە نیگەرانییەوە گوتی جا شتی وا دەبیّ، گوتم چووزانم ئەگەر بوو. گوتی وەلّلا ئەگەر ببیّ زۆرم پیّخۆشە، یانی وای لیّهاتبوو کە ئەوانیش پێیان وابوو ناگیریّ، لە حالّێكدا پادگان کاری بۆ کرابوو، لەگەلّ ئەفسەرانی ئازادیخواز لە نێو پادگانیّدا "ارتباط" هەبوو، بۆیە گیرا.

**پ: بەرێز مامۆستا! هەر لە پێوەندی لەگەلّ کەسی ناوبراودا، دەیەویّ رەخنە لە کاك دوکتور قاسملوو بگریّو واپیشان بدا کە کاك دوکتور قاسملووی نەمر، دیکتاتۆر بووە. رەنگە وا بزانیّ بە رەخنەگرتنو درۆهەلّبەستن بۆ پێغەمبەری ئاشتیو مامۆستای دێموکراسی گەورە دەبیّ، بۆیە دەلّیّ یەکێك لە رەوشەکانی دوکتور قاسملووی بۆ بردنە پێشی ویستو ئامانجەکانی ئەوە بوو کە لە نووسراوە رەسمییەکاندا لە بەرامبەر رکەبەرەکانی پاشەکشەی دەکرد، بەلاّم لە کردەوەدا بە پێچەوانەی ئەو نووسراوە رەسمییانە دەجوولاّیەوە. بەرێزتان چۆن سەیری ئەم هەولّە زەبوونانەی فارووقی کەیخوسرەوی دەکەن؟**

و: دیارە قسەکانی موهەندیس فارووقی کەیخوسرەوی شتێکی سەیر نین. چونکە هەر ئەو وەختی کە ئەندامی کومیتەی مەرکەزیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، سەنگەری خۆی جودا کردبۆوە، ئەندامی حیزبی دێموکرات بوو، بەلاّم سیاسەتی حیزبی توودەی ئیجرا دەکرد کە سیاسەتی حیزبی توودەش ئیلهامی لە سیاسەتەکانی جمهووریی ئیسلامی وەرگرتبوو و بۆ خۆشی لە زۆر جێیاندا گوتویەتی کە پاسداری ئێرانیی پیّ لە حیزبی دێموکرات چاکترە. کابرایەکی ئاوایە. لە کەسێك کە ئاوا سەنگەری خۆی دیاری کردوە، ئینتزاری لەوە زیاتر نابیّ. دوکتور قاسملووش شەهید بووەو بە داخەوە سێبەری لەسەر میللەتی کوردو بزووتنەوەی کورد کەم بۆتەوە، بەلاّم هەموو دونیا ئەو شاهیدییەی بۆ دەدا کە هەتا ئێستا لە نێو کورد و خەلّکی رۆژهەلاّتی نێوەراست دا بە گشتی رێبەرێك کە ئەوندە باوەری بە دێموکراسی هەبیّ، دەرکی دێموکراسیی کردبیّ نەبینراوە. ئەمن نموونەی زۆر جالبم لیّ لە بیرە. جارێکی ئێمە ١١ کەس بووین لە کومیتەی ناوەندیدا، دەمانویست کارێك جێبەجیّ بکریّ، دە نەفەرمان موافیقی بووین، دوکتور قاسملوو بە

تەنیا موخالیف بوو. پەسند کرا. دەی باشە کێ جێبەجێی کا، گوتمان دەبێ دوکتور قاسملوو جێبەجێی کا. گوتی برایان ئەوە ئوسوولی نیە. ئەمن تەنیا موخالیفی ئەو بڕیارەم. چۆن بە منی جێبەجێ دەکەن. گوتمان ئەگەر تۆ جێبەجێی نەکەی جێبەجێ نابێ (کە نامەوێ بچمە نێو "تفصیلات"وە) چوو جێبەجێی کرد، بە باشترین شێوەی مومکین جێبەجێی کرد. بە گیانی ئێوە دوو مانگی پێوە نەخرا ئێمە هەموومان لەوەی کە ئەم کارەمان کردوە پەشیمان بووین. بەڵام چونکە ڕەئیی ڕەفیقەکانی لە سەر ئەوەی بوو، سەریشی بۆ نەوی کردو بە باشترین شێوەش جێبەجێی کرد. بەڵام خۆ ئێمە ئینتزارمان نیە کاك فارووقی کەیخوسرەوی چاکە بڵێ. چونکە ئەو سەنگەری خۆی هەڵبژاردوە. تەنیا گلەییەکی کە لێی دەکرێ ئەوەیە کە ئەگەر وەختێکی ئەوەی دەکرد، دیسان مەفهوومێکی هەبوو. ئێستا کە تەپڵی ڕیسوایی جمهوری ئیسلامی لە هەر "کوی وبرزن"ێك لێدراوە، ئێستا کە هەموو دونیا جمهووریی ئیسلامیی ناسیوەو باشترین‌و فیداکارترین "عنصر"ەکانی جمهووریی ئیسلامی پشتیان تێی کردوە، یانی ئەگەر کابرا ئەسحابی کەهفیش بێ ئاوا بێخەبەرانە حیمایەت لەو ڕێژیمە ناکا. ئەویان جێی "تأسف"ە. پیاو وەکوو کوردێك بەزەیی پێیدا دێ.

**پ: بەڕێز ماموستا ناوبراو بە شێوەیەکی زۆر ساویلکانە دەڵێ کاتێك کە گەڕامەوە باوەشی کوماری ئیسلامی، پاسدارێکی ڕیش نوورانی لێی پرسیم کە چی بکەین کە کوردەکان نەکەونە شوێن دێموکرات‌وکۆمەڵە، منیش گوتم ئەوەی ئەوان وەك دروشم هەڵیان گرتوە، ئێمە بێین بە کردەوە ئەنجامی بدەین، پاسدارەکە وتی واتە دەڵێی خودموختارییان پێبدەین. ئەمنیش گوتم خودموختاری خۆ شاخی نیە، یەکێك لە پایەکانی ئەوەیە کە زمان و فەرهەنگی کوردی پەرەی پێبدرێ. دەڵێ ئەوە بوو کە ئێمە لەگەڵ ماموستا هێمن‌دا ناوەندی بڵاو کردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی، واتە "انتشارات صلاح الدین ایوبی"مان لە ورمی دامەزراند. بە کورتی دەیەوێ بڵێ خودموختاریمان وەرگرت. بەڕێز ماموستا! خودموختاری ئێمەو خودموختاریی ئاغای فارووقی کەیخوسرەوی چ جیاوازییەکیان بە یەکەوە هەیەو کوماری ئیسلامی بۆ نیازە گڵاوەکانی خۆی بە چ شێوەیەك لەو جۆرە کەسایەتیانەی وەك ئاغای کەیخوسرەوی کەلك وەردەگرێ؟**

و: دیارە خودموختاری کە ئێمەش داوای دەکەین، یەکێك لە ئەسڵە موهیممەکانی بە ڕەسمی‌ناسینی زمانی کوردی لە نامە نیگاریو لە خوێندن‌و خوێندنەوە لە نووسین لە مەراحیلی جۆراوجۆری خوێندندایە. کە وابێ ئەوە ئەهمییەتێکی زۆری هەیە، بەڵام خودموختاری پێش ئەوەی ئەوە بێ، ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی ئیدارەی کاروباری خۆیدا حاکم بێ. هەر وەکوو لە بەرنامەی حیزبی ئێمەدا هاتوە بێجگە لە چەند ئەسڵی گشتیی وەکوو "روابط خارجی" و دیفاعی نیشتمانی یانی ئەرتەش‌و بەرنامەی

درێژخایەنی ئیقتسادیو "چاپ اسکناس" و پووڵ مەسایلی ئەرزی، باقی دیکە لە ئیختیاری خۆی دا بێ. ئێستا نامانەوێ بەرنامەی حیزب شی کەینەوە. بەڵام لەو هەوڵەیدا ناسەرکەوتووە کە پێی وایە ئەو و مەرحوومی مامۆستا هێمنی بەشیان تێیدا هەبووە، ئەوە نەتیجەی هەوڵو تەلاشی ئەوان بووە. لە حالێکدا هیچ ڕووناکبیرێکو هیچ ڕوناك عەقلێك ئەوەی نە بە نەتیجەی ڕەحمو و بەزەیی جمهووری ئیسلامی دەناسێو نە بە نەتیجەی هەوڵو تەقەلای کاك فارووقو مامۆستا هێمنی ڕەحمەتی دەناسێ، بەلکوو بە خوێن بەهای ئەو پێشمەرگانەی دەناسی کە لە پێناوی وەدەستهێنانی مافو ئازادییەکانی میللەتی کورددا، خوێنیان بەخشیوە. " گرچە تیر از کمان همی گذرد   از کماندار بیند اهل خرد". کەوابی ئەوە دەستکەوتی میللەتی کوردە، نە دەستکەوتی "تسلیم طلبی". جا با جمهووریی ئیسلامی ئەو کارەی کە کردوە، ڕێگایەکی ئاوای داوە، هەدەفێکی دیکەش تەعقیب بکا، ئێمە بە هیچ جۆر بە قەولی باوی ئێستا"قرائت"مان ئەوە نیە کە ئەوە لە نەتیجەی ڕەحمو بەزەیی ئەوان یا هەوڵو تەقەلای کاك فارووقی کەیخوسرەوی دایە، بەلکوو بە بەرهەمی خەباتو تێکۆشانی تێکۆشەرانی کوردی دەزانین بە حیزبی دێموکراتو بە هەموو گرووپەکانیانەوە.

**پ: بەڕێز مامۆستا! ناوبراو دەڵێ ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە کە ئەوانە، واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەشیمان ببنەوە کە بە خۆیان دەڵێن دێموکرات. ئەوانە بەرپرسی خوێنی بە ناهەق ڕژاوی سەدانو هەزاران کەسن کە بە هۆی لادان لە هێڵە گشتییەکانی حیزب سیاسەتی جەنگ هەڵایسانیان گرتۆتە پێش. بەڕێزتان چۆن چاو لەو بانگەوازەی ئاغای کەیخوسرەوی دەکەن؟**

و: ئەمن هەر بە راستی بە "استرحام"ەوە دەڕوانمە نەزەرەکانی کاك فارووقی کەیخوسرەوی. ئەوە ئەو بە تەنیاش نیە، وەختی خۆی بۆمن چەند تاڵ بوو کە پیاوێکی بە ناوبانگ، ڕێبەرێکی وەك عەبدوڵڵا ئوجەلان داوای لێبووردنی لە دایکی سەربازە کوژراوەکان کرد، لە جیاتی داوا لە دوڵەتمەردانی تورکیا بکا کە کوڕی کوردیان کوشتوە، عوزر بۆ دایکانی کورد بێننەوە، ئەو داوای لێبوردنی دەکرد. وەك ئەوەی تەقسیری کردبێ. ئێستا ئەو لە جیاتی ئەوەی کاربەدەستانی جمهووریی ئیسلامی مەحکووم بکا کە ئەو هەموو خوێنە بە ناهەقەیان لە کوردستان ڕشتوە، دەیەوێ حیزبی دێموکرات مەحکووم بکا کە بۆچی شەڕی هەڵایساندوە. ئەمن باسی ئەوەتان بۆ دەکەم، ئێوە جەوانن ڕەنگە چاکتان لە بیر نەبێ، بەڵام خەڵکی دیکەو کاك فارووق بە تایبەتی لە بیریانە بە دەیان "تظاهرات" وەرێ دەکەوت زیدی حیزبی دێموکرات کە حیزبی دێموکراتیان بە "سازشکار" ناو دەبرد، چونکە ئێمە "منادی"ی ڕێککەوتن لەگەڵ جمهووریی ئیسلامی بووین. "منادی"ی حەللی مەسەلەی کورد لە ڕێگای ئاشتیخوازانەوە بووین. ئەو وەختی زیدی پارتی دێموکراتی کوردستان کە قیادەی مووەقەتی هەبوو، دەیانگوت "دیموکرات و قیادە ڕەنجی کوردیان بە بادا". چ هەوڵو تەلاشێك نەبوو کە ئێمە نەیکەین بۆ ئەوەی کە شەڕ نەبێ، بۆ ئەوەی خەڵك بە لانیکەمی مافو ئازادییەکانیان بگەن، بە بێ ئەوەی خوێنرێژی هەبێ. تەنانەت ئێمە بەوەی ڕازی بووین کە پەلامارمان نەدرێ، لە کوردستان دانیشین

وتووێژەکانمان ئیدامە بدەین. ئەوە جمهووریی ئیسلامی بوو کە لە هەموو لاوە لەشکری دەنگدا بۆ سەر کوردستان. جێیەکانی دیکەش وابوون، تورکمەن سەحرای وا لێ نەکرد؟ خووزستانی وا لێ نەکرد؟ ئازەربایجانی وا لێ نەکرد؟ باشە هەر حیزبی توودەی ئاغای کەیخوسرەویی چ لێ کرد؟ خۆ حیزبی توودە شەڕی لەگەڵ نەکردبوو؟ ئەدی بۆچی چوون تەک تەکی ڕێبەرانو کادرەکانیان گرتنو ئەوی ئیعدامیان کرد، کردو ئەوانەی دیکەیان لە زیندانەکاندا ڕزاندن؟! بە ڕاستی ئەو، یەکجار بێخەبەرە. ئێستاش هەر لەو دنیایە بێخەبەرە، دەنا نەدەبوو شتی ئاوا بڵێ. لە جێیەکی دیکەدا، پێم وابێ لە ئاخری قسەکانی دایە، دەڵێ ئەوەم بۆ دیالۆگ هێناوە، بۆ ئەوەی ببێتە شتی وا! بابە خەڵك ئێستا گاڵتە بەو قسانەی تۆ دەکا. حەتتا ئەو توهمەتانەی کە ئەو وەختی لە ئێمەیان دەدا، مەسەلەن ئەو وەختی دەیانگوت ئەوە "همسویی" لەگەڵ ئیمپریالیزمە، ئەوە لیبرالیزمە، ئەوە چییە. لیبرالیزم بە مانای ئازادیخوازییە، کردبوویانە "هیولا"یەك کە دەبوو منداڵانی پێبترسێنی. لیبرالیزم یانی ئازادیخوازی، هیچی دیکە. ئەو وەختی ئەو قسانە بە درۆش کە بۆ یەکێکیان هەڵدەبەست، ئومێدێك هەبوو کە خەڵك پێی فریو بخوا کە ئەو وەختیش درۆ بوو. بزووتنەوەی کوردو حیزبی دێموکرات وابەستە بە هیچ جێیەك نەبوون، بە میللەتی کوردو خەڵکی کوردستانەوە نەبێ. ئیلهامیشیان لە کەس وەرنەدەگرت، لە ویژدانی خۆیانو لە خواستەکانی میللەتی خۆیان نەبێ. بەڵام ئەو وەختی کە ئومێدێك هەبوو خەڵك لێی ببیستێ، خەڵك باوەڕ بەوەی بکا، ئێستا دەورانێکی دیکەیە. ئەمن بە ڕاستی پێم خۆش نیە، بەڵام خەڵك بە ئاشکرا بانگ دەکا دەڵێن ئەمریکا وەرە نەجاتم دە. ئەو لەو وەختە دا قسان دەکا، لەو وەختەیدا کەجمهووریی ئیسلامی نزیکترین "عنصر"ەکانی خۆی پشتیان تێکردوە. بە قەولی مەشهوور ئەو تازە "گرێو لە سەر ئەسپێکی دۆڕاو" دەکا، ئەسپەکە لە مێژە دەیدۆڕێنێ، بەڵام لە گرێوە ئەسپیدا ئەو گرێوی لە سەر دەکا. ئەو خراپ حاڵییە.

**پ: مامۆستا! لەو وتووێژانەدا باسی کێشەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو عەشیرەتی مەنگوڕ دەکاو دەڵێ ئەندامانی حیزب لەگەڵ مەنگوڕان دەرگیر بوونو خەڵکێکی زۆریان لێکوشتنو خەڵك لە کردەوەدا رووبەڕووی حیزب بوونەوە. تکایە بفەرموون ئەو رووداوانە چۆن روویان داو قسەکانی ئەو شەخسە چۆنو تا چ ئەندازەیەك لەگەڵ واقیعدا یەك دەگرێتەوە؟**

و: تۆ یەك دووجار "هەنبانەکەی کاك غەنی بلووریان"ت بە کار هێنا، بەڕاستی ئەویش هەر بە نەقڵ لەوێوە باس دەکا کە لەوێدا کاك غەنی بلووریان بۆتە "ابوهریرە"، حەدیسی لێنەقڵ دەکەن. داستانی [مەنگوڕان]حەتتا لەگەڵ هەموو ساویلکەیییەکەی کە لە داڕشتنی قسەکانیدا هەیە، ئێستا بۆیان داڕشتبێ، یا بۆخۆی نووسیبێ زۆر فەرق ناکا، ئەویش ئیشارەی پێدەکا. حیزبی دێموکرات بۆی دەرکەوت کە ئەوانە

لەگەڵ دەوڵەت "زدوبند"ێکیان هەیە. دەیانەوێ لە ژاندارمێری سیلاح وەربگرن، خۆ سیلاحیان بۆ دیفاع لە دەسکەوتەکانی کورد نەدەدانێ، بۆیە سیلاحیان دەدانێ کە لە موقابلی بزووتنەوەی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا رایانبگرن. خودی کاك غەنی "رابطە"یەکی تایبەتی لەگەڵیان هەیە، لەگەڵ هێندێکیان خزمە. حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەی حاڵی بن، ئەوی کردە "واسطە" کە قسەیان لەگەڵ بکا کە ئەو کارە نەکەن، با ئەوەش بڵێین لە تاریخی رابردوودا مەنگوڕەکان لەگەڵ حیزبی دێموکرات پێوەندییان زۆر باش بوو. ماڵی مەنگوڕەکان هەمیشە پەناگاو جێحەسانەوەی کادرەکانی حیزبی دێموکرات بوو، بە تایبەتی ئەوەمان بیر هێنانەوە کە بابە ئێوە ئەوە "رابطە"تانە لەگەڵ حیزبی دێموکرات، شتی وا مەکەن. گوتیان شتی وانیە، درۆیە. لە پاشان ئێمە بەشی خۆمان شتمان هەبوو، لیستی تفەنگەکانمان بۆ هات، دووهەزار تفەنگیان وەرگرتبوو. بە ژمارەوە، تفەنگی ژمارە ئەوەندە بۆ فلانکەس، هەمووومان وەرگرت. ناردمان گوتمان بابە ئەوە شتەکان، ئیدی قابل "توجیە" نیە، تفەنگەکان بدەنەوە با نێوانمان تێك نەچێ. دوایە ئەگەر پێتان خۆش بوو لەگەڵ حیزبی دێموکرات هاوکاری بکەن، حیزبی دێموکرات چەکتان دەداتێ، بەڵام بۆ پێشمەرگایەتی، نەك بۆ "مخالفت" لەگەڵ بزووتنەوەی کورد. کە زانیان ئەوە ئاشکرا بووەو چەکیشیان وەرگرتبوو و پووڵیشیان وەرگرتبوو، چەند رۆژێك بوو بنکەیەکیان لە دۆڵی "ئافان" کردبۆوە، بەیانیەیەکیان دەرکرد کە ئەومەنتەقەیە، مەنتەقەیەکی "محرمە"یە. ئەوەیان نەنوسیبوو، بەڵام بە قەولی کوردی باڵدار بێ، باڵی دەوەرێنین‌و ناڵدار بێ، ناڵی دەوەرێنین. لەو وەختەیدا بۆ حیزبی دێموکرات رێگایەك نەمایەوە غەیری ئەوەی کە بچێ چەکیان بکا. بە خیلافی ئەوەی کە دەڵێ زۆر کوژرا. ئەوانیش لێیان کوژرا، ئێمەش چەند شەهیدێکمان هەبوو، بەڵام ژمارەی ئەوانەی کە گیانیان لە دەست دا، لە هەردوولا نەگەیشتە ١٠ کەس. بەڵام خۆشی‌یەکە ئەوەیە کە دەڵێ خەڵگ لەگەڵ ئەوان بوو، دیارە مەبەست لەو خەڵکەی لە موقابیلی حیزبی دێموکراتدا بوون، خەڵکی مەنگوڕانە. با ئەوەش بڵێم رەنگە ئێوە نەزانن، خەڵکی مەنگوڕان یەکێکن لەو عەشیرەتانە کە ئاغایەکەو رەعیەتەکە خزمن، بەشی زۆریان پشتن، لە زۆر جێیان وانیە، مەسەلەن لە مەنتەقەی گەورکان، ئاغایەکان تایفەیەکن، خەڵکەکەی دیکە جیان. ئەو ئاغایانە لە لاوەڕا هاتوون بە سەریاندا حاکم بوون، بەڵام مەنگوڕ وا نین. مەنگور پێکەوە خزمن، بەڵام بەو حاڵە غەیری ئەوانەی کە پێیان دەگوترا ئاغا، تەواوی خەڵکەکە لەگەڵ پێشمەرگەی بوون، راویان دەنان. کابرایەکی مەنگوڕی قسەخۆش تەڵاقی خواردبوو گوتبووی چۆلەکەکانیش دێموکراتن، حەتتا چۆلەکەکانیش! بە حەددێکی ئاوا خەڵك لێیان راپەڕیبوو، بۆیە تەسلیم بوون. مەسەلەن ئەمن لە بیرم ناچێ هەر لەو مەنگوڕانە ماڵێك هەبوو، دۆستم بوون. لە دەورانی خەباتی نهێنی‌دا جارێك ئەمن بە قاچاغی لە عێراقێڕا بە نهێنی چووبوومەوە، مانگی سەرماوەز بوو، زۆریش سارد بوو. دە شەو بوو لەو کوێستانانە لە دەرێ دەژیام، بێئەوەی هیچیشیم پێوە بێ. ئیدی خەو نەچووبووە چاوانمانەوەو ئیستراحەتمان نەکردبوو، چووینە ماڵی ئەو پیاوەی. شەوێ حەواندینیەوە،

پەزیرایی‌یەکی باشی لێکردین‌و بۆ یەکەم جار لە ماوەی دە شەواندا ئەو شەوە بە رەحەتی نووستین، هێندە "اطمینان"مان پێی هەبوو، کەچی لە جەنگەی شەڕدا لە دەفتەری دانیشتبووم، ئەمن مەسئوولی تەشکیلاتی حیزب لە مەهابادێ بووم، هاتن گوتیان یەکێکی ئاوا دەیەوێ بێ، ئەگەر ناوەکەیان هێنا، ناوی کوڕی ئەو پیاوەی بوو، هات‌و خەڵکم لە کن بوو، گوتی دەمەوێ بە تەنیا قسەت لەگەڵ بکەم، چووینە دیوێکی دیکە، گوتی چمان لێدەکەی؟ گوتم چیە گوتی بابم‌و براکەم لەگەڵ ئەوانن، ئەوەش چەکەکانیان، یانی ژمارەی چەکەکانیان. ئەگەر فریایان نەکەون، دەکوژرێن، گوتم تەماست لەگەڵیان هەیە، گوتی ئا. کاغەزێکم بۆ نووسین، نووسیم فلان‌و فلان دێن بۆ لای حیزبی دێموکرات، کەس پێشیان پێنەگرێ، چوون هێنایانن. پاشان کە شەڕەکە تەواو بوو دوو نەفەر لە کومیتەی مەرکەزی‌و ئەمن کە ئەو وەختی کومیتەی مەرکەزی نەبووم، بەڵام چوون عومرم زیاتر بوو و وەك ریشسپی‌یەك منیان حیساب دەکرد، چووین گەڕاین، دێ بە دێ خەڵکی دێمان کۆکردەوە، ماڵە ئاغاکانمان کۆکردەوەو گوتمان بابە لە بەینی برایانیش‌دا ئیختیلاف دەبێ، ئەوە هات‌و رابورد، ئیدی کەس هەقی نیە "تعدی"یان لێبکاو ئەوەی [پێش هاتوە] "سوء تفاهم"ێك بووە، ئەو "توطئە"یە کە دەوڵەت پێکی هێنابوو، بە کەمترین بەها، بە کەمترین نرخ "خنثی" بۆوە، بێ‌ئەوەی دوژمنایەتی‌یەکی "عمیق" بکەوێتە بەینی ئاغاو رەعیەتەکان. مەسەلەکە ئەوە نەبوو کە هەر چەکیان وەرگرتبوو، ئیسلاحاتی ئەرزی کرابوو [بەڵام ] ئیعلامیان کردبوو کە دەبێ رەعیەتەکان لە سەر زەمینەکان دەرچن، "باصطلاح عوارض"و داهاتی ئەو پازدە بیست ساڵەی رابردووش بدەن، چەند ساڵە مالیکانەیان نەداوە، چونکە دەوڵەت تەقسیمی کردوە، داوای ئەوەشیان لێدەکردن. دەی باشە حیزبی دێموکراتی کوردستان ناتوانی لە رێژیمی شاهەنشاهی کۆنەپەرستتر بێ. وەختێکی زەمینێك شا داویەتی بە رەعیەت، چۆن حیزبی دێموکرات لێی‌دەستێنێتەوە؟ با لێرە ئەوەش بڵێم "مدعیان"ی حیمایەت لە جووتیاران‌و زەحمەتکێشان یەکێکیان نەهات بەردێکیان پێدا دا. پێیان وابوو حیزبی دێموکرات‌و ئاغای مەنگووران (بۆرژوازی‌و دەرەبەگایەتی) یەکتر "قتل عام" دەکەن‌و ئەوانە دەبنە "یکەتازی" مەیدان.

**پ: مامۆستای بەڕێز! لەو گۆڤارەدا نووسراوە کە کاك دوکتور قاسملوو خوازیاری هەڵوەشانەوەی ئەرتەش بووەو لە ١٢ی رەشەمەی ١٣٥٧دا بابەتێکی لە رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاوکردۆتەوەو دەڵێ، واتە کاك دوکتور قاسملوو دەڵێ: "ئەرتەش نابێ ببێتە گۆپاڵی دەوڵەت بۆ سەرکوتی گەلان". بەڕای بەڕێزتان ئەو وتەیەی کاك دوکتور قاسملووی نەمر هەڵوەشانەوەی ئەرتەش دەگەیەنێ؟ ئایا کاك دوکتور داوای هەڵوەشانەوەی ئەرتەشی کردوە؟**

و: چەند گوناحێکی گەورەیە!! ئەوە قسەی دوکتور قاسملوو نیە، بەندێکی بەرنامەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانە. ئەو وەختەی ئاوا بوو، دەڵێ: ئەرتەشی شاهنشاهی دەبێ هەڵوەشێ لە جێگای ئەرتەشی شاهنشاهی، ئەرتەشێکی میللی بۆ پاراستنی سنوورەکانی ئێرانو دیفاع لە دەسکەوتەکانی خەڵك پێك بێ. بەڵێ دوکتور قاسملوو بە ئیفتیخارەوە داوای ئەوەی کردوە کە ئەو ئەرتەشە دەبێ بگۆڕێ . لە پاشان جالب ئەوەیە، یەعنی ئەوانە کە عەرزم کردی هەر دەیانەوێ بزووتنەوەی کورد مەحکووم بکەنو دیفاع لە جمهووریی ئیسلامی بکەن. مەگەر جمهووریی ئیسلامی بە عەمەل ئەو کارەی نەکردوە؟ مەگەر جمهووریی ئیسلامی نەهات ئەرتەشی شاهەنشاهیی هەڵنەوەشاند؟ یەك جار بە یەك فەرمان هەرچی ئەفسەری لە سەرهەنگ بەرەوژوورتر بوو هەمووی دەرنەکرد؟ لەپاشان تەسفیەی تەواوی تێدا نەکرد؟ حیزبی دیموکراتو دوکتور قاسملووش کە گوتوویانە هەر ئەوەیە، نەك ئەوە تەواوی ئەرتەشییەکان لە ئاشی کەین، تەواوی ئەرتەشییەکان دەرکەین لە ئێرانێ. بەڵام پێمان وابووە سیستمی ئەرتەشەکەی دەبێ هەڵبوەشێتەوە. دەبێ ئەرتەشێك بێ دیفاع لە خەڵکی بکا. لە پاشان لە هەموو جێیەك گوتوومانە، ئێستەش دەیڵێین، وەزیفەی ئەرتەش نەك سەرکوتی خەڵك نیە، تەنانەت راگرتنو پاراستنی نیزامیش نیە. پاراستنی ئەمنییەتو نیزامی داخلی دەبێ لە ئەستۆی هێزە ئینتیزامییەکانو پۆلیسو ژاندارمێریو ئەوانە بێ، ئەرتەش دەبێ لە موقابیل دەستدرێژیی بێگانەدا دیفاع لە سەربەخۆیی وڵات بکا. ئەوە خۆ گوناحێك نیە، بەڵێ گوتوویەتی، بە ئیفتیخارەوە گوتوویەتی ئێستاش حیزبی دیموکرات هەر ئەوەی دەڵێ. جمهووریی ئیسلامی ـ سەیرە، ئەوە عەینی عەمەلەکەی جمهووریی ئیسلامی مەحکووم دەکەن ـ لەوانەیە ئەگەر بیخوێننەوە هەر بانگی کەن، محاسبەشی کەن [کە ] چۆن ئەوەی بە خراپ زانیوە، ئەوە نیە ئیمام خومەینی ئەو کارەی کردوە!

**پ: لەو وتووێژەدا باس لەوە دەکرێ کە یەکێك لەو کردەوانە کە بوونە هۆی ئەوە کێشەیەکی زۆر بنێتەوە میتینگی مەهاباد بوو کە لەودا چەندین هەزار کەس ئامادە بوونو هەموو ئامادە بووان چەکدار بوون بە وتەی ئەوان. بەڕێز مامۆستا! تکایە راستیی ئەو رووداوە واتە رووداوی میتینگی مەهابادمان بۆ روون بکەنەوە؟**

و: میتینگی مەهاباد کە لەواقیعدا هەمووی کەمتر لە ٢٠ رۆژ دوای رووخانی رێژیمی پاشایەتی بووە لە ئێرانێدا، کە خەڵکێکی زۆری تیا بەشدار بوو، یەعنی تەخمینی جۆراوجۆری لێدەکرا، بەڵام هیچ تەخمینێك کەمتر لە ١٠٠/٠٠٠ کەس نەبوو، ١٠٠/٠٠٠ کەس لە هەموو کوردستانەوە، لە هەموو بەشەکانی کوردستانەوە تێیدا بەشدار بوونو میتینگێکی زۆر بەشکۆ بوو. لەو میتینگەدا تەجلیل لە ئینقلابی ئێرانێ کراوە، دیفاع لە ئینقلابی ئێرانێ کراوە، مەسایلی میللەتی کوردیش مەترەح بووە، خەڵکێکی زۆریشی تێدا بەشدار بووە کە لە هەمووی تەجلیل کراوە، بەڵام باسی ئەوەی کە هەمووی ئەوانە موسەللەح بوون [ راست نیە ] ئەو وەختەی ئەسڵەن خەڵك سیلاحێکی زۆریان پێنەبوو. پادگان جارێ نەگیرابوو، پادگانیش کە گیرابا،

پادگانیش خەڵکێکی زۆری خۆ موسەللەح نەکرد. پادگانی مەهاباد بەرعەکسی تەسەورێك کە لێیدەکرا سیلاحێکی زۆری بە تایبەت سیلاحی وردی زۆر تێدا نەبوو، یا لانی کەم خەڵك بە تالانی بردو نەکەوتە دەستی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. بەڵام نازانم چ بوو، کێ ئەوەی تەرتیب دابوو بەڕاستی ئێستەش نەمانزانی، ئەوەی موهیمە بڕیارەکە ئەوە نەبوو کەبڵێی کومیتەی مەرکەزیو دەفتەری سیاسی بڕیاری داوە حەرەکەتێکی سەمبۆلیکی ئاوا بکرێ. چەند کەسێك بۆ خۆیان کردبوویان، بەینی ٢٠ تا ٢٥ نەفەر بە سیلاحەوە هاتن بە نێو ئاپۆرەی خەڵکەکەدا ڕۆیشتن. ئەسڵی کۆبوونەوەکە لە ئیستادیۆمێکی وەرزشیدا بوو. بەڵام چونکە جەمعییەتەکە زۆر بوو، لە دەرەوەی ئیستادیۆمەکە شایەد، دوو هێندەی نێو ئیستادیۆمەکەی خەڵك هەبوو، هاتن بە نێو ئیستادیۆمەکەدا گەڕانو خەڵکیش ـ وەکوو بڵێین ئیحساسات ـ چەپڵەیان بۆ لێدانو پێیان وابوو کە پێشمەرگەن ئێمە [ئەو کات ] پێشمەرگەمان نەبوو، ئێمە کە ئەو وەختەی لەدەرێ ڕا وەکوو ڕێبەرایەتی حیزب ـ ئەمن بۆخۆم جوزئی ڕێبەرییش نەبووم ئەو وەختەی، بەڵام ـ گەڕابووینەوە نێوخۆی وڵات. بە هەموویەوە پێم وایە ٣ دەمانچەو ٤ تفەنگمان زیاتر نەبوو، ئەسڵەن شتێکمان بە نێوی هێزی پێشمەرگە لەو وەختەیدا هەر نەبوو تا بڵێین تەزاهور بەوەی دەکەین، بەڵام ژمارەیەك کە لەملاو لەولای ڕا هاتبوون چەکیان پێبوو. خەڵك ئازاد بوو، چەکەکەی بە ئازادی هەڵدەگرت، هاتبوون. یەك لە دووسەدی ئەو خەڵکەش، یەك لە چوارسەدی ئەو خەڵکەش موسەللەح نەبوو. ئێستە تۆ مەسەلەن باس لە میتینگی نەغەدەی بکە، ئەووەختە ئیدی ماوەیەکی زۆر بەسەردا رابردبوو، خەڵك سیلاحیان لەملاو لەولا گرتبوو. لە میتینگی نەغەدەیدا ڕەنگە بە هەزاران کەس چەکی پێبووبێ، بەڵام لە میتینگی مەهابادیدا ئەوانەی بە چەکەوە هاتن نەگەیشتنە ٣٠ نەفەر بە هەموو تەئکیدێکەوە دەڵێم.

**پ: بەڕێز مامۆستا! لەو گۆڤارەدا لە زمانی کاك غەنی بلووریانەوە نەقڵ کراوە کە ئێمە کەوتینە شوێن هەڵوێستی "موجاهیدین"و "کومەلە"و شێخ عیزەدین"، واتە ئەمە قسەی کاك غەنییە، کە ئێمە کەوتینە شوێن هەڵوێستی "موجاهیدین"و "کومەلە"و شێخ عیزەدین". هەرچەند دەمانزانی "بنیصدر" متمانە پێکراوی "آیت‌الله خمینی"یەو پشتیوانی کردنی "آیت‌الله خمینی" لە ناوبراو دەبێتە هۆی سەرکەوتنی ئەو لە هەڵبژاردندا، ئەگەر وامان نەکردبا ڕێی تێدەچوو کە هێندێ لە گرفتەکانی کوردستان لە داهاتوودا بە هۆی ئەوەوە چارەسەر بکرێ، بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەمانەشدا هەڵبژاردنمان تەحریم کردو رامانگەیاند کە نابێ خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا بەشداری بکەن. تکایە بفەرموون ڕاستیی ئەو ڕووداوانە بە چ شێوەیەك بوو؟**

و: ئەوەی کە دەڵێ بۆمان دەرکەوتبوو کـە "بنی‌صـدر" سـەردەکەوێ، ئـەوە کەشـفی وی نیـە. ئەگـەر کەشفیش بێ، کەشفی منە. ئەمن پێم وابێ لە کتێبەکەشمدا هێناومە، دیدارێکم لـە قومـێ بـوو ـ چـونکە ئەمن چەند جارێك ئـاوە سـوێرەکەی قـومم خواردۆتـەوە ـ جارێکیـان چـووم لەگـەڵ ئـەو ئاغـای "مکـارم شیرازی"یەدا دانیشتم. لەوێدا بۆم دەرکەوت کە کاندیدای مەوریدی پەسەندی خومەینی ئاغای بەنی سەدرە، وەکوو "پسر خوانده"ی وی تەماشا دەکرا. بەڵێ ئەوەمان گوت بەڵام ئێمە کارمان ئەوە نەبوو کە رەئـی بـەو کەسە بدەین کە سەردەکەوێ. حیزبی سیاسی واناکا. ئەوە پێی دەڵێین فورسەت تەڵەبی لە سیاسەتدا، حیزبی سیاسی واناکا. حیزبی سیاسی کاری بەوەیە داخوا بەرنامە چیە لـە نێـو کاندیـداکاندا، هـیچ کاندیدایـەك باسێکی لە مەسەلەی کورد نەکردبوو ئـیللا مەسـعوودی رەجـەوی. مەسـەلە وەدوا کـەوتنی موجاهیـدینو ئەملاو ئەولا نەبوو، بەڵام ئاغای مەسعوود رەجەوی لە بەرنامەی ئینتیخاباتیی خۆیدا ئێعلانی کردبـوو کـە گەلالەی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد بۆ خودموختاری مەبنایەکی موناسبە بۆ حەللی مەسەلەی کـورد لە ئێراندا. ئێمەش ئێعلاممان کرد کە لە ئینیخاباتدا بەشدار دەبین رەئیش بە ئاغـای مەسـعوودی رەجـەوی دەدەین لەبەر ئەوەی بەرنامەی ئەوانی دیکە هیچیان وا نەبوون.[شتێکیان بۆ کورد تێدابـێ] تەنانـەت مـن لەگەڵ ئاغای "مکارم شیرازی" کە لێی پرسیم رەئی بەکێ دەدەن؟ بەشدار دەبن یا بەشـدار نـابن؟ گـوتم تـا ئەمن هاتم قەرار وابوو بەشدار بین‌و رەئی بە ئاغای رەجەوی بدەین. بەڵام ئێستە ـ من لـە تارانـێ بـووم کـە مەسعوودی رەجەوی حەزف کرا ـ کە ئاغای رەجەوەی لەگەردوونە خارج کرا، نازانم. گوتی رەئی بـەو کەسـە بدەن کە هەڵ دەبژێردرێ گوتم هیچ یەك لە کاندیداکان شتێکیان لە بەرنامەدا نیە کە ئێمە بیکەینـە دەلیلـی رەئی پێدانی؟ گوتی رەئی بەو کەسە بدەن کە هەڵ دەبژێردرێ ( کە ئەوە نەزەری مامە غەنییشە). بەڵام ئەوە نەزەرێکی باش نیە، حیزبێکی سیاسی کە ئوپۆرتۆنیسـت نـەبێ، رەئـی بەبەرنامەیـەك، بـە سیاسـەتێك بـە شتێکی ئاوا دەدا [بەڵام هی بەنی سەدر بۆ کورد ] هیچی تێدا نەبوو. قسەیەکی خـۆش دەگێڕنـەوە: ئاغـای "محەممەدی موکری"یش پێم وابێ یەکێك لە کاندیداکان بـوو، ئەگـەر لـەبیرمان بـێ، جـارێکی مـەرحوومی دوکتور سەعید [شەرەفکەندی ] لەگەڵ توودەییەکان باسـی کردبـوو لەسـەر محەممـەدی مـوکری. ئـەوانیش دیفاعیان لە "محەممەدی موکری" کردبوو. [چونکە سەفیری ئێران لە شوورەوی بـوو] ئـەویش رەدی کردبـۆوە. پاشان گوتبووی کوڕە بابە ئێوە ئیشتیبا دەکەن ئەوە سەفیری ئێرانێیە لە شوورەوی خۆ سەفیری شوورەوی لـە ئێرانێ نیە! ئێمە خۆ لە سەر ئەو مەبنایە رەئی بەو خەڵکە نادەین. لەسەر ئەو ئەساسـە رەئـی دەدەیـن کـە داخوا چی لە بەرنامەکەیدا هەیە. بەڵێ تەبەعیەت لە موجاهیدین نەبوو، بەڵام وەختێ کە بەرنامەکـەی وی شتێکی تێدا بوو، گوتمان رەئی پێدەدەین، لە پاشان کە حەزفیان کرد ئەوانی دیکە بۆ ئێمە وەك یەك بـوون، موهیمیش ئەوە نەبوو، کە کێ سەردەکەوێ، بۆیە وەك مەوزعێ رەئیمان بە هیچیان نەدا.

**پ: بەڕێز مامۆستا! لەو گۆڤارەدا بە شێوەیەکی زۆر تێکەڵو پێکەڵو موبهەم باسی هاتنی "آیت‌الله کرمانی" بۆ کوردستان کراوە، تکایە هۆی هاتنی ناوبراوو ئەو رووداوانەی کە لەو پێوەندیەدا لەگەڵ ناوبراوو مەسەلەی وتووێژدا هاتنە ئاراوە بۆمان روون بکەنەوە؟**

وەڵام: ئەوەش دیارە هەر بە قەولی تۆ لە هەمبانەکەی کاك غەنی بلووریان یا بڵێین لە مەرجەعی تەقلیدەکەی ئەوانەوە هەڵێنجراوە کە ئەوە باس دەکا. ئەمن لە پێشەوە دەبێ بڵێم زۆر سپاسی کاك غەنی بلووریان دەکەم لەسەر ئەو شەهادەتە تاریخی‌یەی کە بۆ منی داوە. لەگەڵ ئەوەی مەبەستی بەدناوکردنمە، نیشان دەدا کە ئەمن چۆن دیفاعم لە ئامانجی میللەتی کورد کردوەو ئەویش چۆن دیفاعی لە جمهووریی ئیسلامی کردوە. بۆمن ئەو شانازی‌یە بەسە کە مودافیعی ویست‌وداخوازەکانی گەلی خۆم بم، نەك مودافیعی حکوومەتێك کە میللەتەکەی منی ژێر دەست کردوەو سەرکوتی دەکا. بەڵام داستانی ئاغای کرمانی چ بوو؟ ئەو [غەنی بلووریان ] هێندێ قسەشی گوتوە، ئەمن خوێندومەتەوە، کە گوتوویەتی ئێوە وابستە بە عێراقن‌و ئێوە نۆکەری بێگانەن‌و ئێمە ئیعتمادمان پێتان نیەو . . . هیچ یەك لەو قسانە نەبووە لە ئەوەڵی ڕا تا ئاخری، غەیری چەند دەقیقەیەك (حدوودی ٤٠ دەقیقەیەك) لەگەڵ نەبووم دەنا لە سەرتاسەری دانیشتنەکاندا لەگەڵی دانیشتووم، یانی لە واقیعدا ئەمن بووم‌و دوکتور قاسملوو بووە لەگەڵ کاك غەنی بلووریان. رەنگە کەسی دیکەمان لەگەڵ بووبێ بەڵام ئەمن لەگەڵ ئەو ٣ کەسە لەگەڵی دانیشتم. ئاغای کرمانی بەحەدێ بە حوسنی‌نیەتەوە یانی بە تەزاهور بە حوسنی‌نیەتەوە هاتە پێشێ کە هەستا لەگەڵ دوکتور قاسملوو چوو لە تەلەفزیۆنی مەحەللیی مەهابادێ لەواقیعدا هەموو شتێکی بڕی‌یەوە، ئیعلامی کرد کە رێك کەوتوون‌و [وای نیشاندا ]خودموختاری، هەر ئەو بچێتەوە ئیعلان دەکرێ‌و هەموو شتێك تەواوە. بەڵام مەئموورییەتی ئاغای کرمانی چ بوو؟ ئاغای کرمانی نەهاتبوو موزاکەرە بکا، نەهاتبوو مەسەلەی کورد حەل بکا. دوو کەس پێم وابێ پاسدار بوون‌و خوشکەزای ئاغای "مووسەویی ئەردەبیلی" بوون، هاتبوو ئەوانە بەرێتەوە راست بۆ ئەوان هاتبوو، لە بەینی هەر دوو قسەو دوو قسەی دیکەدا دەیگوت با ئەو دوو کەسانە لەگەڵ خۆم بەرمەوە بۆ حوسنی‌نیەت باشە، راست بۆ ئەوانە هاتبوو. دوکتور قاسملووش دەیگوت نا، ئێمە وەك شتێك "ئەلحەمدولیللا" رێك کەوتووین، کە رێك کەوتووین جوان نیە بۆ جمهووریی ئیسلامی جیا لە هەموو ئەسیرەکان دوو ئەسیران بەرێتەوە کە خزمایەتییان لەگەڵ یەکێك لە مقاماتی دەوڵەتی هەیە! ئەوە جوان نیە، باشتر وایە هەموویان بە سەر یەکەوە بن، دوو رۆژ، سێ رۆژیش هیچ فەرقێ ناکا. [کرمانی] چۆوە مەرکەزی تەلەویزیۆن [ی مەهاباد]و خودموختاری‌یەکەی ڕاگەیاند!و هاتەوەو دووبارە گوتی وەڵڵا دوکتور با ئەوانە لەگەڵ خۆم بەرمەوە. دوکتور قاسملوو ڕاست بەم زمانە پێی گوت، گوتی: ئاغای ئایەتوڵڵا ـ ئەو

وەختە حوجەتولئیسلامیش بوو، نازانم ئێستە بۆتە ئایەتوڵڵا یان نا؟ بەڵام بە ئایەتوڵڵا ناوی برد ـ ئەوەی بە تۆیان گوتوە کە کوردەکان ساویلکەن ڕاستە، بەڵام ئیدی ئێمە ئەوەندەش ساویلکە نین. ئێمە دەزانین ئەتۆ ئەو دوو کوڕانە بەریەوە جارێکی دیکە بە کوردستاندا نایەوە. ڕاست بەو سەراحەتە پێی گوت [کە] مەئمووریەتی تۆ بردنەوەی ئەو دوو کوڕانەیە. [دیارە] ئەو دوو کوڕانەمان ئازاد نەکردن. بۆ ئاگاداری، ئەو دوو کوڕانە یەکێکیان لە بۆمبارانی زیندانی ئێمەدا لە لایەن عێراقەوە، کوژرا. ئەوی دیکەشیان دوایە لەگەڵ ژنی ڕفیقێکی حیزبی کە، چکارەش نەبوو (بێدیفاع بوو)، لەگەڵ ئەوەی کە حاملەش بوو گرتبوویان ـ شایەد هەر بۆ ئەوەشیان گرتبوو ـ لەگەڵ وی گۆڕایەوە، ئەویان ئازاد بوو. ئەوە هەموو داستانەکەیە، ئەو قسانەی کە [ئایەتوڵڵا کرمانی] وای گوتوەو هوجوومی کردوە [بۆ سەر حیزب] ئەسڵو ئەساسیی نیە. بەڵام ئەشەدوبیلا ڕاستە ئەو دیفاعەی کە لە داخوازییەکانی میللەتی کورد کراوە، بەڵێ بە دەرەجەی یەکەم حەتا لە دوکتور قاسملووی سەرێتر ئەمن دەمکرد. چونکی عادەتەن لەو موزاکەرانەدا دەبێ یەکێکی قسە تاڵو قسە ڕەق هەبێ، یەکێکیش هەبێ کە ئارامی کاتەوە، قسە ڕەقەکە کە ئەمن بووم.

**پ: بەڕێز مامۆستا! لەو گۆڤارەدا لە زمانی غەنی بلووریانەوە گوتراوە کە بۆچی کاتێ حیزبی دێموکراتو کاك دوکتور قاسملوو لە ئێراندا بوون یەك جاریش بە شێوەی ئاشکرا دژی ڕەفتاری "سەدام" دژی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێراندا هەڵوێستیان نەگرت. بۆچوونی بەڕێزتان لەو پێوەندییەدا چیە؟**

و: هیوادارم ئەوانە بێ خەبەر بن. چونکی ئەگەر [یەکێك] نەزانێ کە نەزانێ زۆر گوناح نیە، بەڵام ئەگەر بزانێو حەقیقەت بشارێتەوە، ئەو وەختە ئیدی موجریمە، نەزان نیە. لە سێ مەوریدا، مەوریدێکیان بۆمبارانی شیمیایی سەردەشتێ بوو، مەوریدێکیان بۆمبارانی شاری بانە بوو، مەوریدێکیان بۆمبارانی زیندانی ئێمە کە مەشهوور بوو بە زیندانی دۆڵە توو، (لە دێیەك بوو بە ناوی دۆڵە توو)، ئێمە بە قەولی مەشهوور بەیاننامەی شەدیدوللەحنمان دەر کردوە کە لە وێدا ئەو کارانەمان بە فاشیستی ناو بردوون. ئەمن لەبیرمە جارێك لەگەڵ دوکتور قاسملوو بە یەکەوە دەچووینەوە دەرێ. لە کەرکووکێ لامان دا. ئەو وەختە ئەمن مەسئوولی تەبلیغات بووم. لامان دا عێراقییەکان نەهاریان ساز کردبوو بۆ دوکتور قاسملوو، هەر کە وەژووری کەوتین، ئەو [دوکتور قاسملوو] دەیناسین، بەڵام ئەمن نەمدەناسین، ئەمنی ناساند گوتی: ئەوەش وەزیری تەبلیغاتی ئێمەیە. [کابرا] گوتی: بەیاننامەی "دۆڵە توێ" ئەوە نووسیویەتی؟ (ئەو بەیاننامەیەی کە لەوێدا حەملەمان پێکردبوون) گوتم: عەمەلیاتی "دۆڵە توێ" ئەتۆ جێبەجێت کردبوو؟ بە قەبری دوکتور قاسملووی دەقیقەن ئاوا بوو، ئێستا دانەنیشتووین، لە پاشان کە دانیشتین، دوکتور قاسملوو گوتی بەیاننامەی "دۆڵە توێ" ئەمن نووسیومە ـ نازانم ئەو نووسیبووی یا نا، [بەڵام] من نەم نووسیبوو چونکی ئەو وەختەی ئەمن هەر لە مەنتەقە نەبووم ـ بەڵام چۆن ئەتۆ حەق بە خۆت دەدەی زیندانی من بۆمباران کەی، پێشمەرگەم

بکوژی، زیندانییەك کە لە حەفازەتی من دایە بیکوژی، بەڵام حەق بە من نادەی مەحکوومی بکەم؟!
حیزبی دێموکرات ئەو جۆرە ڕەوابیتەی ڕەد دەکاتەوە. جا ئەگەر [ئەو جۆرە کەسانە] نەیان بیستبێ‌و
نازانن، ئێشەڵلا ئەوە لەو قسانەی ئێمەڕا دەزانن!

ئەگەر دەزانن‌و دەیشارنەوە ئیدی ئەوە جینایەتە لە دژی حەقیقەت.

**پ: بەڕێز مامۆستا! ئاغای "عزت الله سحابی" باسی وتووێژەکانی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کوردو رێژیم لە شاری سنە دەکات‌و دەڵێ کاتێ ڕۆیشتینە سنە دەنگی گوللەو دەسرێژ لە هەموو لایەکەوە دەبیسرا، "بەنیسەدر"و "رەفسەنجانی" ئیحتیاتیان دەکردو وەدەر نەدەکەوتن. بەڵام "تاڵەقانی" زۆر ئازاو بوێرانە لە نێو بارانی گوللەدا ڕەد دەبوو. ئەیانەوێ بڵێن کە کەش‌و هەوایەکی ئاوا تۆقێنەر بە سەر فەزاو کەش‌و هەوای گفتوگۆکاندا زاڵ بوو. ئایا وەها کەش‌و هەوایەك لە شاری سنەو لە کاتی وتووێژەکاندا حاکم بوو بە سەر فەزای کوللیی شارو وتووێژەکاندا؟**

و: مەبەست لەو وتووێژانە، ئەو وتووێژانەی بەینی هەیئەتی تایبەتیی دەوڵەت بۆ چارەسەری مەسەلەی کوردو هەیئەتی گەلی کورد، نیە. ئەوە باسی ئەو وەختەیە کە شەڕی سنەی بوو، نەورۆزی خوێناویی سنە، باسی ئە وەختەیە. لەو وەختەدا فەزایەکی سیاسی بە سەر وڵاتدا حاکم بوو، یا باشتر بڵێین فەزاییێکی ئیحساسی، زیاتر ئیحساسی بوو، لە دەوروبەری پادگانیش شەڕ بوو. بەڵام خەڵکێکی زۆر موسەللەح ببوو، سیلاحیان پێ بوو، وەختێك کۆبوونەوە لە جێیەکی دەبوو، لە ژورێ دەبوو، خەلکێکی زۆر دەهاتن لە مەیدانەکەی کۆ دەبوونەوە. تفەنگیشیان پێبوو، هەڵیان دەهێنا، بە دەست وایان لێ دەکردو نیشانیان دەدا، وەك ئەوە بڵێن ئێمە ئامادەین‌و دیفاع لە شتەکانمان دەکەین. بەڵام لە تەواوی ئەو ماوەیەدا لەگەڵ هەموو ڕێزم بۆ قسەکانی ئاغای "سەحابی"، لەو "محوطه"یەدا دەنگی یەك تفەنگیش نەبیسترا. یانی یەك تفەنگیش تەقەی لێ نەهات. [دیارە] لە پادگانەوە تەقە هەبوو، زۆر چاك گوێمان لێبوو، بە هێلیکۆپتێر بۆمبارانی دەکرد، تەنانەت هێلیکوپتێر لە نێو شاری سنەی دا، ئێمە لەوێ بووین کە هێلیکوپتێر لە شاری سنەیدا، کەسێکی کوشت یا نەی کوشت نازانم، بەڵام تەنانەت لە نێو شاری سنەشیدا، مورەتتەب هێلیکوپتێرەکان لە کاردا بوون، تەنانەت وەختێکیش لە ژووریدا دانیشتبووین موزاکیرە دەکرا، فانتۆمەکان هاتن دیواری سەوتیان شکاندو کەمێك فەزای کۆبوونەوەکەی ئاڵۆز کرد، بوو بە نارەحەتی. پێم وابێ لەوێشدا بەتایبەتی دوکتور برایمی یوونسی ئیشارەی پێدەکا، لەوێدا ئەوە هاتە پێشێ کە لەو وەختەیدا وەزیری کیشوەر قسەی دەکرد ئاغای "احمد صدر حاج سید جوادی"، بەڕەحمەت بێ مەرحوومی سەدیقی کەمانگەر، تووڕە

بووو دەستی کرد بە جنێودانو شوعار دانو [گوتی] ئێوە کۆنەپەرستنو چیو چیو میللەتی کورد بەوانە ناترسێو هتد. ئەو پیاوە (حاج سید جوادی) زۆر پیاوێکی مەتینو لە سەرخۆ بوو، گوتی: وەڵڵا زۆر موتەئەسیفم ئاغای کەمانگەر ـ وا دیار بوو کە دەیناسی ـ ئەتۆ پێت وایە ئەمن تەلەفوونم کردوە کە ڕاست لە وەختی قسەکانی خۆمدا تەیارە بێو دیواری سەوتی بشکێنێ؟! شتێکی ئاوا بوو، بەڵام لە نێو موحیتی موزاکەرەو شتەکەدا هیچ کەس تەقەی نەکرد.

**پ: بەڕێز مامۆستا! ئاغای سەحابی دەڵێ دوای ئەو هەموو کێشەو هەڵڵایە کە لە کوردستان ساز بوو، لەو هەلومەرجە سەختەدا خەڵخاڵی هاتو ٤٠، ٥٠ کەسی ئێعدام کردو کوردستان لە خامۆشیدا ڕۆچوو. تەنانەت چریکو پەیکارییەکانیش کارێکیان لە دەس نەدەهات، کەشو هەوایەکی ئەمنییەتی باڵی بە سەر ناوچەکەدا کێشا. بەڕێز مامۆستا! ئەو قسانەی سەحابی چەندە لەگەڵ بەرخۆدانی بیستو پێنج ساڵەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانو ئەو ڕووداوانەی کە لەو کاتەدا ڕوویاندا لە تەبایی دایە؟**

و: دیارە نازانم "موهەندیس سەحابی" بەڕاستی حەوادیسەکەی لە بیر چۆتەوە یا چۆنە ئەوەی دەڵێ! ئێعدامەکانی ئاغای خەڵخاڵی لەگەڵ هەموو دەڕەندەییەکەیو نائینسانی بوونەکەیدا، لە سەرەتاکانی هاتنە سەر کاری جمهووریی ئیسلامیدا بوون. ئەوەی کە مەربووتە بە چریکو پەیکار، بەتایبەتی پەیکار مەوجوودییەتێکی نەبوو، چەن کەسێکی زیاتر نەبوو لە کوردستاندا. چریکەکان کەمێك زیاتر بوون کە ئەوانیش دیار بوو نەقشی سێو چواریان هەبوو. چونکی ڕێکخراوی چریکەکان لە کوردستانیشدا ئەوەندە ڕێکخراوێکی موئەسیرو بەربڵاو نەبوو. دەمێنێتەوە هێزەکانی دیکەی ئەو بزووتنەوەیە بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کردستان هەر چی لە کوردستاندا گوزەراوە لە مقاوەمەتو لە فیداکاریو لە قوربانیدانو ئەوە هەمووی بە دوای [ئێعدامەکانی خەڵخاڵی]دا بوو. بە هیچ جۆر جینایەتەکانی خەڵخاڵی نەیانتوانی ئیرادەی خەڵکی تێك بشکێنن یا خەڵکی چاوترسێن بکەن. ئەو هەموو مقاوەمەتە، حەتا ئەوەی کە لە شەڕی سێ مانگەدا باسمان کرد هەمووی لە دوای جینایەتەکانی خەڵخاڵی بوو. ئەوەی کە جمهووریی ئیسلامیی وا لێ کرد دەس هەڵێنێ، [ ئەو مقاوەمەتە بوو] نەوەڵڵا ئەوە بە هیچ جۆر، هیچ تەئسیری لە چاوترسێن کردنی خەڵکدا نەبوو. بەڵام مەعلوومە خەڵك پێیان ناخۆشە کوڕی خۆیان بکوژرێ، خەڵك حەتمەن پێیان ناخۆشە، ئەو شتێکی دیکەیە.

**پ: بەڕێز مامۆستا! هاوکات لەگەڵ ئەم دیمانەیە کە لەگەڵ بەڕێزتاندا ئەنجام دەدرێ، بزووتنەوەی خوێندکاری هەنگاوێکی نوێی ناوە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا. بەڕێزتان ئەو بزووتنەوەیە کە توانیویەتی ئینسیدادی سیاسی لە ئێراندا تێپەر بکا لەم قۆناغە نوێیەدا چۆن لێك دەدەنەوەو هەڵ دەسەنگێنن؟**

و: ئەم پرسیارە هەر چەند مەربووت بە باسە ئەسلییەكە نیە، بەڵام بەجێ بوو. ئەمن دەڵێم: سڵاو لە خوێندكاران، سڵاو لە موقاوەمەتیان، سڵاو لە ڕۆحیەیان، سڵاو لە بیداریو لە هۆشیارییەكەیان. ئەتۆ باسی ئینسیدادی سیاسیت كرد، ئینسیدادی سیاسی ئێستەش هەر هەیە، بەڵام ئینسیدادی سیاسی لە مێژە شكاوە لە ئێراندا، ڕاست بە هیمەتی ئەو لاوانەو لە نێو لاوەكانیشدا بەتایبەتی كوڕانو كچانی خوێندكار. خوێندكاران لە تاریخی خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵكی ئێرانیدا هەمیشە نەقشی پێش ئاهەنگیان بووە، هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەی خەباتدا بوون. ئەمن ئارەزووی سەركەوتنیان بۆ دەكەم. داوای من ئەوەیە لە دوو بواردا ئەو بزووتنەوەیە پەرە بستێنێ. یەكەم ئەوەیە كە دانیشگای تارانێ بە تەنێ بە جێ نەمێنێ، هەموو دانیشگاكانی ئێرانێ بگرێتەوە لە هەموو جێیەكی ئێرانێ. دووهەم، ئەوە كە خوێندكاران بە تەنێ بەجێ نەهێڵن. خوێندكاران كێن؟ كوڕی ئەو خەڵكەن، كچی ئەو خەڵكەن. نابێ ئەوانە بە تەنێ بن، پاشان خوێندكاران ئێستە بوونە زمانی هەموو میللەتی ئێران، خوێندكاران ڕاستە بە ناوی موخالیفەت لەگەڵ "خصوصی سازی"ی دانیشگاكان ئەو ڕاپەرینەی ئێستایان دەس پێكرد، بەڵام ئەوان داوای ئازادیی هەموو خەڵكی ئێرانێ دەكەن، داوای گۆڕینی ڕێژیم دەكەن، مەرگ بەر ئەم ئەو دەڵێن. كەوا بێ قسەی دڵی هەموو خەڵكی ئێرانێ دەكەن. وەزیفەی هەموو خەڵكی ئێرانە پشتیان بگرێ. ئەمن نەك هەر ئارەزووی سەركەوتنیان بۆ دەخوازم هەر لەجێدا ئومێدیشم بە سەركەوتنیان هەیە. ئەمن پێم وایە جارێكی دیكە خوێندكاران دەبنە پێشەنگی ئازادیو، ئاڵای ئازادی لە سەرتاسەری دانیشگاكانی ئێرانێدا بە دەستی بەتوانای خوێندكاران هەڵ دەكرێو سڵاوێكی دیكە، ماچ كردنێكو ڕێزێكو خۆشەویستییەكی دیكەو گوڵبارانێك بۆ خوێندكاران.

**پ: بەڕێز مامۆستا! زۆر سپاستان دەكەین كە ئەو دەرفەتەت بۆ ڕەخساندین كە ئەم دیمانەیەت لەگەڵ ئەنجام بدەین. ئێمە پرسیارێكی ئەوتۆمان نەماوە. ئەگەر بەڕێزتان تێبینییەك یا ڕوونكردنەوەیەكتان هەیە تكایە بفەرموون؟**

و: ئەمن سپاسی ئێوە دەكەم كە ئەو دەرفەتەتان پێك هێنا كە هێندێك قسە بكەین. واقیعییەت ئەوەیە كە ئەگەر بمانویستایە لە سەر ئەو شتانەی كە لەو ژمارە تایبەتییەی گۆڤاری "چشم انداز"دا هاتوون، بە تەواوی قسە بكەین دەبوو مەجەللەیەك بە قەد خۆی دەر بكەین. چونكی زۆر قسە هەڵ دەگرێ. بەڵام بە هەر سووڕەت، هیوادارم ئەو [وتووێژە] هەر چەند زۆریش كورت نەبوو، بەڵام ئەو شتە كورتە تا ئەندازەیەك موفید بێ بۆ ئەوە. ئەمن غەیری ئارەزووی تەوفیق بۆ ئێوە، ئارەزووی تەوفیق بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵكی ئێرانێ كە لە واقیعدا ئەوەی لەو مەجەللەیەشدا هاتوە هەر

محاولەیەکە بۆ تەگەرە دروست کردن لە سەر ڕێی ئەو بزووتنەوەیە، شتێکی دیکەم نیەو هیوادارم ڕۆژێک حەقیقەت بۆ هەمووان ڕوون بێتەوەو خەڵکی ئێرانیّ ئەو حەقیقەتە تیّ بگا کە بە تایبەتی میللەتی کورد یەکێك لە وەفادارترین میللەتانی ئێرانیّیە، بۆ خۆشبەختیو سەعادەتی ئێرانیّو بۆ تەمامییەتی ئەرزیی ئێرانیّ، بەڵام ئێرانێکی کە هی هەموو ئێرانییەکانە نەك ئێرانێك کە عیددەیەك ئاخوند بە ناوی خوداو بە بوختان کردن بە دینو مەزهەبو خوداوە، حکوومەتی بە سەردا بکەن. ئەمن سپاست دەکەمو سڵاویش بۆ هەموو ئەوانە کە ئەو وتووێژەیان بە جۆرێك لە جۆران دەکەوێتە بەر نەزەر، چ بە نووسین بیّ چ بە گویّ گرتن لە ڕادیۆ بیّ چ ئیحتیمالەن بە کاسێت دەیبینن.

**زۆر سوپاس**